**بەلایەنی کەم دەبێت نیوەی ئەقڵ لە نێرەوە بکرێتە مێ، ئەگینا ناتوانین باس لە ئەدەبی ژن بکەین**

**گفتوگۆ لەگەڵ کاروان عومەر کاکەسووری چیرۆکنووسدا**
**سازدانی: گۆران هەڵەبجەیی**

جیهانی چیرۆکی هونەری، جیهانێکی پڕ ئەفسوون و خەیاڵ و فەنتازیایە. جیهانێکە ئەگەر لە شتێکدا لە جیهانی ڕاستەقینەی خۆمان بچێت، ئەوا لە دەیان شتدا جیاوازە. هەر ئەو جیاوازییانەشن سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشن. بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت، پەلکێشی نێو قووڵایی خۆیانی دەکەن. چیرۆکنووسی لێهاتوو و داهێنەریش لە توانایدایە لە ڕێگای کەرەستەکانی خەیاڵ و فەنتازیادا پەی بە وردەکاری و جوانییەکانی ناخی کارەکتەر ببات و خوێنەر بخاتە حاڵەتی سەرسوڕمانەوە. وای لێبکات لەگەڵیدا بەدوای نهێنییەکاندا بگەڕێت.
هەر لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین ئاماژە بە «کاروان کاکەسوور» بکەین، کە لەنێو دنیای چیرۆکی کوردیدا ناوێکی دیار و بەرچاوە و پانتاییەکی تایبەت بەخۆی داگیر کردووە. وەکو ڕەخنەگران دەڵێن بە تەکنیکی نوێ و بە زمانێکی سیحری دەیان پرسیار لای خوێنەر دەوروژێنێت. «بەختیار عەلی» دەڵێت ئەوەی لای ئەو چیرۆکنووسە سەرنج ڕادەکێشێت، ڕۆشنبیرییەکی قووڵە، کە لە پشت کارەکتەرەکانەوە هەستی پێدەکەین. چیرۆکەکانی «کاروان کاکەسوور» چێژێکی تایبەتیان هەیە و لێوالێون لە فەنتازیا و مانای قووڵ و ناوەرۆکی بەهێز.
سەرەڕای هەموو ئەمانە «کاروان کاکەسوور» بە دامەزرێنەری ئەدەبی بیۆگرافیا دادەنرێت، بەوەی یەکەمین نووسەری کوردە لە کتێبی «منداڵییم ئاسکێک بوو بەسەر پەلکەزێڕینەکاندا بازبازێنی دەکرد»دا ژیاننامەی خۆی و خەڵکانی دیکەی تێکەڵی خەون و خەیاڵ کردووە و بەشێوازێکی سەیر و بە زمانێکی ئەفسووناوی دەیانگێڕێتەوە. ژیانی «کاروان کاکەسوور» بەڕادەیەک تێکەڵی ژیانی کارەکتەر و ڕووداوە سەیروسەمەرەکان بووە، کە هەندێک لەوانەی لەبارەی بەرهەمەکانیەوە نووسیویانە، دەپرسن ئاخۆ تۆ بڵێی کەسێک بەو ناوە بوونی هەبێت، یاخود ئەویش یەکێکە لە کارەکتەری ئەو چیرۆکە فانتازییانە، کە لەناخی خۆیاندا دەیان هەستی دژ بەیەکیان هەڵگرتووە. ئێمە بۆ قووڵکردنەوەی ئەو پرسیارە، بەچاکمان زانی ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵدا بکەین:

ـ کەی زانیت تۆ چیرۆکنووسیت. یاخود کەی لە ڕووت هات یەکەمین چیرۆکی خۆت پیشانی کەسێکی تر بدەیت؟!

* ئاسان نییە نووسەر یەکەمین نووسینی خۆی بیر بکەوێتەوە، چونکە هیچ تێکستێک لەو شوێنەوە دەست پێناکات، کە لەسەر لاپەڕەکاندا دوا فۆرمی خۆی وەردەگرێت، بەڵکو پێشتر زنجیرەیەک ڕووداوی پچڕ پچڕ لە خەیاڵدا هەن، کە لە کۆنتێکستی زەمەنیی جیاواز جیاوازدا سەریان هەڵداوە. هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر وابزانین چیرۆکنووس لەو کاتەوە، کە یەکەمین چیرۆکی دەنووسێت، پێ دەخاتە ناو دنیای نووسینەوە. ئایا تۆ بە منداڵی

بەرامبەر بە مافوورێکی قەد دیوار دانەنیشتوویت و چاوت بە نەخشەکانیدا نەگێڕاوە؟ ڕەنگە دەیان خەیاڵی سەیر سەیرت بۆ هاتبێت. کێ دەڵێ خوشکەکەت یان برایەکەت وەکو تۆ ئەو نەخشانەیان خوێندۆتەوە. هەر ئەو جیاوازییە خۆی چیرۆکێکی سەربەخۆیە و ڕۆژگارێ بەبێ ئەوەی بەخۆت بزانیت لە دنیای نووسینی تۆدا سەر هەڵدەداتەوە. ئایا تۆ چەند جار بە منداڵی، بەبێ ئەوەی بزانیت چیرۆک چییە و تەکنیک چییە، خەونێکت بۆ دایکت گێڕاوەتەوە و لەبەر کۆمەڵێک هۆ دەسکاریی ڕووداوەکانت کردووە. کێ دەڵێ ئەو کاتە تۆ ڕۆڵی چیرۆکنووسێکی چاکت نەدیوە. با، تۆ چیرۆکنووسێکی زۆر لێهاتوو بوویت، چونکە نەک واقیع، بگرە خەونیشت بەشێوەیەکی دیکە گێڕاوەتەوە. واتە نووسین گواستنەوەی بەشێکی ئەو هەستانەیە لە نەبینراوەوە بۆ ئاستی بینین. بەهەر حاڵ من یەکەمین چیرۆکم لە ساڵی هەشتاوپێنج نووسیوە، کە ئەوسا قوتابیی قۆناغی ئامادەیی بووم، بەڵام پێشتر دەیانم بەنیوەچڵی جێهێشتووە. پێش ساڵی نەوەدوچواریش هیچ شتێکم بڵاونەکردۆتەوە. یەکەم چیرۆکم، کە لە ڕووم هاتبێت پیشانی خەڵکی بدەم، پیشانی مامۆستا «ئەسغەر تاڵیب مەجید»م داوە، بەڕێوەبەری ئەوسای قوتابخانەی «دواناوەندیی ڕزگاریی کوڕان». لە پۆلی پێنجەم زمان و ئەدەبی کوردیی پێ دەوتین. لە تاقیکردنەوە دارشتنێکم نووسی، ئەو وایزانی کۆپیم کردووە. لێی پرسیم کێ بۆی نووسیوم؟ وتم خۆم. باوەڕی نەکرد، چونکە بەڕاستی قوتابییەکی زۆر بزێو بووم. نەدەچووە ئەقڵی کەسەوە هیچ پەیوەندییەکم بە خوێندنەوە و نووسینەوە هەبێت. گرووپێکی ئاژاوەچی بووین، هەتا بۆمان بکرابووایە ئەتمۆسفێری پڕ لە دیسیپلینی قوتابخانە و پۆلمان بۆ ئەتمۆسفێرێکی پڕ لە کۆمیدیا و گاڵتەجاڕی دەگۆڕی. زۆر جار سزاش دەدراین. کە من هەر سوور بووم لەسەر ئەوەی خۆم نووسیومە، ئەو پێی وتم ئەگەر ڕاست بێت، ئەوا ئایندەیەکی باشم لە بواری ئەدەبدا هەیە. لە پۆلی شەشەم چیرۆکێکم نووسی و بۆم هێنا. هەر لەوێ خوێندیەوە. هەستایەوە و دەستی کردە ملم. پێی وتم وەکو سەرەتا زۆر بەلایەوە جوانە. دڵخۆش بووم، کە یەک دوو ڕستەی لەبەرخۆیەوە وتەوە. ئەمەش ئەوەی دەگەیاند، کە ئەو ڕستانە سەرنجڕاکێشن. ئینجا پێی وتم باوەڕی وایە چیرۆکی زۆر لەوە چاکتر بنووسم. ئەو چیرۆکە، کە ناوی «خولەکانی فێرکردن»ە، باس لە کوڕێکی عەرەب دەکات. دامودەزگاکان دەیانەوێ لە کەسێکی پاکەوە بیکەنە مرۆڤێکی دڕندە. دەینێرنە کوردستان بەو مەبەستەی تەقە لەو قوتابییانە بکات، کە نیازیان وایە خۆپیشاندان ساز بکەن، بەڵام ئەو لەو کارەی سەرکەوتوو نابێت. ئەو ئافەرینەی مامۆستا «ئەسغەر تالب مەجید» وایلێکردم هەر ئەوسا چیرۆکێکی دیکەیش بەناوی «مانگا» بنووسم. ئەوەیانی زیاتر بەدڵ بوو. پێش ئەوەش «هۆشەنگ وەزیری»ی هاوڕێێ منداڵییم، کە دراوسێش بووین، هەر شتێکی دەنووسی، داوای لە من دەکرد بۆی هەڵسەنگێنم. لە بیرمە ساڵی هەشتاوسێ لەبارەی چیرۆکێکی ئەوەوە سیودوو تێبینییم بە ژمارە نووسی بوو. ئەمەش لای من بۆ خۆی ئەزموونێکی سادەیە، بەڵام بەسوودە. لە زانکۆش چیرۆکی خۆمم پیشانی زۆر لە هاوڕێیان داوە لەوانە «عەزیز حەسەن مەولان»، کە خوێنەرێکی زۆر چاک بوو.

ـ کەواتە تۆ تا لە کوردستان بوویت، هیچ بەرهەمێکت بڵاونەکردبووەوە. ئایا مەنفا وغوربەت بە چ ئاڕاستەیەکدا کاریان کردۆتە سەر نووسینی تۆ؟

* ڕۆمانێکم هەیە بەناوی «مامزێر»، کە بە زمانی عیبری واتە «زۆڵ». ئەو ڕۆمانەم تا ئێستا بڵاونەکردۆتەوە، بەڵام چەند هاوڕێیەکی نزیکی خۆم خوێندوویانەتەوە. یەکێ لە کارەکتەرەکانی ئەو ڕۆمانە ژنێکە و ناوی «بیبی کەناری»یە، پێی وایە ئەوە شوێنەکانن لەناو ئێمەدان، نەک ئێمەین لەناو شوێنەکاندا، بۆیە شتێک نییە بەناوی جێهێشتن و گەیشتن، بەڵکو ئەوەی هەیە هەوڵدانە بۆ ڕزگاربوون لە ڕووتی. بابەتی ئەو ڕۆمانە باس لە پەیوەندیی

نێوان ڕووتی و پۆشین دەکات. «بیبی کەناری» پێی وایە وەکو چۆن مەحاڵە بپۆشرێن، بەهەمان شێوەیش مەحاڵە بگەین بە شوێنێکی تر. نەخێر، ئێمە لە دەرەوە نین، بەڵکو لەناو خۆماندایین. من تا ئێستاش باوەڕم نییە گەرەکی سەیداوەی هەولێرم جێهێشتبێت. ئەمڕۆ من لە شارێکدام بەوە ناسراوە، کە دارستانێکی چڕ دایپۆشیوە، کەچی هەستی پێ ناکەم، بەڵام ئەو دوو دارەی «دارا» لە ئەلفوبێی پۆلی یەکەم لێی دەڕوانێت، لەبەرچاوم ون نابێت. بەهەر حاڵ ئەگەر باوەڕمان بەوە هێنا، کە شوێنێک هەیە بەناوی مەنفا، ئەوا دەبێت بزانین ئەدەبێکیش هەیە بەناوی مەنفا. دەتوانین لە چاوترووکانێکدا ناوی دەیان داهێنەری وەکو دانتی، جۆزیف کۆنراد، جیمس جۆیس و مارکیز بیر خۆمان بهێنینەوە. مەنفا لای منیش وەکو زۆر لە نووسەرانی نەوەی خۆم پەیوەندیی بە مێژووەوە هەیە، نەک بە جۆگرافیاوە. ئەوەی بۆ من جێگای سەرسوڕمان و پرسیارە، کاتە، نەک شوێن. ئەوەی لە گۆڕینی جۆگرافیادا لای من گۆڕابێت، هەر ئەوەیە هەست دەکەم کات بەخێراییەکی لەڕادەبەر تێدەپەڕێت، کە ناکرێت بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ جارانی بەراورد بکەم. جاران ئێمە لە سەردەمی ئەنفال و ڕاوناندا لەناو مەرگدا بەدوای ژیاندا دەگەڕاین، بەڵام ئێستا پیری و مەرگ ڕێگامان نادەن بیر لەو ڕۆژگارانە بکەینەوە، کە بەدوای ژیاندا دەگەڕاین.

ـ ئێمەش هەر لە خەیاڵمانە پرسیارێکت لەبارەی کاتەوە لێ بکەین، چونکە ئەوەی چیرۆکی تۆ بخوێنێتەوە، یەکسەر هەست دەکات تۆ شەڕێکی گەورەت لەگەڵ کاتدا کردووە. دەتەوێت بەقەدەر ئەوەی کات فێڵ لە تۆ دەکات، تۆش دوو ئەوەندە فێڵ لەو بکەیت. ئایا هەر ئەو فێڵانەن، کە زۆر جار سەر لە خوێنەرەکانت دەشێوێنن و ناهێڵن بەچاکی لە ناوەڕۆکی چیرۆکەکە تێبگەن؟

* ڕاستیت دەوێت کات لە شێوەی دەرەوەیدا بۆ من گرینگ نییە. من هەقم بە سەر ئەوەدا نییە بەچەند سەعات لە فڕۆکەخانەی کۆبنهاگنەوە دەگەمە یەکێ لە فڕۆکەخانەکانی کوردستان، بەڵکو دەمەوێت بزانم کاتێک یەکێک لەو نەفەرانە، کە لەناو ڕاڕەوی فڕۆکەکەدا هەنگاو دەنێت، خێراییەکەی چۆن حیساب دەکرێت. ئایا خێرایی ئەو هەنگاوانە، هەمان خێراییە، کە لەسەر زەوییدا هەیانە؟ یان بەتەنیا خێرایی فڕۆکەکە هەیە و هەنگاوەکان جێگیرن؟ یان ئەو دووانەش نین، بەڵکو خێرایی هەنگاوەکان و هی فڕۆکەکە کۆ دەکرێنەوە؟ ئەو پرسیارانە فیزیاییین و بە خەیاڵی زۆر کەسدا هاتوون، بەڵام من هەر وەک چیرۆکنووسێک بیریان لێدەکەمەوە. وانەزانی من هیچ لە فیزیا دەزانم. من تەمەڵترین قوتابیی فیزیا و کیما و ماتماتیک بووم. بەهەزار ئەملا و ئەولا دەرچووم. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا چیرۆکنووس، کە مامەڵە لەگەڵ کاتدا دەکات، بەتەنیا پشت بە فیزیا نابەستێت، بەڵکو تێڕوانینی سەربەخۆی خۆیشی بۆ کات زۆر لەوە پێویستترە. دیارە ناڵێم گرینگ نییە چیرۆکنووس بزانێت «جووڵەی براون»ی «ڕۆبێرت براون» چییە و جووڵە لای «نیوتن» و «جیمس کلێرک ماکسوێل» چۆن لێکدراوەتەوە. یان «ئەنیشتان» چۆن تیۆری ڕێژەیی دارشتووە، بەڵام دەڵێم لەوانە گرینگتر ئەوەیە، کە چەند ڕووبەری بەپیت لەسەر ئەو کاتە دەدۆزێتەوە، بەو مەبەستەی بتوانێت ڕووداوی لەسەر بڕوێنێت. ئەوە تێڕوانینێکی جۆگرافیانەیە. من لە ڕاستییشدا لە جۆگرافیا زۆر خراپم. لە چاوپێکەوتێکم لە گۆڤاری «ڕامان»دا باسی ئەوەم کردووە، کە بۆچی من شوێنەکان نادۆزمەوە. ئەوەش هەر پەیوەندیی بە کاتەوە هەیە. من وەکو وتم کات لای من ئەوەندە پرسیارێکی ئاڵۆزە، وای لێکردووم هەست نەکەم لەناو شوێندا ماوم. ئەنیشتاین پێی وایە کات و شوێن چ لای ئەو کەسەی لێی دەڕوانێت و چ ئەو شوێنەی لێوەی دەڕوانرێت، ڕێژەیین. ناکرێت لەوە تێبگەین، کە خێرایی ڕووناکی چەندە. پەیوەندییەکی دیکەش لەنێوان کات و قەبارەدا هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە هەتا خێرایی زیاتر بێت، قەبارەی شتەکان بچووکتر دێنە بەرچاو. وەک چۆن شەمەندەفەرێک کاتێ بەخێرایی تێدەپەڕێت، زۆر

بچووکتر لە قەبارەی خۆی دەبیندرێت. هەتا ئەو خێراییەش زیاتر بێت، شتەکان زیاتر بەنارۆشەنی دەبیندرێن. تۆ دەتوانی لە سەربانی ماڵی خۆتانەوە هاورێیەکەت ببینیت، کاتێ بە ئۆتۆمۆبیل بەسەر جادەکەدا تێدەپەڕێت، بەڵام ناکرێت لە چەند تارماییەک زیاتر لەناو ئەو شەمەندەفەرەدا ببینیت، کە بەو خێراییەی خۆی بەتەنیشتدا تێدەپەڕێت. بەڵێ، من شتەکان بە نارۆشەنی دەبینم بەتایبەتی ئەو شتانەی لە قۆناغی گەورەیی کەوتوونەتە بەرچاوم. هەر لەبەرئەوەیە دوور لە خواستی خۆم من شوێنەکانم بەشێوەیەکی جیاواز خوڵقاندۆتەوە، هەتا ئەو شوێنانەیش، کە بەڕاستی و لە واقیعدا هەن و ناوەکانیشیانم وەکو خۆیان نووسیوەتەوە. وەکو ڕۆماننووسی میسری «جەمال ئەلغیتانی» دەڵێت ئەگەر بەچاوی سۆفییەکان سەیری کات و شوێن بکەین، دەبینین هەردووکیان هەمان شتن. کات شوێنێکی شلە و شوێن کاتێکی خەستە. تۆ نازانی من چەند ئەو تێڕوانینەم بەلاوە جوانە. ئێمە بەڵگەیەکمان نییە، کە پیشانی بدات «مارسێل پرۆست»، کاتێ ڕۆمانی «گەڕان بەدوای کاتی ونبوودا»ی نووسیوە، هیچی لەبارەی فیزیاوە خوێندبێتەوە، بەڵام تێڕوانینی «مارسێل پرۆست» بۆ کات هیچی لە تێڕوانینی «نیوتن» و «ئەنیشتاین» کەمتر نییە. «مارسێل پرۆست» بەشێکی زۆری بیرۆکەکانی لە تەورات وەرگرتووە وەکو مەسەلەی «سادووم» و «عامورا»، ئەو دوو مەملەکەتەی، کە ڕۆژگارێک نغرۆ بوون و ئاسەواریان نەماوە. نووسەرانی وەکو «فۆکنەر» و «جێمس جویس» «فرجینا وۆلف» هەر ڕووداوێکیان وەکو تەختەی سەهۆڵ کردۆتە هەزاران پارچە. بەو کارەشیان هەموو ماناکانی کاتیان گۆڕیوە. «سەلڤادۆر دالی» هەمان شتی لە تابلۆکانیدا کردووە. بەڕاست ئێمە باسی ئەو فرۆکەیەمان دەکرد، کە لە کۆبنهاگنەوە بەرەو یەکێک لە فرۆکەخانەکانی کوردستان بەڕێکەوتووە. تکایە ئەگەر هەر کارەکتەرێکی چیرۆکەکانم لەو فرۆکەیە دابەزی، نەکەی پێی بڵێی وەسفی ناو فرۆکەکەت بۆ بکات، چونکە نایزانێت. لای ئەوان سەفەر بەشێوەیەکی دیکەی تەواو جیاوازە. نە دەستپێکردن هەیە و نە کۆتایی. نە بەڕێکەوتن و نە گەیشتن.

ـ باشە وەک چیرۆکنووسێک چەند ئیرادەی خۆت بەسەر ئەو کارەکتەرانەتدا زاڵە. ئایا ئەوە تۆی لە هەوڵی ئەوە دایت کات و شوێنێکی دیکەی تایبەت بەخۆت دروست بکەیت، یان مەسەلەکە تەنها هونەری چیرۆکنووسینە، کە ئەو تەکنیکانە دەخوازێت؟

* دەتوانم بڵێم هەردووکیانن پێکەوە. حاڵەتێک هەیە لە سایکۆلۆجیا بە ئاوتیسم ناسراوە. ئەو حاڵەتە وا دەکات مرۆڤ لەناو خودی خۆیدا بژی. شتەکان لە واقیعەوە بەرەو ناو خودی خۆی بگوازێتەوە و لەوێ لێیان بڕوانێت. هەر لەبەرئەوەیە ئەو شتانە شێواون. ئەوەی کتێبی «منداڵییم ئاسکێک بوو بەسەر پەلکەزێرینەکاندا بازبازێنی دەکرد»ی منی خوێندبێتەوە، دەزانێت، کە ئەو حاڵەتە لە قۆناغی منداڵی لە مندا هەبووە و لە قۆناغی گەورەییشدا کاریگەریی بەسەرمەوە ماوە. ئەوە زیاتر هونەرمەندانی شێوەکاری پەنای بۆ دەبەن، بەڵام من لە چیرۆکدا بەکارم هێناوە. «سەلڤادۆر دالی» و «مارک شاگال» و زۆری دیکە بەشێوەی جیاواز جیاواز ئەو حاڵەتەیان لە تابلۆکانیاندا تەوزیف کردووە. ئەوانەی تووشی ئەو حاڵەتە دەبن، پەنا دەبەنە بەر ورێنە و هەلوسە و ئیلووشیەن. چ کات و چ شوێنی دەرەوە ئەوە گرینگیەی لایان نامێنێت، بەڵکو خۆیان کات و شوێنی دیکە لەناو خودی خۆیاندا دەخوڵقێنن. ئەو کەسەی حاڵەتی هەڵوسە، یاخود هەڵوسێیشنی لەگەڵدایە، ئەوا هەموو هەستەکانی تامکردن و بیستن و بینینی دەگۆڕێن. شتەکان بەشێوەیەکی جیاواز دەبینێت. دەنگەکان بەشێوەیەکی جیاواز دەبیستێت. تامی خواردنیش لای ئەو بەشێوەیەکی جیاوازە. بەڵام حاڵەتی ئیلووشیەن هەندێک جیاوازە. لێرەدا کەسەکە وەکو سەراب شتی دێتە بەرچاو. یان شتەکانی لەبەرچاودا دەگۆڕێن. لەوانەیە قازێکی لێ ببێتە فیلێک. وەکو چۆن «سەلڤادۆر دالی» لە تابلۆیەکیدا، سێبەری قازەکانی لەناو ئاودا کردۆتە

چەند فیلێک. تابلۆیەکەشی هەر وا ناوناوە. ئەو کەسە هەر لە خۆیەوە کۆمەڵێک دەنگ دەبیستێت، یان لە گوێچکەیدا دەزرینگێنەوە. من لە ڕۆمانی «ئای لەڤیلیا لەڤیلیا»دا بەکارم هێناوە. زۆر جار ڕووداوەکان بەیەکەوە پەیوەست نیین، یان زۆر بەزەحمەت دەتوانی پێکەوەیان ببەستیتەوە. لە ڕۆماندا «فرجینا وۆلف» و «جێمس جویس» و «ولیەم فۆکنەر» دایانهێناوە و «ئالان ڕۆب گریێ» و نووسەرانی دیکەی ڕۆمانی نوێ گەشەیان پێ داوە. من بەلامەوە سەیرە کاتێک ڕۆمانێکی کوردی دەخوێنمەوە، لەمسەری دەچمە ئەوسەری و کات هیچ ناموەستێنێت. ڕووداوەکان وەکو زنجیرەیەک پێکەوە بەستراون. بەڵام لەوەش سەیرتر ئەو هەموو نووسینانەن، کە لەم ڕۆژنامە و لەو گۆڤاردا لەبارەی ئەو ڕۆمانەوە دەیانخوێنینەوە. ئەوانەم وەک ئەو زنجیرە تەلەفزیۆنیانە دێنە بەرچاو، کە لە ئەمەریکا بەمەبەستی بازرگانی دەریاندەهێنن. ئەوانە گوایە کۆمیدیین، بەڵام تۆ تەنها بەو قاقای پێکەنینە دەستکردەی دوای هەمووو قسەیەکیان لێدەدرێتەوە، دەزانی ئەوانە کۆمیدیین، ئەگینا هیچ پەیوەندییەکیان بە کۆمیدیاوە نییە. لای خۆشمان ئەگەر ئەو هەموو پیاهەڵدانە نەبێت، تۆ زەحمەتە بزانی ئەوە ڕۆمانە و ڕۆمانێکی چاکیشە. من زۆر خۆشحاڵ دەبم کاتێ دەزانم هەموو خوێنەرێک لە چیرۆکەکانی من تێناگات، چونکە نامەوێت بەئاسانی لێم تێبگات. ئەوە هەر پەیوەندیی بەو تێڕوانینەی خۆمەوە هەیە، کە لەبارەی کاتەوە هەمە. لەگەڵ ئەوەشدا کەسانێک بەچاکی لێیان تێگەیشتوون و لێشیان کۆڵیونەتەوە. وەک پێشتر وتم کارەکتەرەکانی من تووشی حاڵەتی ئاوتیسم بوون و دنیا بەشێوەیەکی جیاواز دەبینن. ورێنە و هەڵوەسە و ئیلووشیەن تەکنیکن و من بەوریاییەوە بەکاریاندەهێنم. نووسەرێک نەزانێت دابەشکردنی رووداو چییە. نەزانێت لە کوێ ڕووداوێک دەبێت بگێڕدرێتەوە و لە کوێ تێکەڵی ڕووداوێکی دیکە ببێت و چۆن جارێکی دیکە و بەشێوەیەکی جیاواز لە کاتێکی دیکەدا سەرهەڵبداتەوە، من ناهەقی ناگرم، ئەگەر بێجگە لەو چیرۆکانەی بە شێوازی گێڕانەوەی ئاسایی نووسراون، لە هیچ چیرۆک و ڕۆمانێکی دیکە تێبگات.

ـ زۆر جار لە بەهرەمەندێک دەپرسن: ئایا لە چ ئاستێکدا خۆت دەبینیتەوە و تا چەند لە خۆت ڕازییت. ئێمە ئەو پرسیارە بەلایەکی دیکەدا دەبەین و لەژێر ڕۆشنایی ئەو مەسەلەی خێرا تێپەڕبوونی کاتەدا، دەپرسین کاتێ تۆ لەناو ئەو هەمووو سەرسامییەدا چیرۆکێکی نوێ دەنووسیت، هەست دەکەیت، تۆ پێشتر چیرۆکی دیکەت نووسیوە، یان وادەزانیت لە سەرەتاوە دەستت پێکردۆتەوە؟

* تۆ کاتێک دەتەوێت نووسەرێکی ئەزموونگەر بیت و بەدوای نهێنیی زیاتردا بگەڕێیت، ئەوا پێش هەموو شتێک خۆت لە دەرەوەی کات و شوێندا دەبینیتەوە، بۆیە ئاسان نییە خاڵێک نە بۆ سەرەتا و نە بۆ کۆتاییی خۆت دەستنیشان بکەیت. دەشێ هەموو شوێنێک لای تۆ هەر سەرەتا بێت. تەنانەت لەناو تێکستێکیشدا ئاسان نییە سەرەتا یان کۆتایی بدۆزیتەوە. ڕەنگە هەردووکیان پێکەوە، لە یەک کات و لە یەک شوێندا هەبن. ئەو مەسەلەیە لە چیرۆک و ڕۆماندا هەندێک جیاوازە، چونکە تۆ زۆر جار لە کۆتاییەوە دەست پێدەکەیت و لە سەرەتا دەگەڕێیت، کە ڕەنگە ئەو سەرەتایە هەر نەدۆزیتەوە. لێرەدا تەکنیکەکانی نووسین گرینگن. ئەگەر ڕوونتر وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە، ئەوا دەڵێم من تا ئێستایش نازانم چۆن بیرۆکەی چیرۆکێکم بۆ دێت. کاتێک ڕستەی یەکەم، یان پەرەگرافی یەکەم دەنووسم، بیرم لەوە نەکردۆتەوە ئاخۆ بابەتێک هەیە من لەبارەیەوە بدوێم، یان هەر ئەو یەک دوو دێڕەیە و دەبێت بیانسڕمەوە. بۆ نموونە جارێکیان لە شەمەندەفەر دابەزیم. ئەوسا ڕستەی «لە گەراج دابەزی» لە گوێچکەمدا زرینگایەوە. لە ماوەی دوو ڕۆژدا چیرۆکێکی درێژم نووسی، کە چلوپێنج لاپەڕەیە و ناوی «پێداچوونەوەی چیرۆکێکی کۆن»ە. کاک «توانا ئەمین» لێی کۆڵیوەتەوە. من تا بۆم بکرێت شێوازی نوێ تاقیدەکەمەوە. هەوڵ دەدەم بەردەوام گۆڕان لە تەکنیکەکانی گێڕانەوەدا بکەم. چیرۆکنووسی وا دەناسم لە

وەستای کێلی گۆڕی مردووان دەچێت. چۆن وەستای کێلی گۆڕ دوو قاڵبی هەیە، یەکێکیان بۆ کێلی گۆڕی گەورە و ئەوی دیکەیان بۆ کێلی گۆڕی منداڵان، ئەویش بەهەمان شێوە دوو قاڵبی هەیە. گرینگ ئەوەیە هەقایەتێکی بۆ بێت. ئەگەر درێژ بوو بە قاڵبە گەورەکە دایدەڕێژێت و ناوی دەنێت ڕۆمان. ئەگەر کورتیش دەرچوو، ئەوا بە قاڵبە بچووکەکە دایدەڕێژێت و ناوی دەنێت چیرۆک. نەخێر، من کە چیرۆکێک دەنووسم، بەهیچ شێوەیەک بیرم نییە، کە پێشتر لاپەڕەیەکیشم نووسیوە، چونکە ئەو بیرۆکەیە بەتەواوی داگیرم دەکات و دەبێت بەهەر ڕێگایەک بێت، خۆمی لێ دەرباز بکەم. وەکو ئەو منداڵەی دەکەوێتە ناو ئاوێکەوە و تەنها لە هەوڵی ئەوەدایە، کە شتێک بدۆزێتەوە، خۆی پێ ڕزگار بکات، بەڵام قەت ناتوانێت بیر لەوە بکاتەوە، کە دایک و باوکی چاکترین مەلەوانن و لە ماڵەکەیاندا کۆمەڵێک پەت و کەرەستەی ڕزگارکردن هەیە. لە حاڵەتی شەڕدا، کە نووسینیش جۆرێکە لە شەڕ لەگەڵ وەهمدا، تەنها ئێستا هەیە. ڕابردوو بوونی نییە.

ـ تۆ ئێستا پرسیارێکت لای من درووژاند، یاخود شێوەی پرسیارێکت لای من گۆڕی. ئاخر بەنیاز بووم لێت بپرسم ئایا ژیانی ناو تێکست دەتوانێت ئاسوودەییت پێ ببەخشێت، بەڵام ئێستا ناچارم بپرسم ئایا ئەگەر پرۆسەی نووسین لای تۆ جۆرێک بێت لە خۆڕزگارکردن لە بیرۆکە ئیبلیسییەکان، ئاخۆ کاتێکیش هەیە بۆ گەیشتن بە ئاسوودەیی؟

* ساتی ئاسوودەیی لای من وەکو چیرۆکنووسێک، ئەو ساتەیە، کە هەست دەکەم تەنگوچەڵەمەیەکی نوێم دۆزیوەتە. بەبێ دۆزینەوەی ئەو تەنگوچەڵەمانەش مەحاڵە پرۆسەی نووسین بەڕێوە بچێت. بەکورتی کاتێ چیرۆکێک دەنووسم، لە تەنگوچەڵەمەیەکی گەورە دام، بەڵام لەنێوان تەواوبوونی چیرۆکێک و دەستپێکردنەوەی یەکێکی دیکەدا، بەدوای تەنگوچەڵەمەیەکی گەورەدا دەگەڕێم. لە چیرۆک و ڕۆمانی نووسەرە گەورەکانی دنیا بڕوانە، بزانە هەموویان ئەوانە نین، کە دیوە شاراوەکانی ئەم دنیایەیان دۆزیوەتەوە؟ من هیچ شاکارێکم بیر نییە، مژدەی ژیانێکی خۆش و ئاسوودەی بە ئێمە گەیاندبێت، هەتا ئەگەر نووسەرەکەی سوور زانیبێتی دنیایەکی پڕ لە ئاسوودەیی بەڕێوەیە، چونکە مەسەلەی خوڵقاندنی زمان گرنگترین مەسەلەیە لە نووسیندا. هەموو ئەو کارەکتەر و ڕووداو و شوێنانەی دەیانخوڵقێنێت، کۆمەڵێک فێڵن بۆ ڕۆچوون بەناو قووڵایی زماندا. لێرەدا مەسەلە جیاوازیی نێوان شتەکان نییە، بەڵکو بینینەکانی نووسەرن، کە شتێک لە شتێک قووڵتر نیشان دەدەن. مەبەستم ئەوەیە لەودیوی هەموو شتەکاندا قووڵایی هەیە، ئەگەر تێڕوانینێکی قووڵمان بۆیان هەبێت. بەپێچەوانەوە نووسەری داهێنەر لەو شتە بچووک و بێبایەخانە دەتوانێت داهێنانی گەورە بکات. بۆ نموونە ئێمە هەمووممان وادەزانین ژیانی منداڵی، ژیانێکی سادەیە، کە ڕەنگە نەتوانین نووسینێکی گەورەی لێ بەرهەم بهێنین، بەڵام ئەو قووڵاییەی لە منداڵییدا هەیە، زەحمەتە لە گەورەییدا بیدۆزیتەوە.

ـ هەر ئەمەیش وای لێ کردی کتێبی «منداڵییم ئاسکێک بوو بەسەر پەلکەزێڕینەکاندا بازبازێنی دەکرد» بنووسیت..؟!

* وەکو خۆت دەزانیت من هیچ چیرۆکێکم نییە باس لە منداڵیی نەکات، جا ئەو منداڵییە هی خۆم بێت، یان هی کەسانی تر. یەک دوو جاری دیکەیش وتوومە، کە زۆر شت هەیە لە منداڵی بیرم لێ کردوونەتەوە، بەبێ ئەوەی زانیبێتم من ڕۆژێک لە ڕۆژان دەبمە نووسەر و لەو بیرۆکانە چیرۆک دەخوڵقێنم.

ـ چۆن کتێبی منداڵییتمان پێ دەناسێنیت؟ دەکرێ بە کورتی باس لەم ئەزموونەت بکەیت..؟!

* ڕەنگە یەک پێناسە بۆ ئەو کتێبە بەس نەبێت، بەڵام لێرە هەر ئەوەندە دەڵێم، کە کتێبی منداڵییم کۆی دەنگی ئەو کەسە جیاوازانەیە، کە لەوەتەی هەن دەزگاکان دەیانخەنە پەراوێزەوە، مەگەر تەنها بۆ شەڕە یەک لە دوای یەکەکان و کاری قورس و شتی لەم بابەتە دەریانبخەن. ئەو کەسە پەراوێزکراوانە سەرچاوەیەکی گرینگن لە ئەدەبدا، چونکە ئەوانە ئەگەر لە واقیعدا بێدەستەڵات دێنە بەرچاو، بەڵام لە نووسیندا بەئاسانی خۆیان بەدەستەوە نادەن. دەبێ بڵێم نووسین لەسەر کەسێکی ناسراو ئاسانترە لە کەسێکی نەناسراو، چونکە یەکەمیان بەشێکی زۆری نهێنییەکانی دەرکەوتووە، بەڵام دووەمیان دەبێت هەوڵی ئاشکراکردنی بدەیت. لوغزەکانی هەڵبهێنیت. لە جۆگرافیای ئیکۆنۆمیدا مەسەلەیەک هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە ئەگەر تۆ بتەوێت کارگەیەک لە وڵاتێکی پێشکەوتوودا دابمەزرێنێت، کەمتری تێدەچێت لەوەی لە وڵاتێکی دواکەوتوودا دایبمەزرێنیت، چونکە لە وڵاتە دواکەوتووەکەدا تەنها کارگەکە دانامەزرێنیت، بەڵکو دەبێت کۆمەڵێ ئیشیش لە دەوروبەرەکەیدا بکەیت وەکو قیرتاوکردنی شەقام و ڕاکێشانی کارەبا و زۆر پێویستیی دیکە، لە کاتێکدا ئەوانە لە وڵاتێکی پێشکەوتوودا هەن. من ئەوەم لە قوتابخانە خوێندووە. ئەو مەسەلەیە لە ئەدەبیشدا هەمان شتە، تۆ ئەگەر باسی کەسێکی نەناسراو بکەیت، دەبێت کۆمەڵێک وزەی زیاتر بخەیتە کار لەوەی باسی کەسێکی ناسراو بکەیت. هەربۆیە من ناوی کەسە ناسراوەکانم خستۆتە پەراوێزەوە، بۆئەوەی باسیان نەکەم. بەڵێ، لەو کاتەی باسی کەسێکی ناسراو دەکەیت، تۆ لە بەرامبەر گێڕانەوەیەکی ڕووت دایت، بەڵام بۆ کەسێکی نەناسراو دەبێت ئەو کەرەستانە بدۆزیتەوە، کە دەتوانی ئەویان پێ خەڵق بکەیت. لێرەدا ئەم پرۆسەیە ناچارت دەکات زۆر تەکنیکی نوێ بخەیتە کار. بۆیە بەبێ ئەوەی بەخۆت بزانی، کارەکتەرەکانت بەشێوەیەکی میتامۆرفۆزیانە دەردەکەون. کات ئەو سیما فیزیکییەی نامێنێت و شوێنیش تەواو دەگۆڕێت. من لە ڕێگای نووسینی ئەو کتێبەوە هەوڵم داوە ئەو کەسانە بدۆزمەوە، کە لە واقیعدا نەناسراون، بەڵام دنیای ئەوان زۆر لە دنیای ئەو نووسەرانە گەورەترە، کە ئاستی نزمی ڕۆژنامەگەریی ناوبانگی بۆ پەیداکردوون. بەڵێ، ئەو کتێبە پێش هەموو شتێک هەوڵێکە بۆ بنیاتنانەوەی شوێن لە ڕێگای یادەوەریی خود و یادەوەریی بەکۆمەڵدا. ئێستا بەهیچ شێوەیەک ناکرێت ئەو کتێبە بکەیتە مانوالێک و کۆڵان و گەڕەکەکانی هەولێری پێ بدۆزیتەوە. ئەو کارەکتەرە کەسنەدیوانە ئەتمۆسفێرێکی ئێگزۆتیکی «غرائیبی»یان هێناوەتە کایەوە و جۆرێک لە فرەدەنگیان بۆ تێکستەکە فەراهەم کردووە.

ـ تۆ لە ڕۆمان و چیرۆکەکانیشتدا بەردەوام بۆ منداڵییت دەگەڕێیتەوە.. ئایا مەبەستتە بڵێیت گەورەیی درێژکراوەی منداڵییە، یان قۆناغێکی جیاوازە؟

* هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر وابزانین منداڵیی تەنها ڕابردوو دەگرێتەوە. من پێم وایە منداڵی میتازەمەنێکە، ناکرێت سنوورەکانی دیاری بکەیت. منداڵی لە دنیای نووسیندا سەرمەدییە و تەواو نابێت، کۆتایی نایەت، بۆیە نابێت چوارچێوەی بۆ دابنێین. نووسەر کاتێ باس لە منداڵیی دەکات، گوێ بەوە نادات سایکۆلۆجیا چۆن قۆناغەکانی تەمەن دابەش دەکات. زانستی بایەلۆجییش لەبەرچاو ناگرێت. بەڵکو لەناو سیستەمێکی زمانەوانیدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. دەتوانم بڵێم منداڵی دەنگی ناوەوەیە و گەورەیی دەنگی دەرەوە. یەکەمیان فەزایەکی بێسنوورە و زمان تا ئاستی وڕێنە و هەلوەسە تێیدا ئازادە، بەڵام دووەمیان، واتە گەورەیی پڕە لە ترس. ترس لەو هێرشانەی لەلایەن گەورەکانی ترەوە دەکرێنە سەری. هەر بۆیە هەموو هەوڵێکی گەورەیی بۆ گەڕانە بەدوای ئەو سیفەتانەی، کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەسەندن. کەواتە گەورەیی دەنگێکی ساختەیە، دەنگێکی ڕووکەشە، بۆیە زوو زوو، بەتایبەتی لە دنیای ئەدەبدا بۆ دەنگی یەکەم دەگەڕێتەوە. گەورەییش هەر

منداڵییە، بەڵام منداڵییەکی ساختەیە، بۆیە من تەنها لەسەر منداڵیی دەنووسم. دەکرێ منداڵی ئەو شوێنە بێت، کە هەردوو ڕەگەزی مرۆڤ، نێر و مێ بەیەکتر دەگەیەنێتەوە.

ـ کەواتە منداڵییت چ کاریگەرییەکی بەسەر ڕەوت و سیمای چیرۆکەکانتەوە جێهێشتووە؟ ئایا ئەگەر ئەو منداڵییە نەبووایە، کە لە کتێبی «منداڵییم ئاسکێک بوو بەسەر پەلکەزێڕینەکاندا بازبازێنی دەکرد»دا باست کردووە، چیرۆکەکانت چ جۆرە ئاکارێکی دیکەیان دەبوو؟

* ستایلی نووسین لە خودی نووسەرەوە دەخوڵقێت. قووڵی و سادەییش پەیوەندییان بە ژیانی تایبەتیی نووسەرەوە هەیە. بۆ نموونە کافکا و جێمس جویس ئەگەر وەکو کەسێکی ئاسایی بژیابوونایە، ئەوا نەیاندەتوانی بەو قووڵییە بنووسن. هەموو نووسەرە گەورەکانی تریش بەهەمان شێوە. تۆ سەرنج بدە هەموویان منداڵییەکی جیاوازیان هەبووە. بەڵێ، منداڵی پێمان دەڵێت ئێمە نووسەرێکی چۆنین. لێرەدا نامەوێت وابزانیت دەڵێم بۆئەوەی نووسەرێکی گەورە دروست ببێت، دەبێت منداڵییەکی خراپی هەبێت، نەخێر، بەڵکو دەڵێم دەبێت منداڵییەکی قووڵی هەبێت. ئەوەی کتێبی «دەرەوەی شوێن»ی «ئێدوارد سەعید» بخوێنێتەوە، هەست ناکات منداڵییەکی خراپی هەبووە. دایک و باوکێکی ڕۆشەنبیری هەبووە. هەر لە منداڵییەوە دەیان گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێبیان بە زمانی ئینگلیزی پێ ناساندووە. مەبەستمە بڵێم زۆر گرینگە تۆ منداڵێکی جیاواز بیت و لە دەوروبەرت نەچیت. لە شەڕی نێوان خود و دەوروبەریشدا، هەردەم خود تێکدەشکێت. ئەو تێکشکانە وا دەکات تۆ شتەکان وەکو خۆیان نەبینیت. لەمەوە کێشەی نێوان تۆ و کات، تۆ و دەوروبەر دەستپێدەکات. ڕەنگە چیتر تۆ منداڵ نەبیت، با تەمەنی دوانزدەساڵیشت نەبڕیبێت. دەشێ هەموو کاتێ هەست بەپیری و مەرگ بکەیت. کەواتە وەک پێشتر وتمان تۆ بەبێ ئەوەی تیۆری ڕێژەیی «ئەنیشتاین»ت هەر بیستبێت، یان یەک لاپەڕەت لەبارەی کاتەوە خوێندبێتەوە، ئەوا تێڕوانینی خۆت لا دروست دەبێت. بەشێوەیەکی جیاواز لە کات تێدەگەیت. دیسان دەڵێم ئەگەر خوێنەر لە تەکنیکی چیرۆکەکانت تێناگەن، لەبەرئەوە نییە تۆ خۆت ویستووتە بەو قووڵی و ئاڵۆزییە بیاننووسیت، بەڵکو تێڕوانینی تۆ بۆ کات و بۆ شوێن و بۆ ڕووداو و بۆ هەموو شتێک جیاوازە. ئەمەیان وەکو کێشەی نێوان تۆ و کات. لایەکەی دیکەیشی، واتە کێشەی نێوان تۆ و شوێن، یاخود دەوروبەر، ئەمەشیان تراژیدیایەکی دیکەیە. هەست دەکەیت ڕووبەرێک نەماوە بۆ تۆ ئەو جەستەیەتی تێدا جێبکەیتەوە، کە بەهیچ شێوەیەک پەسەند نییە و دژایەتیی دەکرێت. زمانت لە زمانی کەسێکی ئاسایی ناچێت. مرۆڤێکی گۆشەگیرت لێ دەردەچێت. لێرەوەیە تەنیایی دەستپێدەکات. ئەدەبیش تەنها لەو تەنیایە دەخوڵقێت. من نامەوێت باسی ئەوە بکەم، کە من بە منداڵی چۆن ژیاوم، چونکە کتێبەکە لەبەردەستی خوێنەرە و دەتوانێت بیخوێنێتەوە، بەڵام جارێکی دیکە جەخت لەوە دەکەمەوە، کە نووسەر ئەگەرچی بە گەورەیی دەست بە نووسین دەکات، بەڵام نەیزانیوە ئەو لە منداڵییەوە نووسەر بووە. هەر بۆیە جیاوازیی زۆرە لەنێوان ئەوەی بەڕاستی منداڵییەکی قووڵی هەبووە و ئەوەی بە فەنتازیا منداڵییەکی قووڵ بۆ خۆی دەخوڵقێنێت. ئەدەبی ئەوەی دووەمیان ئەدەبێکی بێگیانە و بەئاسانی هەست دەکەیت لاسایی کەسانێکی دیکە دەکاتەوە.

ـ دەتوانین بڵێین ترسی تۆ بەرامبەر بە جەستە بۆ سەردەمی منداڵی دەگەڕێتەوە، بەڵام ئایا ئەوە هیچ کاریگەرییەکی هەبووە لەسەر چیرۆکەکانت؟ چونکە لای تۆ جەستە زیاتر لە مەیدانی شەڕ دەچێت. هەروەها دەپرسین ئەو بایەخەی تۆ بە سەرتاپای جەستە، بەبێ جیاوازیکردن لەنێوان شوێنێک و شوێنێکی تردا لە چییەوە سەرچاوە دەگرێت؟

* تێبینییەکی تا بڵێی جوانە. نووسەری ئێمە لە جەستەدا تەنها باسی ئەو شوێنانەی کردووە، کە زۆر زەقن. واتە ئەو شوێنانەی کە زۆر بەزەقی لە زەینی خوێنەردا هەن. ئەگەر وەکو جۆگرافیا لەناو ئەدەبدا لە جەستەی خۆمان بڕوانین، ئەوا جەستەیەکی شێواو و ناتەواومان دێتە بەرچاو. بەشێکی زۆری ئەو جەستەیە دیار نییە. لە زانستی جۆگرافیادا شتێک هەیە بەناوی بوون بە بیابان «تصحر». لێرە زانستی جۆگرافیا دەیەوێت بزانێت ئەو هۆکارانە چین، کە خاکێکی بەپیت دەکەنە بیابانێکی وشک و ناهێڵن چیتر بۆ کشتوکاڵ دەست بدات. جەستەیش وەکو خاک وایە. ئەوەی دەتوانێت جەستە بەزیندوویی ڕابگرێت، تەنها بینینە. دیارە وەکو وتمان بینینەکانیش جیاوازن. بینینی قووڵ دەتوانێت زۆر زۆنەی دیکە لەسەر ڕووبەری جەستەدا بدۆزێتەوە، کە ئەمە لە نووسیندا گرینگیی خۆی هەیە لەوەی تۆ بتوانیت زمان لەو شوێنە شاراوانەدا بخوڵقێنیت. جارێکیان پرسیاریان لە نووسەرێکی کورد کرد، ئاخۆ ڕای چییە بەرامبەر بە لووتی ژن. ئەو وتی: «کاتێ لووتی ژن دەبینم، سەیری چاوی دەکەم، هەتا بزانم چاوی جوانە». ئەمە ئەوەندەی قسەیەکی کۆمیدییە، دوو ئەوەندەیش هەژاری و بێدەستەڵاتیی نووسەرەکەی دەردەخات. سەیرە نووسەرێک بزانێت لەبارەی چاوەوە قسە بکات و نەزانێت هیچ لەبارەی لووتەوە بڵێت. پیاو کاتێ لە جەستەی ژن دەڕوانێت، دوو بەشی تیا دەبینێت. ئەو بەشەی چێژ دەبەخشێت و ئەو بەشەی بۆ ئازاردان دەست دەدات. ئینجا لەبەرئەوەی پیاو ئەدەبی کردۆتە ماسکێک و خۆی لەودیویەوە شاردۆتەوە، ئەوا تەنها لەبارەی ئەو بەشەوە دەنووسێت، کە چێژی پێ دەبەخشێت. دیارە چاویش شتێکی گرینگە لەو بەشەدا، بۆیە دەتوانێت وەسفی چاومان بۆ بکات و سادە و ساکار پێمان بڵێت جوانە. پیاو بۆ لووت زیاتر کرداری شکانی بەکارهێناوە. بۆ نموونە دەڵێت لووتی دەشکێنم، کە مانایەکی مەجازیی هەیە، واتە سەری پێ دادەنەوێنم. من لەو تێگەیشتنەی خۆمەوە، هەوڵم داوە بەتێڕوانینێکی جیاوازەوە لەبارەی جەستەوە بنووسم.

ـ ئایا ئەمە هۆیەکە لەو هۆیانەی، کە تۆ زیاتر لەبارەی ژنەوە دەنووسیت؟ ئێمە لە دنیای تۆدا تا پیاوێک دەبینین، سەد ژنمان بەرچاو دەکەوێت. بۆچی وایە؟

* ئەمە نازانم جاری چەندەمە ئەم پرسیارە بەشێوەی جیاواز جیاواز ئاڕاستەی من دەکرێت. لێرەدا ڕەنگە هەر ئەو شتانە بڵێم، کە پێشتریش کەم و زۆر وتوومن. دەتوانم بڵێم ژن لە بەرهەمەکانی مندا ڕێسۆرتێکە، کە پیاو لە کاتی تەنگانەکاندا بۆی دەگەڕێتەوە. جا ئەو گەڕانەوەیە زۆربەی کات بەو مەبەستەیە، کە پیاو لە دنیای خۆیدا شتێکی نوێی نەماوە بیڵێت و وادەزانێت ژن کۆدێکە بۆ چوونە ناو دنیایەکی تر. دیارە لێرەدا مەبەستم لە ژنە وەکو ڕەگەز، ئەگینا ژن وەکو مرۆڤ خاوەنی دنیای خۆیەتی بە هەموو چاکی و خراپیەکانیەوە. ئەگەر ڕابردوو ئەو سەردەمە بەسەرچووە بێت، کە هەمیشە لە ڕێگای نۆستالۆژیاوە بۆی دەگەڕێینەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین ڕابردوو یەکسانە بە دایک، کە بریتیە لە هێمنی. ئینجا عەشقی دایکیش بە مانا فرۆیدییەکەی ئامانجێکی ونە و پێی ناگەین. لێرەوە «فرۆید» پێی وایە ڕەشبینی دێتە کایەوە. ئینجا ئەگەر ڕابردوو دایک بێت، ئەوا بێگومان ئێستا و داهاتوو باوکن، بۆیە ئێمە هەمیشە لە دەستیان ڕادەکەین. ئەو سیفەتانەی، کە لە واقیعدا کەلتووری ئێمە داویەتیە پاڵ ژن وەکو مەکر و فێڵ و شتی تر، ئەوا هەر ئەو سیفەتانە لە ئەدەبدا وەکو جۆرێک لە جوانکاری دەردەکەون. ئەو سیفەتانە خەرمانەیەکیان بە دەوەری ژندا پێکهێناوە، وایان لێ کردووە وەکو کارەکتەرێکی ئاڵۆز و لوغزاوی خۆی بنوێنێت. بۆیە توانایەکی گەورەترمان پێویستە بۆئەوەی باس لە دنیای ئەو بکەین. دیارە ئەگەر بە مانا ئەفلاتوونییەکەیش بێت، ئەوا ئێمەی پیاو دەمانەوێ لە ژندا نیوە ونبووەکەی خۆمان بدۆزینەوە.

ــ لێرەدا تۆ چۆن خۆت لە هەموو ئەو نووسەرە پیاوانەی دیکە جیا دەکەیتەوە، کە لەبارەی ژنەوە دەنووسن؟
* ڕەنگە لەم دەمودەستە وەڵامدانەوەی پرسیارێکی ئاوا ئاسان نەبێت، بەڵام ئەگەر لێم بپرسیت نووسەری پیاو چۆن دەتوانێت لەبارەی ژنەوە بنووسێت، کە لەلایەک نەبێتە نووسەرێکی تەقلیدی و لە لایەکی دیکەیش ئەو کارەکتەرانەی دەیانخوڵقێنێت، بەڕاستی ژن بن، ئەوا دەڵێم پێش هەموو شتێک دەبێت هەوڵ بدرێت ئەو سیفەتە نێرینەیەی بەدرێژاییی مێژوو دراوەتە پاڵ ئەقڵ، بیگۆڕدرێت. بەلایەنی کەم دەبێت نیوەی ئەقڵ لە نێرەوە بکرێتە مێ، ئەگینا ناتوانین باس لە ئەدەبی ژن بکەین. ئێستا دەتوانم کەمێ لەبارەی شێوەی ئیشکردنی خۆمەوە قسەت بۆ بکەم. من لەبارەی ژنەوە نانووسم، بەڵکو هەموو کەرەستەکان بۆ خۆی جێدەهێڵم، بەو مەبەستەی خۆی لەبارەی خۆیەوە بنووسێت. لە چیرۆک و ڕۆماندا گەورەترین دەستەڵات لە دەست گێڕانەوەدایە. واتە کاتێک یەکێک گێڕانەوە دەگرێتە دەست، ئەوا خاوەنی دنیای ناو تێکستەکەیە. ژن لە بەرهەمەکانی مندا خۆی خاوەنی ئەو گێڕانەوەیەیە. بەلامەوە سەیرە هەندێک جار بابەتێک دەخوێنمەوە، کە تێیدا بەزۆر و زۆرداری نووسەرێک کراوەتە نووسەری ژن، گوایە باسی لە ژن کردووە. بەبێ ئەوەی ئاگای لێبێت، کە ژن لە دنیای ئەو نووسەرەدا تەنها وەکو جەستە ژنە، ئەگینا ئەوەی هەڵیدەسووڕێنێت، ئەقڵێکی پیاوانەی ڕووتە. دەستەڵاتی گێڕانەوە بەتەواوی لە دەست نووسەرە پیاوەکە دایە. ئەو پیاوە ژنی تەنها لەوەدا ئازاد کردووە، کە بەجوانترین شێوە خۆی برازێنێتەوە و کۆت و پێوەندەکان فڕێ بدات، بۆئەوەی زیاتر هەستی پیاوەتیی ئەم بورووژێنێت و زیاتریش چێژی لێ ببینێت. ئەو شێوە نووسینانە دەیانەوێت بەوە چاوبەستمان بکەن، گوایە ژن بەجورئەتەوە لەناو تێکستەکاندا دەردەکەون، بەڵام ئەو جورئەتە وەکو وتم تەنها بۆ گەورەکردنی سنووری ئارەزووە ئایرۆسییەکانی پیاوە، چونکە ئەقڵی پیاو هەڵیاندەسووڕێنێت. ڕەخنەگر کاتێ بیەوێت لەو ئەدەبە بکۆڵێتەوە، کە باسی لە ژن کردووە، پێشەکی دەبێت بزانێت ئەو ئەقڵەی لەناو ئەو تێکستەدا سەروەرە نێرینەیە، یان مێینە. بیرت نەچێت زۆر لەو ئەدەبەی ژنان خۆیشیان بەرهەمیان هێناوە، لەژێر سایەی ئەو ئەقڵە نێرەدا نووسراون. ئەم مەسەلەیە لێکۆڵینەوەی وردی دەوێت، کە تا ئەمڕۆش وەکو زۆر مەسەلەی گرینگی دیکە لە نووسینی کوردییدا بەتەواوی ونە.

ــ ئەگەر لە ئایندەدا گفتوگۆیەکی دیکەمان لەگەڵدا کردی، باوەڕت وایە یەکێ لەو پرسیارانەی لێت دەکرێت، چییە؟
* ئێستا لەگەڵ «دواڕۆژ»ی کوڕم، کە تەمەنی چواردە ساڵە، خەریکی نووسینی ڕۆمانێکین و نزیکەی دووسەد لاپەڕەمان لێی نووسیوە. باوەڕم وایە جاری داهاتوو لەو بارەیەوە پرسیار چ لە «دواڕۆژ» و چ لە منیش بکەیت. هەروەها چەند ئیشێکی دیکەشمان هەر پێکەوە کردووە، کە پەیوەندییان بە وەرگێڕانەوە هەیە.

ــ دیارە منداڵەکانیشت حەز لە دنیای نووسین و خوێندنەوە دەکەن؟
* من کوڕێک و کچێکم هەیە. دواڕۆژ و ڕۆژیار. هەردووکیان دەخوێننەوە و دەنووسن. بەڵام با پێش ئەوان باسی نیگار مستەفا حەیرانی هاوسەرم بکەم، کە ئەویش هەر نووسەرە. ڕاستە ماوەیەکە نانووسێت، بەڵام ئێمە هەر لە ڕێگای خوێندنەوەوە یەکترمان ناسیوە. شەوان تا ڕەنگ کتێبی بۆ دواڕۆژ و ڕۆژیار خوێندۆتەوە و فێری نووسینی کوردی و عەرەبییشی کردوون. ڕۆژیاری کچم بێجگە لەوەی خەریکی مۆسیقایە، زۆریش دەخوێنێتەوە. شیعری بۆ گۆرانی نووسیوە و ئاوازیشی بۆ داناوە. چەند چیرۆکێکیشی نووسیوە. دواڕۆژ هەموو جۆرە کتێبێک دەخوێنێتەوە، بەڵام زیاتر پێی خۆشە لەگەڵ من خەریکی نووسین بێت. بیرۆکەی ئەو ڕۆمانەی، کە ئێستا وا دەینووسین، هی ئەوە و منیش شتی دیکەم خستۆتە سەر. ڕەنگە دوای چاپکردنی ڕۆمانەکە، باسی ئەوە بکەین


چۆنمان دەست پێکردووە و چۆنمان نووسیوە، بەڵام جارێ هەر ئەوەندە بەسە.

ـ سوپاست دەکەین بۆ ئەو چاوپێکەوتنە.
* من دەمەوێ سوپاسی ئێوە بکەم.

ئەم چاوپێکەوتنە بۆ ڕادیۆی ئازادی ئامادە کراوە و بەچاکمان زانی بە نووسینیش بڵاوی بکەینەوە.
گۆران هەڵەبجەیی

**کاروان عومەر کاکەسوور:**

# من کە بستێک خاکی سەر ئەم واقیعەیان پێ ڕەوا نەبینیم، دنیای گەورەی خەیاڵم کردە هی خۆم



**(کاروان عومەر کاکە سوور) هەرچەندە سەرەتای نووسین و دەست کردن بە بڵاوکردنەوە بۆ ساڵانی نەوەدەکان دەگەڕێتەوە، بەڵام لەو ماوە کورتەدا چەندین کتێبی چیرۆک و ڕۆمان و یاداشتی بڵاوکراوەتەوەو چەندانی دیکەش بەڕێوەن. لە نووسینەکانیدا بە زمانێکی هەست بزوێن و ناسک و سەرنجڕاکێش و تەکنیکێکی پێشکەوتوو و خەیاڵێکی بزێو جێگەی خۆی لە ناخی خوێنەردا کردووەتەوە. ئێستا دانیشتووی وڵاتی دانیمارکە لە گەڕانەوەی ئەم دواییەی بۆ کوردستان و بەنیازی گفتوگۆکردن چەند پرسیارێکمان ڕووبەڕووی کردەوە، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**

*** دەکرێ وەک چیرۆکنووسێک، جیاواز لەوەی ئێمە دەیزانین، پێمان بڵێی کاروان عومەر کاکەسوور کێیە؟**

- ڕەنگە کارەکتەری هەقایەتێکی خورافی بێت و لە واقیعدا بوونی نەبێت. دیارە هەر ئەمەش پاڵی پێوە ناوم لە دنیای نووسین نزیک ببمەوە، بەو مەبەستەی لەوێدا بە دوای ئەوانەدا بگەڕێم، کە وەک خۆم سەیرن و لە مرۆڤی ئاسایی ناچن. من دوای ئەو هەموو ساڵەی تەمەنم، هێشتا منداڵێکم لەنێوان (٠ - ١٢) ساڵیدا دێم و دەچم. ئەدی من نووسەری

کتێبی «منداڵیم ئاسکێک بوو بەسەر پەلکەزێڕینەکاندا بازبازێنی دەکرد» نیم.. ؟!

*** چۆن بیرۆکەی چیرۆک لە لای تۆ لە دایک دەبێت؟**

ـ ئەمەش هەر پێوەندیی بە پرسیاری یەکەمەوە هەیە. من کە بوونێکی خورافیم هەیە و لە دنیای خەیاڵدا نقوم بووم، چ زەحمەتێک لەوەدایە باسی ڕووداو و خەڵک و شتەکانی دەوروبەری خۆم بکەم. هەموو ئەو چیرۆکانەی تا ئێستا نووسیومن، هی سەردەمی منداڵیمن. مەبەستم ئەوەیە ئەوسا بیرم لێ کردبوونەوە و لە خەیاڵمدا گەورە ببوون. وەک «خوان خۆزیە سایەر» تەنیا کاتێک دەتوانم خودی خۆم بەدی بکەم، کە لە بیرەوەرییەکانی منداڵیمدا نقوم دەبم. من کە بستێک خاکی سەر ئەم واقیعەیان پێ ڕەوا نەبینیم، دنیای گەورەی خەیاڵم کردە هی خۆم. ئەگەر ئێوە پێتان وایە من چیرۆکنووسێکم و چیرۆکی فەنتازی دەنووسم، ئەوە لە دنیای خۆمدا تا سەر ئێسقان ڕیالیستم، بگرە ڕیپۆرتاژنووسێکم و دنیای واقیعیی خودی خۆم وەک خۆی بێ هیچ دەسکارییەک دەنووسمەوە. دەتوانم بڵێم من چیرۆک نانووسم، بەڵکو دەیگێڕمەوە.. خەڵقی ناکەم، بەڵکو هەر خۆی هەیە. ئەمە ئەو کاتەیە کە وا دەزانم شتێکم نییە، بیڵێم. یان قسەیەکی گرنگ و کاریگەرم نییە تا بیدرکێنم و شایانی ئەوە بێت کەس گوێی لێ بگرێت. کەواتە حاڵەتی چیرۆکنووسین لای من، حاڵەتێکی بێدەنگییە. حاڵەتی گەڕانەوەیە بۆ منداڵیم. ئەو حاڵەتەیە، کە هەست دەکەم کەسانێک هەن لە من چاکتر دەدوێن و ڕای باشتریان هەیە، ژیانیان لای خەڵکانی دی سەرنجڕاکێش ترن. لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەسەندترن. لێرەوەیە کارەکتەری جیاواز جیاواز پەیدا دەبن. زۆر جار ئەو خەڵکانە واقیعین و ناوەکانیشیان ناگۆڕم. وا ڕێک دەکەوێت دوو سێ کەس بکەم بە یەکێک، بەڵام وا تێکەڵ بە خەون و خەیاڵیان دەکەم، زەحمەتە هەستی پێ بکەن. دیارە سەرنجت داوە لە هەر یەکێک لەو کارەکتەرانەدا چەند هەڵسوکەوت و تێڕوانینی جیاواز و دژ بەیەک هەن، ئەمە هەمووی لەبەرئەوەیە زیاتر لە کەسێک لەناو ئەو جەستانەدا دەژین. من هەندێ سات ئەوان دەناسمەوە و وەک ناسیاوێک، دۆستێک، هاوڕێیەک، لێیان دەڕوانم، بەڵام خۆم هەمیشە بە لای ئەوانەوە کەسێکی نامۆم. «جیهانگیر»ی پاڵەوانی سەرەکیی چیرۆکی «جیهان لە فنجانی قاوەدا» بە «بوودا» لە دایک بووە، بە «زەردەشت» فامی کردۆتەوە، بە «نیتشە» پێگەییوە، بە «کامۆ» یاخی بووە، بە «مارسێل پرۆست» نائومێد بووە. ئەمە تەکنیکی «بوون بەویدی: تقمص»ە و چیرۆکەکەی لەسەر بنیات نراوە. هەر بۆیە لەگەڵ نووسینی هەموو چیرۆکێکمدا، ئەو حاڵەتە لای خۆشم دەخولقێت. وەک «سۆمرست مۆم» دەکەومە ژێر کاریگەریی کارەکتەرەکانم و لاساییان دەکەمەوە، بگرە هەندێ جار بەتەواوی تێکەڵیان دەبم. ئەو کاتەی خەریکی نووسینی ڕۆمانی «ئای لەڤیلیا لەڤیلیا..!!» بووم، ژوورێکم لە پیاوێکی دانیمارکی بەکرێ گرتبوو. شەوێکیان کاتژمێر دوو لە پرمەی گریانم دا و کابرا لە خەو ڕاپەڕی. هاتە ژوورەکەم، بۆ ئەوەی بزانێت چی ڕوویداوە. منیش وتم: «هالە مرد». ئەو پرسی: «هالە کێیە و بەم درەنگی شەوە چۆنت زانی مردووە..؟! خۆ تەلەفۆنت بۆ نەکراوە..!!» منیش دەستم بۆ کۆمپیوتەرەکەم درێژ کرد و وتم: «لێرەیە، کارەکتەرێکی زۆر خۆشەویستی ناو ئەم ڕۆمانەمە».. پرسی: «ناکرێ نەیکوژی..؟!»

*** ئینجا بەڕاستی نەدەکرا نەیکوژی؟**

ـ نەخێر، چونکە لای من مردن پێش ئەوەی هەر شتێک بێت، کارێکی هونەرییە. بۆیە ئەگەر تۆ ئەو ڕۆمانە و چیرۆکەکانمت خوێندبێتەوە، دەزانی کە مەرگ بەو هەموو قورساییەی خۆیەوە و بەو فەزا دراماتیکییەی دەیهێنێتە کایەوە، هیچ کاتێک کۆتایی نییە، بەڵکو دەستپێکردنەوەیەکی دیکەیە بە شێوازێکی جیاوازتر. ئەمەش ئەو جیاوازییەیە، کە دەمەوێ لەنێوان ناوی «مردن» و کرداری «کوشتن»دا بیدۆزمەوە. هەر ئەو پرسیارەی تۆ و هی ئەو پیاوە دانیمارکییە پرسیاری هەموو ئەو کارەکتەرانەن، کە لە دنیای مندا دەمرن و وزەیەکی زۆر دەخەنە کار بۆ ئەوەی لێی تێبگەن. ئەوان هەموویان لە فەزایەکدا هەڵدەسووڕێن، کە بیرۆکەی «مسخ Metamorphosis » بەسەریدا زاڵە و لە دنیایەکدا ژیان دەگوزەرێنن، کە لەسەر پشتی ئەسپیدیلۆن بنیات نراوە. بە تایبەتی «نەوال» کە گومان لە بوونی خۆی دەکات و نازانێت ماوە یان مردووە.. دواجار وا دەچێتە ئەقڵییەوە، کە وەک «گریگۆر سامزا»ی کارەکتەری سەرەکیی «مسخ»ی کافکا بۆ زیندەوەرێک گۆڕاوە. ئەمەش زمانێکی تێکشکاو و نامۆی بەسەر هەموویاندا سەپاندووە. زمانێک کە لە واقیعدا کاری پێ ناکرێت و گۆڕاوە بۆ هێما.

*** کاتێ چیرۆکێک دەنووسی، پێویستت بەوە نییە بزانی چەند لای خوێنەر سەرکەوتووی، ئینجا دەست بە نووسینی چیرۆکێکی دیکە بکەیت؟**

ـ ئەمە هەمان ئەو پرسیارەیە، کە دەڵێت: «بۆ کێ دەنووسی؟». «سان ژۆن پێرس» خۆی ئەو پرسیارەی لە خۆی دەکرد و هەر خۆیشی وەڵامی دەدایەوە و دەیوت: «بۆ خۆم». من هەرگیز گوێ بەوە نادەم کێ بەرهەمەکانم دەخوێنێتەوە، بەڵام بەلامەوە گرنگە لە چ ئاستێک بنووسم و ئەو تەکنیکانە چین، کە دەبێت بەکاریان بهێنم. خەمی یەکەمم نووسینە، نەک سەرکەوتن، چونکە نووسین پێوەندیی بە خۆمەوە هەیە و سەرکەوتنیش بەوانی دیکە. تا ڕادەیەک لەگەڵ «سارتەر» دام، کە پێی وایە هەڵسەنگاندنی ئەوانی دیکە بۆ ئێمە

جۆرێکە لە کۆنترۆڵ کردنی خودمان و بوونمان دەخاتە نێو چوارچێوەیەکەوە. ڕۆژگارێ سوور دەمزانی ئەوانەی من دەیاننووسم، لە سانسۆری هیچ دەزگا و ڕۆژنامە و گۆڤارێکدا دەرباز نابن و تەنیا هاوڕێ نزیکەکانم دەیانخوێننەوە، کەچی هەر لەسەر ئەو کارەی خۆم بەردەوام بووم. نایشارمەوە ئەو کاتەی چیرۆکێک دەنووسم، لەززەتێکی زۆر دەبینم. دەیان جار بە دەنگی بەرز دەیخوێنمەوە و لاسایی یەک بە یەکی کەسەکان دەکەمەوە. هەندێ جار لەسەر کاسێت تۆماری دەکەم و گوێی لێ دەگرم، بەڵام خۆشبەختانە زوو لێی تێر دەبم و ئەو تامەزرۆییەم بۆی نایێنێت، بۆیە پێویستم بەوەیە یەکێکی دی بنووسم و لەگەڵ کۆمەڵێ کەسی تری جیاوازتر بژیم. ئەگەرچی دەزانم ڕەخنەی ئێمە بە گشتی لە ئاستێکە، تەنیا ئەو بەرهەمانە بەسەر دەکاتەوە، کە بە ئاسانی خۆیان بەدەستەوە دەدەن و دەتوانن بە شێوەیەکی دیکە بیانگێڕنەوە. مەگەر جار جار، ئەگینا ئەو تێکستانەی بە کۆمەڵێ پرسیاری فەلسەفییەوە دەردەکەون و شەڕ لە دژی تابووەکان بەرپا دەکەن، ناوێرن خۆیان لێ بدەن، بەڵام ئەمە تا ئێستا نەبۆتە موتیڤێک بۆ ئەوەی لەو ئاستەدا بنووسم و هەمیشە خۆم بە خوێنەری یەکەمی خۆم دەزانم. من لام ڕوونە زۆربەی ئەو تێکستانەی بە قووڵی نووسراون و هەڵگری نهێنین، لە ڕۆژگاری خۆیاندا ناخوێنرێنەوە، بەڵکو ڕۆژگارێکی درەنگتر ڕەخنەگری زیرەک هەموو ئەو بەهایانەیان دەردەخات، کە کەسانی دیکە پێشتر لە توانایاندا نەبووە دەرکیان پێ بکەن، یان هەوڵی شکاندن و بێ نرخ کردنیان داون. چ لە ئەدەبی گەلان و چ لە ئەدەبی خۆشماندا نموونە زۆرن. شانزدە ساڵ لەمەوبەر نووسەرێک چیرۆکی «بۆشایی»ی «مامۆستا ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل»ی لە دوو دێڕدا کورت کردەوە و پێی وابوو خاڵییە لە هەموو بەهایەکی ئەدەبی و هونەری. چەند ساڵێ دواتر «کاک زاهیر ڕۆژبەیانی» زیرەکانە نهێنییەکانی ئەو چیرۆکەی دۆزییەوە و دەریخست، کە بەڕاستی هێزێکی گەورەی نووسینی تێدا بەرجەستە بووە و خوێنەری ناچار کرد بە دیدگایەکی دیکەی نوێوە پێیدا بچێتەوە. «ئەدۆنیس» لەوەتی هەیە، ئەوەندەی ئەم یەک دوو ساڵە نەبۆتە جێگای سەرنجی ڕەخنەگران. هەر بۆ نموونە کوا تۆمەتەکانی نووسەرێکی وەک «جیهاد فازیل»، کە لە گۆشەیەکی بچووکی گۆڤارێکی سیاسیدا دەیخستە پاڵ ئەو داهێنەرە و وەک دز و نۆکەری سەهیۆنیزم بە خوێنەری دەناساند..؟!

*** تۆ بە بەراورد لەگەڵ نووسەرانی نەوەی خۆت درەنگ لە دنیای نووسیندا دەرکەوتی، کەچی لە ماوەیەکی کورتدا بەرهەمێکی زۆرت پێشکەش کرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرهەمەکانت بە ڕادەی پێویست بە خوێندەواری کورد نەگەیشتوون. ئایا ئەو دواکەوتنە لەبەر ئەوە بوو درەنگ دەستت دایە خوێندنەوە، یان هۆکاری دی هەبوون؟ ئەگەر بکرێت باسی ئەزموونی خوێندنەوە و خۆپێگەیاندنی خۆشتمان بۆ بکەیت.**

ـ ئەگەر چیرۆک وەک ئەفراندن و گێڕانەوە باس بکەم، نەک وەک ئەفراندن و بە تێکست کردن، ئەوە دەڵێم من هەر لە منداڵییەوە چیرۆکنووسم. لە کتێبی «منداڵیم ئاسکێک بوو بەسەر پەلکەزێڕینەکاندا بازبازێنی دەکرد»دا ئەو حاڵەتەم دەرخستووە، کە چۆن گۆڕانی شوێن بووە هۆی ئەوەی منێکی منداڵ لە «ئێستا»دا تووشی جۆرێک لە ئیغتراب بم و سۆزی «ڕابردوو» لە ناخمدا بووە هەستێکی بەهێز. ئەوەبوو بۆئەوەی سەرنجی هاوڕێیانی گەڕەکە نوێیەکەم بۆ لای خۆم ڕابکێشم و گوێم لێ بگرن، هەمیشە چیرۆکم هەڵدەبەست و بۆم دەگێڕانەوە. ئەو چیرۆکانە ڕوخسارێکی کۆمیدییان هەبوو و ئێستاش زۆریانم لە بیر ماون. سەردەمێکیش بۆ ئەوەی خۆم لە دارکارییەکانی باوکم و مامۆستاکانم بپارێزم، هەر پەنام بۆ چیرۆک دەبرد. ئەگەر ئەمڕۆ کۆمیدیا لە چیرۆکەکانی مندا دەبینی، ئەوە هی ئەو ڕۆژگارەیە. من هەر لە هەولێر لە سێ گەڕەکی زۆر جیاوازدا ژیاوم و خەڵکی جیاواز جیاوازیشم ناسیوە، کە ئەمە یارمەتیدەرێکی چاک بوو تا ڕووداوی هەمەجۆر ببینم و لە شێوەی ژیانی جیاواز تێبگەم، دواتریش لە چیرۆکدا بەکاریان بهێنم. بە حوکمی ئەوەی پارتی بووم، ئەو نووسەرانەم خۆشدەویست، کە بۆ بیروباوەڕەکەمیان دەنووسی. لە قۆناغی سەرەتایی زۆربەی شیعرەکانی «مام هەژار موکریانی»م لەبەر بوو. بەقەدەر هەموو دنیا دڵم بە دیوانی «من تێنوێتیم بە گڕ دەشکێت»ی شێرکۆ بێکەس دەکرایەوە. «عەبدوڵڵا پەشێو» و «شەهید جەمیل ڕەنجبەر»یش کوڕی گەڕەک و کۆڵانی خۆم بوون و خۆشم دەویستن. لە قۆناغی ناوەندی دەستم دایە نووسینی شیعری هەزەلی، کە ناوم نابوو شیعری فەل. ئەو شیعرانەشم هەر بە شێوەی گاڵتەجاڕی لەسەر خەڵکی گەڕەک و مامۆستاکانم دەنووسی. گۆرانیی گۆرانیبێژەکانم بۆ شتی سەیر سەیر دەگۆڕی و هەر کاتێکم دەزانی وا منداڵ و هەرزەکاری ئەمسەر تا ئەو سەری شار دەیانڵێنەوە. برادەرێکم هەیە زۆربەی ئەو شیعرانەی لای خۆی پاراستووە و خۆشم هەندێکیانم لەبیر ماون. لەپاڵ ئەوانەدا شیعری نەتەوایەتیشم دادەنا. لەگەڵ «شوان سلێمان یابە»ی

> **جاران لە تەنگوچەڵەمەکانی مرۆڤ دەدوام، ئێستا لە مرۆڤ خۆی دەدوێم**

هاوڕێم، کە من «شوان عارەب»م پێ دەوت، زۆر جار بەو زمانە ساکارەی خۆمان باسی ئەدەبمان دەکرد و شیعرمان بۆ یەکدی دەخوێندەوە. حەزم لە مێژوو دەکرد، بەتایبەتی مێژووی ئیسلام. خۆشەویستیم بۆ ئیمامی عەلی پاڵی پێوە دەنام هەر شتێک بخوێنمەوە، کە لە بارەی ئەوەوە نووسرابێت. ڕۆمانی «١٧ی ڕەمەزان»ی «جۆرجی زێدان»م لەبەر بوو، کە باسی تیرۆرکردنەکەی دەکات. هێشتا پێوەندیم بە پارتییەوە مابوو، کاتێ لەگەڵ هەڵگیرسانی ڕاپەڕینی قوتابیان حەزم لە کتێبی مارکسی کرد. هەر کتێبێ ناوی مارکس و ئەنگلس و ئەوانی دیکەی بەسەرەوە بووایە، دەمکڕین و دەمخوێندنەوە. جارێکیان لە پەلەپەلییان کتێبی «الأمومة والبايلوجيا»م لێ ببووە «الأمية والبايلوجيا». کاتێ لە ماڵەوە بە دزییەوە خوێندمەوە، لە قاقای پێکەنینم دا. ئاخر من بە دزیی باوکمەوە کتێبم دەخوێندەوە. لە باغەڵمدا دەمشاردنەوە و دەمهێنانەوە. ئەگەر نامیلکە بووایە، لەناو دەرپێ کورتەکەم جێگای دەبووەوە و بە گرێنتی دەگەیشتە شوێنی ئارام. دەچوومە حەمام، گوایە خۆم دەشۆم، بەڵام بۆ چاوبەست ئاوەکەم بەردەدایەوە و کتێبەکانم دەخوێندنەوە. شەوان لە باغەڵمدا دەمنواندن. ئینجا لێم گیرا و گڕی لە هەموویان بەردا. کاتێ دەهاتمەوە، دەیپشکنیم. منیش فێڵێکی دیکەم دۆزییەوە. لقی دار پرتەقاڵەکانمان بەسەر دیواری حەوشەدا شۆڕببوونەوە و لەژێر ئەوانم دادەنان. بەبێ ترس دەچوومە ژوورێ و هیچم پێ نەبوو. دوایی دەمهێنان و لە حەمام یان پاش ئەوەی ئەوان دەنووستن، دەمخوێندنەوە. ئەوسا خووم دابووە نووسینی چیرۆکیش. تا ئەو کاتە تەنیا هەندێ چیرۆک و ڕۆمانی ئاسانم خوێندبووەوە وەک ڕۆمانە مێژووییەکانی «جۆرجی زێدان» و ئەوانەی «ئیحسان عەبدولقەدووس» و «گێلەپیاو»ی عەزیز نەسین و یەک دوانێکی دیکە. کتێبەکانی «ئەنیس مەنسوور»یشم پێخۆش بوو. پێشتر کە ئاینپەروەرێکی زۆر وشک بووم، حەزم لە چارەی «نەوال سەعداوی» نەدەکرد، بەڵام لەو ڕۆژگارەدا بیروڕام گۆڕا و ئەویشم خوێندەوە. ڕاپەڕینی قوتابییان لە سەرەتای هەشتاکاندا ڕۆڵێکی گەورەی لەسەر پێگەیشتنی مندا بینی. بە حەماسەوە دەمانخوێندەوە و گفتوگۆمان لەسەر دەکردن. قوتابخانەی دواناوەندیی ڕزگاریی کوڕان ئەو سەردەمە وەک مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری وابوو و زۆر سوودی پێ گەیاندم. ڕووم کردە ئەو نووسەرە کوردانەی، کە پشتی چەوساوەکانیان دەگرت و بە گژ ڕژێمی سەرمایەداریدا دەچوونەوە. ئەمەیان بە حەماسێکی بێ وێنە و خۆشەویستییەکی سەیر. «فوئاد مەجید میسری» و «فوئاد قەرەداغی» و «شەهید دڵشاد مەریوانی» و «کەمال میراودەلی» و «حەمەسەعید حەسەن» و «محەمەد فەریق حەسەن»م ناسی. «ڕەفیق سابیر»م خۆش نەدەویست، چونکە ئێمە شیوعییەکانمان بە لادەر دەزانی، بەڵام ئەو و « مامۆستا دڵزار»یشم بە شاعیری چاک دەزانین. نووسینی ئەو نووسەرانەم لەبەردەکرد و بە خوێنەرانم دەناساندن. لە ڕێگەی ئەوانەوە زۆر نووسەری سەر بە قوتابخانەی ڕیالیزمی سۆسیالیستیم ناسی. لە هەر کوێیەک «مایکۆفسکی» و «ئاراگۆن» و «پاپلۆ نیرۆدا» و ئەوانی دیکەم بدیبیا، دەمخوێندنەوە و لە دەفتەرێکدا دەمنووسینەوە. تەنانەت ئەوانەشم دەخوێندەوە، کە ئەو ڕێبینانەم دژیان دەوەستان، وەک «سارتەر» و «کامۆ» و «کافکا» و «جیمس جۆیس» و «بیکیت». «فرۆید» و ئەوانی دیکەشم هەر دەخوێندەوە. ئەوە هەر بۆ ئەوەی منیش شارەزاییم لێیانەوە هەبێت و بتوانم لە بارەیانەوە ڕای خۆشم بڵێم. بە هەندێ تەکنیکی چیرۆکنووسین ئاشنا بووم و زۆر وشە و دەستەواژەی نوێ فێر بووم. هەر ئەوسا بە ژمارە کۆنەکانی هاوکاریدا چوومەوە و هەموو ئەو گفتوگۆیانەم خوێندەوە، کە لەسەر ئەدەبی ڕوانگەدا کرابوون. بێگومان من لای «کەمال» و «فوئاد»ەکانم دەگرت. تەنانەت پێم وابوو «فازیلی مەلا مەحموود»یش لەسەر هەقە، ئەگەرچی بە دەمی خۆی دەیوت، کە ئەو هیچ لە ئەدەب نازانێت، بەڵکو تەنیا وەک کۆمۆنیستێک ئەو ئەدەبە بۆرژوازییە بەلاوە دەنێت و شەڕی لە دژدا دەکات. نایشارمەوە ئەوەی لەو ماوەیەدا فێری بووم، زۆر لەوانەی پێشووم زیاتر بوو. ئەمە ڕابردووی منە و هیچ کاتێکیش لێی پەشیمان نیم. جیاوازیی من و سەرجەمی هاوڕێکانیشم ئەوە بوو، من بە پلەی یەکەم بایەخم بە ئەدەب دەدا و ئەوان ئەدەبیان بە کەم دەزانی، تەنانەت لەسەر ئەوە زۆریش ڕەخنەیان لێ دەگرتم.. هەر بۆیە من زوو گۆڕام. «عەزیز حەسەن مەولان»ی هاوڕێشم وەک من ئەدەبی خۆشدەویست، بەڵام بە پلەیەکی کەمتر. ئەویش هەر وازی هێنا. ئەو ڕۆژگارە کاتێ دەمانویست لە بەرامبەر ڕژێمێکی دیکتاتۆریدا یاخی بین، هەر ئەو ڕێگایەمان شک دەبرد. پێم خۆشە ئەمڕۆ ڕەخنە لەو ڕێبازە ئەدەبییە دەگیرێت، بەڵام بەلامەوە سەیرە ئەو نووسەرانەی کە ئەوسا لە دەزگاکانی ڕژێمدا کاریان دەکرد، ئێستا بۆ شکاندنی هەندێ نووسەر ئەمە دەکەنە تۆمەت و دەیدەنە پاڵیان. من دوای ڕاپەڕین هەستم کرد لەناو ئەو قاڵبەدا جێگام نابێتەوە و بە دیدگایەکی فرەوانترەوە ڕوانیمە دنیای نووسین. دەبووایە ئەوەش بڵێم لە زانکۆ کاتم زیاتر بوو و زۆرترم دەخوێندەوە. ئاخر من هیچم لە قوتابی نەدەچوو. حەفتەی دوو ڕۆژ دەچووم بۆ دەوام. هەندێ جار لەناو محازەرەیش کتێبێکم پێبوو و دەمخوێندەوە. سکرتێرەکەمان زۆر خۆشیدەویستم و هەرگیز ناوی منی لە مەلەفی غیابدا تۆمار نەدەکرد، ئەگینا هەر زوو دەردەکرام. ئەو هاوڕێیەتییەشمان بە شێوەیەکی سەیر دەستی پێکردو چیرۆکی

خۆی هەیە. ڕۆژێکیان من جلی قوتابیانم لەبەر دانەبوو و ئیشێکیشم کەوتبووە لای ئەو. «دکتۆر ئیبراهیم خەلیل»ی سەرۆکی بەشەکەمان لە ژوورەکەی خۆیەوە منی بینی بەوێدا تێپەڕیم و پێی وتم مادام من ئەو جلەم لەبەر دانییە، بە هیچ شێوەیەک وەڵامم نەداتەوە، بەڵام ئەو بە ئیشارەت بانگی کردم و ئیشەکەی بۆ ڕاپەڕاندم. لە شپرزەییان لەجیاتی لیڤایکسەکەی خۆم، یەک مەلەفی گەورەی ئیشوکاری قوتابییانم لەسەر مێزەکەی هەڵگرتبوو. بەناو ئەو ڕاڕەو و بەردەم زانکۆیەدا پیاسەم دەکرد و قوتابییان لێم ڕادەمان. ئاوڕیان دەدایەوە و پێیم پێدەکەنین. لەپڕ برادەرێکی خۆمم بینی و بە سەرسوڕمانەوە پێی وتم: ئەرێ مردووت نەمرێ ئەوە چییە پێت..؟! دەڵێی تەمسیل دەکەیت و دەوری موەزەفە کۆنەکانی تاپۆی سەردەمی مەدحەت پاشا دەبینی..!! کاتێ لە خۆمم ڕوانی و ئەو شتە سەیرەم بە دەستمەوە بینی، دیمەنێکی ئێجگار عەنتیکەم هەبوو. تەزووێکی سارد لەسەرەوە تا خوارەوە وەک چلووره بەستمی. ئەگەر بەقەدەر ئەوە تی ئێن تیم پێ بوایە، ئاوا شپرزە نەدەبووم. ئەمە تێکشکانێک بوو بۆ گەنجێکی وەک من. نەشم دەوێرا لە ترسی سەرۆکی بەش بۆی بەرمەوە. ئەو زۆر ڕقی لە من و هاوڕێکانم بوو، چونکە ڕۆژانە هەوڵی لەگەڵ دەداین بمانکات بە بەعسی و نەدەبووین. چەند جار هەڕەشەی لێکردبووین و پێی وتبووین ئێمە دەستمان لەگەڵ تێکدەرەکان تێکەڵ کردووە. دەیتوانی تۆمەتێکم بداتە پاڵ و شوونبزرم بکات. کاتێ دەرفەتم هێنا و گەیاندمە دەستی سکرتێرەکەمان، لە پێکەنینا هەر پچڕا. پێی دەوتم، من کەوا هەموو مەرجێکی ئەکتەری کۆمیدیم تێدایە، بۆچی ناچم بۆ ئەکادیمیا. دەیوت: «هەرچەند تۆ دەبینم، حەسەن فایەقم بیر دەکەوێتەوە». ئەو ئەکتەرە کۆمیدییەی لەگەڵ «ئەنوەر وەجدی» و «لەیلا موراد» و «زینات سدقی»دا تەمسیلی دەکرد. منیش ئەو جارە بەسەرهاتێکی خۆمم بۆ گێڕایەوە، کە هەر لەو کۆلیژی پەروەردەیەدا تووشی ببووم. ئیدی بە ڕادەیەک پێکەنی، کەوتە سەر مێزەکەی و هێندەی نەمابوو ببووڕێتەوە. وێنەگرێ هەبوو لەناو باخەکانی زانکۆدا بە چەند پەنجاییەک وێنەی قوتابییانی دەگرت و دوایی زانیمان سیخوڕی ڕژێمە. من و هاوڕێکانم گاڵتەی خۆش خۆشمان لەگەڵدا دەکرد و لە سنوور بردبوومانە دەرێ. ڕۆژێک لەسەر قادرمەکاندا دکتۆرێکم بینی و بەرەو ژوورەکەی خۆی دەچوو، کە دوایی زانیم هی بەشی زمانی عەرەبییە، باڵای هەمان باڵای وێنەگرەکە و قاتە پەرپووتەکەی بەری هەمان شت بوو،

**ئەگەر بمەوێ لەناو ئەو هەموو دەنگانەدا جیاوازبم و بخوێندرێمەوە، دەبێت لە فۆرمی دیکەی چیرۆک بگەڕێم**

من وامزانی خۆیەتی. یەک شەقی قایمم لە شوێنێکی زۆر خراپی دا و بە سەرسوڕمانێکی عەنتیکەوە ئاوڕی دایەوە. لێم ڕاما و چاوەکانی گریان دەهاویشت. تووشی شۆک بووم. ئەوەندە تووڕە ببوو، دەرفەتی نەدام بۆی ڕوون بکەمەوە و داوای لێبوردنی لێ بکەم. بۆم هات و ڕام کرد. خۆم گەیاندە بەردەرگا و بە پێچوپەناکاندا تا سەر شەقامی بەردەم زانکۆ نەوەستام. لەوێ تاکسیم گرت و چوومەوە بۆ ژوورەکەم لە دەرواسە. تووشی حاڵەتێکی زۆر ناخۆش بووم و چەند ڕۆژ نەمدەوێرا بچمەوە بۆ دەوام. دوایی باش بوو، کەس باسی نەکردەوە. ئەمانە حاڵەتی نووسین بوون و خەیاڵی کاریگەریان پێ دەبەخشیم.. زانکۆ بۆ من پڕی بوو لە بەسەرهاتی سەیر سەیر، کە هەندێکیان زۆر خۆش و بڕێکیان تا بڵێی تاڵن. دیارە ڕۆژگارێ هەموویان دەنووسمەوە. لەوێ هاوڕێی خوێندەوار و هۆشیارم بۆ پەیدا بوون. زۆر وشەی نوێ فێر بووم. «عەزیز حەسەن مەولان»م ناسی و زۆربەی کات بە یەکەوە بووین. ئەو بە سروشتی خۆی زمانێکی زۆر ڕەوانی هەبوو. کاتێ قسەی دەکرد، من دیقەتم لەو هونەرە دەدا، کە ئەو وشانەی بەیەکەوە کۆکردۆتەوە و دەتوانێت تا ئەو ئاستە کاریگەر بێت. هەر چیم دەنووسی، پیشانی ئەوم دەدا. من ئەگەر هەندێ کەس پێیان وایە بە زمانێکی ڕەوان دەنووسم، ئەوە بەشێکی هونەرەکەی بۆ ئەو هاوڕێیەم دەگەڕێتەوە. جارێکیان چیرۆکی «هونەری چێشت لێنان»ی منی خوێندەوە. وتی بیرۆکەی زۆر جوانی تێدایە، بەڵام هەر کەسێ خەڵکی لادێ بێت و ئەمە بخوێنێتەوە، لە قاقای پێکەنین دەدا. هەندێ وشەم بە هەڵە بەکار هێنابوو و ئەو ڕاستییەکانی پێ وتم. ئەو چیرۆکە باسی کوڕێکی عەرەبی لادێیی دەکرد، کە لە بەشەکەی خۆمان بوو و تەنیا بۆ ئەوەیان هێنابوو، تا قوتابییان بکاتە بەعسی و ببێتە سیخوڕ بەسەریانەوە. بنەماڵەکەی بۆ تەعریب کردن هاتبوونە بناری کەرکووک و کوردیشی دەزانی. ڕۆژانە شەڕی بە ئێمە دەفرۆشت. من نەمتوانی ژیانی ئەو ڕێک وەک خۆی بنووسمەوە، بۆیە گۆڕا و بووە کەسێکی دیکەی تەواو جیاواز. لەمەوە زانیم هونەری چیرۆک هەمیشە ڕێگرە لەوەی ئێمە کەسانێک بخوڵقێنین، تەواو خراپ یان تەواو چاک بێت. لەو دوو ساڵەی بەهۆی بەشداری نەکردنم لە «مەشقی هاوینەی سەربازی» لە زانکۆ دەرکرام، هەموویم بۆ خوێندنەوە تەرخان کرد. زۆر چیرۆکیشم نووسی، بەڵام چونکە کۆمۆنیستێکی دۆگماتیست بووم، سەرم لە کارەکتەرەکانم شێواندبوو و نەمدەهێشت بە ئازادیی خۆیان بژین. بێجگە لە یەک دووێکیان، ئەوانی دیکەم

بەکەڵک نەهاتن. بە هەرحاڵ من لە پۆلی شەشەمی ئامادەییەوە دەنووسم، کە دەکاتەساڵی ١٩٨٥، بەڵام مێژوویەکی زۆر کورتم لە بڵاوکردنەوەدا هەیە. یەکەمجار ساڵی ١٩٩٤ لە گۆڤاری «وان»دا، کە لە سوێد دەردەچوو چیرۆکێکم بڵاوکرایەوە و دواتر لە ١٩٩٨ کۆچیرۆکی «ئەسپیدیلۆن»م بە چاپ گەیاند. ساڵی ٢٠٠٠یش ڕۆمانی «ئای لەڤیلیا لەڤیلیا..!!»م کەوتە بەرچاوی خوێنەران، ئەمساڵیش بەشی یەکەم و دووەمی کتێبی «منداڵیم ئاسکێک بوو بەسەر پەلکەزێڕینەکاندا بازبازێنی دەکرد»م دەرچوو. بەڵێ، من وەک پێویست لای خوێنەری کورد نەناسراوم. لەو کۆڕەی کە لە «٢٠٠١/٦/١٣» لقی هەولێری یەکێتیی نووسەرانی کورد بۆی ساز کردم، لەمە دوام و نامەوێ جارێکی دیکە بچمەوە سەری، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر نووسەر لەبارەی چیرۆکەکانم نووسیویانە، کە هەندێکیان لێرەن. بەلامەوە سەیرە ئەوەندە خوێنەرە بەرهەمی منیان خوێندۆتەوە، ئەوە لە کاتێکدا دە دانە نەگەیشتۆتە کوردستان. هەندێک کۆپییان کردووە و هی واش هەن داوام لێ دەکەن، کاتێ گەڕامەوە، بۆیان بنێرم. شتی نوێ کە لێرەدا بمەوێ بیڵێم ئەوەیە زیاتر پێم خۆشە لە ڕێگەی کتێبەوە دەرکەوم و زۆر حەز لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان ناکەم. هەندێ لەو گۆڤار و ڕۆژنامانەم وەکو قەیسەرییەکانی ناو بازاڕ و نووسەرەکانم لە شێوەی ئەو دووکاندارانە دێنە بەرچاو، کە هەر جارێ بەوێدا بڕۆیت، دەیانبینیت و هیچ لە جووڵە و هەڵسوکەوتەکانیان ناگۆڕێت. بڕێک لەو نووسەرانە زیاتر بۆ ئەوە دەردەکەون باس لە گەورەیی ئەو تێکستانەیان بکەن، کە تا ئێستا بڵاویان کردوونەتەوە. من تا ئەمڕۆ سێ کتێبم چاپکردووە و یەکێکیشم لە دەزگای موکریانی چاوەڕێی چاپ بوونە، تەنیا کۆڕێکم گێڕاوە و ئەمەش یەکەمین چاوپێکەوتنمە. زۆربەی ئەوانەی لەو گۆڤار و ڕۆژنامانەدا خەریکی تایپ کردنن، زمانی کوردی بە چاکی نازانن، بۆیە لە هەر لاپەڕەیەکدا دەیان هەڵەی چاپ و هی ڕێنووس و خاڵبەندیت بەرچاو دەکەوێت. من زۆر گرنگی بە شێوازی نووسین دەدەم و دەترسم تێکستەکانم وەک ئەوەی خۆم دەمەوێ، نەکەونە بەرچاوی خوێنەر. هیوادارم ئێوەش ئاگاداری ئەم خاڵە بن.

*** هەندێک شوێن بەردەوام لای تۆ دووبارە دەبنەوە وەک هەولێر بە قەڵا و سەرجەم گەڕەکەکانییەوە. ئایا ئەم بایەخدانەی تۆ بە شوێن، مەبەستێکی تایبەتیی لە پشتەوە هەیە؟!**

ـ من هەرگیز بۆ نووسین پلانم نەبووە، بۆیە لە هیچ کارێکمدا مەبەستی تایبەتی ناخەمە بەرچاو، بەڵام هەندێ تێگەیشتنی خۆم لە شتەکانی دەوروبەرم هەمیشە دەبنە بیرۆکەو لای کارەکتەرەکانم ڕەنگ دەدەنەوە. من باس لە خۆم دەکەم. بەبێ ویستی خۆم لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا بوونم هەبووە و هەیە. هەولێر و سلێمانی و مووسڵ و بەغدا و دواتر ئەڵمانیا و دانمارک و هەر شوێنێکی دی، کە تێیاندا ژیاوم، بۆ من قەدەرێکن و هیچ دەستەڵاتێکم لە هەڵبژاردنیاندا نەبووە. باوەڕم بەوە نییە شوێنێک هەبێت لە شوێنێکی دی چاکتر، یان خراپتر. شوێنێک نییە بۆ نووسین دەستبدات و شوێنێکی دیکە دەست نەدا. هەر شوێنێک تایبەتمەندێتیی خۆی هەیە و لە شوێنێکی تری جیا دەکاتەوە. هەر بۆیە چیرۆک و ڕۆمان و شیعری جۆراوجۆریش هەن، ئینجا باسی توانای خەڵقکردنەوەی ئەو شوێنانە دێتە گۆڕێ، کە کێ دەتوانێت هونەرمەندانە بۆ ناو دنیای نووسین بیانگوێزێتەوە. ئەو بیابانەی پێمان وایە لە لمی وشک زیاتر هیچی دیکە نییە، چیرۆکنووسی شارەزا دەتوانێت هەزارەها کانیی سازگار و مێرگی جوان و گەوهەری بەنرخی تێدا بدۆزێتەوە. شوێن ئەوەندەی ڕووبەرێکی دەرەوەی مرۆڤە، ئەوەندەش هی ناوەوەیەتی. ئەمە ئەو لۆژیکەیە، کە من ویستوومە لە زۆربەی چیرۆکەکانمدا ئیشی پێ بکەم، بەتایبەتی لە «کارگەی بووکە شووشە»دا. پێوەندیی مرۆڤ بە شوێنەوە هەمیشە لە فەلسەفەدا پرسیارێکی جددیی بووە. پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەر چینییەکان وتوویانە: چونکە ئاسمان خڕە و زەوی چوارگۆشەییە، بۆیە سەریش خڕە و پێ چوارگۆشەییە. مادام ئاسمان ڕۆژ و مانگ و ئەستێرە و با و باران و هەورەتریشقە و برووسکی هەیە، ئەوە مرۆڤیش چاو و ددانی هەیە، دەنگ و جووڵە و تووڕەبوون و ئاسوودەییی هەیە. ئەگەر زەوی خاوەنی شاخ و دۆڵ و تاوێر و بەرد و گژوگیا و درەختە، ئەوە جەستەی مرۆڤیش شان و بنهەنگڵ و مەمک و چاڵوچۆڵی و ماسوولکە و تووکی هەیە. چوار پەلەکە، واتە دەست و قاچ لەبری چوار وەرزی ساڵن. دوازدە بڕگەکە وەک دوازدە مانگەکەی ساڵن. ڕەنگە «ئیبن خەلدوون» یەکەمین کەسێک بێت لە ڕووی سۆسۆلۆژییەوە لەو پێوەندییەی کۆڵیبێتەوە، بۆیە لە ڕووی تۆبۆگرافیاوە گۆی زەویی بەسەر سێ ناوچەدا دابەشکردووە و هەر یەکەیان جۆرێ لە مرۆڤ بەرهەم دەهێنێت، ئەو مرۆڤانەش هەڵگری کۆمەڵێ خاسیەتی جیاوازن. لە تێڕوانینی «ڕۆسۆ»شەوە مرۆڤ خوڵقاوی دەستی سروشتە و بەشێکی دانەبڕاویەتی. سەیر نییە ئەگەر شوێن تا ئێستاش گرنگترین ڕەگەزی چیرۆک و ڕۆمان بێت. دەرکەوتنی شوێن بەو زەقییە لای من لەوەشەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ڕابردوو گرنگترین کاتی سەرجەمی چیرۆکەکانمە. پێم وایە ئەو پرسیارەی ئێوە ئەوەش دەخوازێ باس لەو حاڵەتی گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو بکەم، کە من تێڕوانینی خۆمم بۆی هەیە و پێم وایە تەنیا «منداڵبوونەوە» و «هەستکردن بە گوناه» نین، وەک تیۆری سایکۆلۆژی پێمان

دەڵێت، ئەو حاڵەتەمان لا دەخولقێنن، بەڵکو هۆکاری دیکەش هەن. ئەویش ئەوەیە ڕووداوە زۆر و ترسناکەکانی دەوروبەرمان هەمیشە ڕێگرن لەوەی ئێمە بە شێوەیەکی سروشتی و فیزیکی کاتی خۆمان ببڕین و ساتەکان بە ئاگاییەوە پڕ بکەینەوە. دەزگاکان ڕۆژ بە ڕۆژ بەها ڕۆحییەکانی ئێمە داگیر دەکەن و هەستی بینینی جوانییەکانمان تێدا دەکوژن. هەروەها «سوپەر ئیگۆ» لە کۆمەڵگای ئێمەدا بە هێزێکی گەورەتر و کاریگەرتر کۆنترۆڵی خۆی لەسەر خود دەسەپێنێت. ئێمە درەنگتر لەوەی پێویستە بە هۆشیارییەکانمان دەگەین. دواتر کاتێ هەندێ هۆشیاری بەدەست دەهێنین، تووشی ڕاچەنین دەبین. ئەو هۆشیارییە بەشی ئەوە ناکات ئێستا پێی بژین، بەڵکو بۆ تەمەنێکی زووتر دەست دەدات. لێرەوەیە کاریگەریی نۆستالۆژیا بەهێزێکی گەورەوە دەردەکەوێت. ئیدی کات هەموو سیفەتە واقیعییەکانی خۆی لە دەست دەدات و دەبێتە خەیاڵ. خەیاڵێکی پەرتوبڵاو و تێکشکاو. ئەگەر ئەوسا بەبێ ئاگایی و بێ ویستی خۆمان تەنیا بە ستوونی پێیدا تێپەڕبووین، ئەوە ئێستا بە ستوونی و ئاسۆییەوە بەسەری دەکەینەوە. ئینجا ئەو وەهمانەمان لا دەخولقێت، کە تەنیا لەناو شوێنەکاندا لێی بگەڕێین. من هێشتا قسەم ماوە لە بارەی ئەوەوە بیکەم، کە بۆچی شوێن لە هەر ڕەگەزێکی دیکە زیاتر لە ئیشەکانمدا دەردەکەوێت. چەند ساڵێکە تووشی نەخۆشییەکی سەیر بووم، ئەویش ئەوەیە هەستی بینینی شوێنم زۆر کز بووە، یان بە ئێجگاری لە دەستم داوە. ئەوە عادەتی جوولە «العادة الحركية»یە من بۆ ئێرە و ئەوێ پەلکێش دەکات. دەستەکانم هەر وەک ڕاهاتنێک کلیلەکە لە گیرفانم دەردەهێنن و دەرگای پێ دادەخەن. قاچەکانیشم بە هەمان شێوە دەمگەیەننە کتێبخانە، گوایە من فەرمانبەرم و ڕۆژانە لەوێ حەوت سەعات کار دەکەم. بەبێ ئەوەی ئاگام لێ بێت، دەستەکانم کتێبەکان لە یەکتر جیا دەکەنەوە و دەیانخەنە سەر ڕەفەکان. ڕۆژێک «چۆمان هەردی» لە لەندەنەوە هاتبوو بۆ کۆپنهاگن. لەپڕ دەستی بۆ نەخشی سەر دیواری ئاپارتمانێکی زۆر گەورە ڕاکێشا و وتی: «ئەمە چەند جوانە..!!». من سەرم هەڵبڕی و لێی ڕامام. ئەو هەموو جارە بەوێدا ڕۆیشتبووم، کەچی نەک هەر نەخشەکە، بەڵکو ئەو ساختمانە گەورەیەشم نەدیبوو. هی ئەوە نەبوو نەبینرێت.... چەند مانگ پێش ئێستا لە نزیک ستاشیۆنی شارەکەم، کە چەند مەترێک لە ماڵەکەمەوە دوورە، بەلای چەپدا ڕوانیم و درەختێکی ئێجگار گەورەم کەوتە بەرچاو. ئەو درەختە بە ڕادەیەک سەیرە، ئەگەر بیبینی، ناکرێ بۆ ماوەیەک لێی ورد نەبیتەوە. لقەکانی، کە بەشێوەیەکی هونەریی بەرز شۆڕبوونەتەوە و بەقەدەر پانتاییی قوتابخانەیەک شوێنیان داگیرکردووە، بازنەیەکی جوانیان لەسەر ئەو گیایەدا کێشاوە، کەچی من سێ ساڵ هەموو ڕۆژێ دوو جار و سێ جار بەلایدا تێپەڕی بووم و نەمدیبوو. ئەوە چ نەهامەتییەکە من دراوسێی درەختێکی فەنتازیم و نەمزانیوە. ئەوسا «جیهانگیر»م بیرکەوتەوە، کە لەپڕ لەو ڕێگایەی هەموو ڕۆژێ هاتوچۆی پێدا دەکات، کووخێکی لە بەردەمدا قوت دەبێتەوە و پیرەژنێکی لێ دێتە دەرێ.... ئەو جارە خاوەنی ماڵەکەم هات و پێی وتم سەد کرۆن لە کرێی خانووەکەم زیاد دەکات، چونکە نرخی کارەبا بەرزبۆتەوە. منیش ناڕەزاییم دەربڕی و وتم: «برادەرەکانم زۆر لەمن هەرزانتر ژووریان بە کرێ گرتووە». ئەویش لە پەنجەرەکەوە دەستی ڕاکێشا و پێی وتم: «بەڵام ئەوان باخی ئاوایان هەیە..؟!» ئەو ڕاستی دەکرد ئەو باخەی بەردەمم زۆر فرەوانە، بەڵام دەتوانم بڵێم من هەرگیز نەمدیبوو. پارەی باخێک دەدەم، کە تا ئێستاش هەست ناکەم هی منە و تێیدا دەژیم. ئەگەر سەرنج بدەیتە کۆمەڵەی «ئەسپیدیلۆن»، ئەوە دەبینی مەنفا بابەتی هاوبەشی هەموو ئەو چیرۆکانەمە، کە لە «١٩٩٢-١٩٩٧» نووسراون، بەڵام لەوە بە دواوە تاقە چیرۆکێکم نەنووسیوە باس لەو بابەتە بکات. ئەو حاڵەتە ئەگەر ڕۆژانە تووشی تەنگوچەڵەمەم دەکات، بەڵام هێزێکی گەورەیشی پێ بەخشیوم، کە شوێن بە شێوەیەکی زۆر جیاوازتر ببینم. دەزانم دوای چەند ساڵێکی دیکە ئینجا ئەم شوێنانە هەست پێدەکەم و دەتوانم لە ڕێگەی زمانەوە بیانخولقێنمەوە.، بەڵام من وەک چیرۆکنووسێک هەرگیز مەبەستم ئەوە نییە ڕابردوو بگەڕێنمەوە بۆ ئێستا، هەتا ئەگەر بشمەوێ، هەر ناتوانم، بەڵکو گەرەکمە لەو وزە بەسەرچووە کەڵک وەربگرم و دنیایەکی جیاوازتری پێ بخولقێنم. من تەکنیکی چیرۆکەکانی خۆمم لەسەر ئەم بنەمایە دارشتووە و مەبەستمە لەو گەڕانەوەیەمدا هەموو ئەو شتانە دەربخەم، کە ئەوسا نەمدیبوون یان سەرنجیان ڕانەکێشا بووم. لێرەوەیە لای من شوێن وەک کارەکتەر پێویستیی بە گیان هەیە و دەبێت کاریگەر بێت. لە ڕەهەندێک زیاتر لە خۆی بگرێت.

*** ئەو ڕەهەندانە چین؟**

ـ ئەفسانە، سومبول، مێژوو، ئیستاتیکا.... تاد.

*** چیرۆکنووسانی کورد چۆن مامەڵەیان لەگەڵ شوێندا کردووە؟**

چیرۆکنووسی ئێمە چونکە شوێنیان ڕاستەوخۆ لە مێژووەوە ڕاگوێزاوەتەوە، بۆیە نەیانتوانیوە وەک ڕەگەزێکی گرنگ و سەربەخۆ ئیشی پێ بکەن. شێوازی مێژوونووسین، نەک فەنتازیا بەسەر زۆربەی چیرۆکەکانیاندا زاڵە. هەڵبجە و کەرکووک و شوێنەکانی دی لای مێژوونووس و چیرۆکنووسەکانمان هەمان سیمایان هەیە. واتە شوێن تەنیا ڕەهەندێکی مێژوویی بە خۆوە گرتووە، کە پێشتر لە یادەوەریی کۆی ئێمەدا ئامادە بووە. ئەمەش لەلایەک پێوەندیی بە

جیهانبینییانەوە هەیە، کە هەمان جیهانبینیی سیاسییەکانە. واتە ئەوان زمانێک بەکار دەهێنن، کە پێشتر ئایدیۆلۆژیا ئەزموونی کردووە و بەتەواوی سواوەتەوە. لە لایەکی دیکەش تەکنیکی گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ، کە لە بنەڕەتدا تەکنیکی گێڕانەوەی ڕووداوی مێژووییە، تا ئێستاش ئیشی پێ دەکرێت. ئەم تەکنیکەش بە زمانێکی ساکار جێبەجێ دەبێت و لە وزەیدا نییە نە شوێن و نە کات و نە ڕووداویش بە شێوەیەکی دیکە بخولقێنێت. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە چیرۆکنووس و ڕۆماننووسمان نییە وەک چەمکێکی سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵ شوێندا کردبێت و لە سیما واقیعییەکەی خۆیان دابڕیبێت، بەڵام ئەو هەوڵانە زۆر زۆر کەمن.

*** چیرۆکەکانت زیاتر لە ڕۆمان نزیکن تا لە چیرۆکی کورت؟**

ـ تۆ مەبەستت لە کۆمەڵە چیرۆکی «ئەسپیدیلۆن»ە، کە دوای ڕاپەڕین نووسراوە و بە قۆناغی دووەم دادەنرێت لە مێژووی نووسینی چیرۆکی مندا، بەڵام ئەوانەی پێش ڕاپەڕین بەرهەمم هێناون و ماوەیەکی دی بە ناوی «سەدەی یەکەمی خەیاڵ» چاپ دەکرێن، زۆر کورتن. دیارە ئەمەیان پێوەندیی بە جیاوازیی بابەت و ئەزموون و بیرکردنەوە و تێگەیشتن لە تەکنیکی نووسینەوە هەیە. ڕوونتر بڵێم کارەکتەری وا هەیە زیاتر وشەی پێویستە، بۆ ئەوەی بەڕاستی دەرکەوێت و بەشێک لە کێشەکانی خۆیان بۆ دەربخات. سەرەتا مەبەستی یەکەمم ئەوەبوو کەسی سەرەکیی چیرۆک باس لە خەمەکانی بکات و تەنیا لە گۆشەنیگایەکەوە لە ناخی خۆی بڕوانێت، وەک چیرۆکی «خولەکانی فێرکردن» و «مانگا» و «شیری مادەس» و ئەوانی دیکە، بەڵام کارەکتەری چیرۆکەکانی دوای ڕاپەڕینم خەمەکانیان گەورەترە و دنیایەکی جیاوازتریشیان هەیە، بۆیە پانتاییەکی زیاتر لە خەیاڵم داگیر دەکەن. ئەمەش وا دەکات لەناو قاڵبێکی تەسکدا جێگایان نەبێتەوە و بە دوای ڕووبەری فراوانتردا بگەڕێن. بە مانایەکی دیکە من جاران لە تەنگوچەڵەمەکانی مرۆڤ دەدوام و ئێستا لە مرۆڤ خۆی دەدوێم. ئەوە بوونی مرۆڤە تەنگوچەڵەمەیەکی گەورەی لەگەڵ دەوروبەر پێکهێناوە، بۆیە هەر ئەویش سەنتەری ڕووداو و بەسەرهاتەکانە. جاران ئەگەر لە باخچەیەکدا گوڵێکی جوان سەرنجی ڕابکێشامایە و بمویستایە بۆ یەکێکی دیکەی بگێڕمەوە، ئەوە تەنیا باسی ئەوەم دەکرد ئەو دیمەنە چەند لەزەتی پێ بەخشیوم، بەڵام ئێستا دەزانم جوانیی ئەو گوڵە بە تەنیا هی خۆی نییە، بەڵکو قەد و لاسک و گەڵا و سەرجەمی باخچەکە و ئاووهەوا و باخەوانەکەش لەو جوانییەدا ڕۆڵیان هەیە. دەزانم ئەو گوڵە ڕۆژێک سیس دەبێت و دەرەنگ یان زوو باخەوانەکەش دەمرێت، ڕەنگە سەرجەمی باخچەکەش وێران بێت. بۆیە هیچیان فەرامۆش ناکەم.

کەواتە زیاتر لە مەسەلەیەک هاتە گۆڕێ و ڕەگەزی جیاواز جیاوازیش دەرکەوتن، وەک مرۆڤ، سروشت، مێژوو، بەڵام هەموویان پێوەندییان بەیەکدییەوە هەیە. ساڵی **١٩٩٣**کاتێ بە شەمەندەفەر لە شاری «کۆپنهاگن»ەوە بەرەو شاری «ئەلبۆرگ» سەفەرم دەکرد، دەیان شار و شارۆچکەم دەبینی و هەزاران دیمەنی جوان سەرنجیان ڕادەکێشام. دوای ئەوە بە ئوتۆمبیل بەناو هەمان ئەو شارانەدا چوومەوە، ئەوسا هەستم کرد دیمەنی جوانی دیکەی جیاواز جیاواز دێنە بەربیناییم، کە زۆر لەوانەی پێشوو جیاواز بوون و وامدەزانی من هەرگیز بەو شارانەدا تێنەپەڕیوم. ئاخر شەمەندەفەر بە قەراغی شارەکاندا تێدەپەڕێت و ئۆتۆمبیل بە ناوەڕاستیاندا. بۆم دەرکەوت ناخی مرۆڤیش ئاوایە، دەبێت بە قەراغی و بە ناوەڕاستیدا تێپەڕی و زیاتر لە سەفەرێکی بەناودا بکەیت. ئەمەم کردە تەکنیک. یەکەم جار لە چیرۆکەکانم و دوایی چڕتر لە ڕۆمانی «ئای لەڤیلیا لەڤیلیا..!!»دا بەکارمهێنا. من هەر ڕووداوێک، دیمەنێک، کارەکتەرێکم زیاتر لە جارێک و بە شێوەی جیاواز و لە کاتێکی جیاوازدا دەردەخست، بۆیە ئەوانەی لەو تەکنیکە تێناگەن، پێیان وایە درێژدادڕیم کردووە. مێژووی ئێمە بەدرێژاییی خۆی ئەوەندەی هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو گۆڕانکاریی بەخۆیەوە نەدیوە. هەڵگیرسانی شەڕی عێراق و ئێران، گرتن و شوونبزرکردنی هەزارەها بارزانی لە چەند سەعاتێکدا، ڕاپەڕینی قوتابییان، شەڕی براکوژی، ئەنفال، هەڵەبجە، داگیرکردنی کوێت، شەڕی کەنداو، ڕاپەڕین، کۆڕەو، جارێکی دیکە و دوان و دەی دیکە شەڕی براکوژی، کۆچی بەکۆمەڵ. من لە هەشتاوپێنجەوە، کە چیرۆک دەنووسم، لەناو ئەو ڕووداوە خێرایانەدا حەیران و سەراسیمەم. هەست دەکەم بەردەوام پێویستم بە تەکنیکی نوێتر و زمانی قووڵترە بۆ دەربڕینی نهێنییەکانی ئەو مێژووە پڕ لە کارەساتە. ئەمە هۆیەکی دیکەیە لەوەی چیرۆکم لە درێژبوونەوە دایە. جا بە حوکمی ئەوەی نووسەر لای ئێمە زیاتر لەناو ڕووداوە واقیعییەکاندا دەخولقێت، نەک لەناو خودی خۆی، بۆیە ئەو ڕووداوانە ژمارەیەکی زۆر لە نووسەری هاوشێوەیان هێناوەتە ناو گۆڕەپانەکەوە. ئەوانیش ئەدەبێکی هاوشێوەیان بەرهەم هێناوە. ئەمەش ئەرکی منی وەک چیرۆکنووسێک قورس کردووە، چونکە بۆ ئەوەی بمەوێ لەناو ئەو هەموو دەنگەدا جیاواز بم و بخوێندرێمەوە، دەبێت لە فۆرمی دیکەی چیرۆک بگەڕێم. ئەو فەزایەی دوای ڕاپەڕینیش لە خوارووی کوردستاندا هاتە کایەوە، بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە نووسەری بەشەکانی تر ڕووی تێبکەن و بەرهەمیان بڵاوبکەنەوە. دیارە من چ ئەمەیان و چ زۆربوونی ژمارەی نووسەران پۆزەتیڤانە دەبینم، بەڵام ئەرکی هەر یەکەشمان لەوەدا قورستر دەکات، کە دەمانەوێت وەک

دەنگێکی نوێ دەربکەوین. کەواتە ئەم سەردەمەی ئێمە وزەی زیاتری دەوێ لەو سەردەمانەی «گۆران» و «حوسێن عارف» و «شێرکۆ بێکەس» و «شێرزاد حەسەن» و دواتر «بەختیار عەلی»کە وەک پێنج دەنگی جیاواز خۆیان ناساند. دیارە ئەم پێنج دەنگەم هەروەک نموونە هێنایەوە، ئەگینا هەر لەو سەدەمانەدا دەنگی دیکەی هاوشانی ئەمانەش هەن، وەک «ڕەفیق سابیر» لە حەفتاکان و «ڕێبوار سیوەیلی» لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا. من پێم وایە هەموو ئەمانە ڕێخۆشکەرن بۆ پەیدابوونی چیرۆکی درێژ و ڕۆمان، بۆ ئەوەی لەوێدا خۆمان لە یەکدی جیابکەینەوە. لە ئەدەبی گەلانیشدا شتێکی سەیر نییە، کە زۆر لە ڕۆماننووسە چاکەکان بە چیرۆکی کورت دەستیان پێکردووە و دوایی بەرەو دنیای ڕۆمان هەنگاویان ناوە. «جیمس جۆیس» پێش ئەوەی بە ئێجگاری ڕوو بکاتە نووسینی ڕۆمان، چیرۆکنووسێکی زۆر سەرکەوتوو بوو. ئەگەر بشێ من دەڵێم مەبەستمە چیرۆک لە شێوەی ڕۆمان و ڕۆمان لە شێوەی چیرۆک بنووسم.

*** گرنگییەکی زۆر بە ئافرەت دەدەیت. ئەم گرنگیدانە سەرچاوەیەکی دیاریکراوی هەیە؟ ئایا کاتێ پیاو دەیەوێت لە بارەی ئافرەتەوە بدوێت، چ تەنگوچەڵەمەیەکی دێتە سەر ڕێگا؟**

ـ دوو تا سێ پرسیار لە پرسیارێکدا.. شتێکی جوانە..!! پیاوانی دیکەی پێش من ئەوەندەیان لە بارەی ئافرەتەوە وتووە، شتێکیان بۆ نەهێشتوومەتەوە، تا لێرەدا بیلێم. وەک هەڵەبجە و ئەنفالی لێهاتووە. هەست دەکەم هەرچی من لەم ڕووەوە باسی بکەم، سواوەتەوە. من ئێستا هەقم بەسەر ئایدۆلۆژیا و سیاسەتەوە نییە، کە چۆن لێی دەڕوانن. خۆشم لەوە دەپارێزم پەنا بۆ تیۆری سایکۆلۆژی بەرم، بەڵکو تەنیا وەک چیرۆکنووسێک دەدوێم. با سەرەتا ڕووبەرێک بۆ ئەوە بەجێبهێڵین، کە ڕواری «عەفەویەت» بەشێکە لە پرۆسەی داهێنان و کەم و زۆر دەستەڵاتی نووسەر کۆنترۆڵ دەکات. پێشتریش وتم من بۆ نووسین هیچ پلانێکم نییە. بەڵێ، کاتێ کۆمۆنیست بووم، زۆر مەبەستم بوو لەسەر ژنی چەوساوە بنووسم و باس لە یەکسانیی ئەو و پیاو بکەم، بەڵام تێیدا سەرکەوتوو نەبووم. بێجگە لە چیرۆکی «قەرەج»، کە دواتر ساڵی ١٩٩٤ لە دەستم بەڕەڵڵا بوو و لە گۆڤاری «گزینگ»دا بڵاوکرایەوە، ئەوانی دیکەم لای خۆم گلدایەوە. دوای ئەوە بیرم نایەت ویستبێتم لە ڕێگەی ئافرەتەوە پەیامێک ڕابگەیەنم و بە چاکیش لەوە تێناگەم بۆچی ئافرەت بەو شێوە زەقە لە دنیای مندا هەیە. ئەوەی لام ڕوونە ئەوەیە، کە بۆ من نووسین لەبارەی ئافرەتەوە جیاواز نییە لە نووسین لەبارەی مرۆڤ بەگشتی. کەواتە من ئێستا دەتوانم تەنیا وەڵامی ئەو پرسیارەت بدەمەوە، کە وەک چیرۆکنووسێکی پیاو چ تەنگوچەڵەمەیەکم هەیە، کاتێ باس لەو ڕەگەزە دەکەم. پێم وایە کەم و زۆریش پێوەندیی بە پرسیارەکانی دیکەوە هەیە. گرفتێک کە من لێرەدا هەستی پێ بکەم، تەنیا تەکنیکە. ڕوونتر بڵێم من وزەیەکی زۆرم دەوێ تا ئەو «من»ە نێرە بە «من»ی مێ بگۆڕم. ڕەنگە ئەمە بە تەنیا گۆڕین نەبێت، بەڵکو دروست کردنیش بێت، چونکە ئەو «من»ی مێیە لەناو زمانی کوردیدا بە تەواوی ونە و لە گراماتیکی ئێمەدا خاوەنی سیمای هیچ دەستەڵاتێک نییە. بە پێچەوانەی زۆر لە زمانەکانی دیکەی وەک عەرەبی و ئینگلیزی، کە تێیاندا ڕاناوی کەسی «personal pronoun» سەربەخۆییی خۆیان هەیە، لە زمانی ئێمەدا تەنیا ڕاناوی کەسیی گشتی هەیە، کە ئەویش بە تەواوی هێما بۆ پیاو دەکات، یان دەتوانین بڵێین پیاو دەستی بەسەردا گرتووە. هەروەها ڕاناوی ئاماژە «demonstrativt pronomen»یش، واتە جیاکردنەوەی ڕەگەزی نێر و مێی کەس و شتەکان هەر یەکێکە. بۆیە کاتێ کارەکتەرێکی مێ لە چیرۆکی پیاوێکدا بەو «من»ە دەدوێت، ئەوە خوێنەر وەک نێرێک وەری دەگرێت. من ناچارم هەر لە سەرەتاوە ناسنامەی ئەو مێیە دەربخەم. ئەویش لە ڕێگەی هەندێ سیگناڵی تایبەت بە خۆیەوە. بۆ نموونە چیرۆکی «خوێنی کونەپەپوو» ئاوا دەست پێدەکات: «کە کارەبا بڕا و گڵۆپەکان کوژانەوە، من خەریکی بۆیەکردنی نینۆکەکانم بووم». ئیدی خوێنەر دەزانێت ئەوە کچێکە یان ژنێکە، دەنا وا تێدەگات خۆمم یان پیاوێکی دیکەیە.. جارێکیان لەگەڵ برادەرێکم لەناو پاسێکدا بووم، کە ژنێک لێی دەخوڕی. بەو هاوڕێیەمم وت مەتەڵێکم هەیە با هەڵی بێنیت. لە شوفێرێکیان پرسی: «ئەو کوڕەی لەگەڵتە، چیی تۆیە؟». شوفێرەکە وتی: «کوڕمە و باوکیشی نیم». ئەو هاوڕێیەم هەرچەندی کردی و کۆشای نەیزانی بڵێ شوفێرەکە ژن بووە، کەواتە دایکیەتی نەک باوکی. لە کاتێکدا ئەو بە بەرچاویەوە پاسەکەی لێدەخوڕی. ئەو مەتەڵە بە زمانێکی دیکە بووایە، هەر زوو دەردەکەوت، بەڵام ئەو هاوڕێیەم لەبەر دوو هۆ نەیزانی. یەکەم: سەرجەمی شتەکان هی پیاون و پیاو نموونەیەکی ئامادەیە بۆ هەموو کارێک، چاک یان خراپ. بە کورتی پیاو نەک هەر پاس، بەڵکو هەموو دنیا بە ژنیشەوە لێدەخوڕێت.. دووەم: زمانی کوردی بنەمایەکی پیاوانەی هەیە. ئیدی ئەمە کاری ئێمە لە نووسەری هەر نەتەوەیەکی دیکە زەحمەتتر دەکات، کاتێ دەمانەوێ ژن لە کارەکانمدا بکەین بە بابەت، ئەگینا من بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەو ڕایەدا نیم، کە دەڵێت تەنیا ئافرەت خۆی دەتوانێت لە بارەی خۆیەوە بنووسێت. ئەو ڕایە چەمکی «تێگەیشتن» دەکاتە مەحەک. لە کاتێکدا لای من ڕێک لێرەوە خۆی پووچ دەکاتەوە، چونکە نووسین بۆ ئەو شتانەن لێیان تێناگەین،

نەک ئەوانەی نهێنییەکانیان دەرکەوتوون. ئەگەر بکرێت وتەیەکی «ڕۆلان پارت» بە کەمێ دەسکارییەوە وەربگرم، ئەوە دەڵێم من کاتێ چیرۆک دەنووسم، باسی ئەو شتانە ناکەم، کە دەیانزانم، بەڵکو لەگەڵ خوێنەردا لەو شتانە دەگەڕێم، کە نایانزانم. ئێستا من لێرەدا بە هۆی ئەو پرسیارانەوە گەیشتمە ئەوەی بڵێم ئافرەت وەک ئەوەی لێی تێناگەم، دەبێتە کارەکتەری چیرۆکی من. ژنی ئایدیالکراو لای من بوونی نییە. لەو هەموو ژنەی لە دنیای نووسینمدا هەن، یەکێکیان ناناسم تایبەتمەندییەکی جیاواز لە هی پیاوی هەبێت. هەموو ئەو شتانەیان لە دەست دێت، کە پیاو لە واقیعدا پێیانەوە بۆتە خاوەنی دەستەڵات. هەروەها سەرجەم ئەو خەتایانەشیان لێ دەوەشێتەوە، کە پیاوی پێ تاوانبار دەکرێت. «هیوا قادر»ی هاوڕێم، کاتێ بۆ یەکەمین جار بینیمی، پێی وتم: «وامدەزانی ئەوەی ئەو چیرۆکانەی ئەسپیدیلۆنی نووسیوە، جووتێ مەمکی جوانی وەک هی کچانی پێوەیە». لە بەشی سێیەمی کتێبی «مندالّیم.......»دا باسی شکستی ناکاوی پیاوێک دەکەم، کە دەیەوێ بەزووترین کات ژن بێنێت و لە کورەکانی قارەمانی دیکە بخولقێنێت، وتوومە: «ئەمە بیرکردنەوەی هەموو ئەو قارەمانانەیە کاتێ لە نەبەردەکاندا تێکدەشکێن و باوەڕیان بە توانای خۆیان نامێنێت، ئەنجام بۆ دامێنی ژن دەگەڕێنەوە و پێیان وایە دەتوانن لەوێ قارەمانی لە خۆیان بەرزتر بێننە دی».. من خۆم هەرگیز لە شکستەوە باسی ژن ناکەم و هێنانە دنیای قارەمانیش لە گۆڕێدا نییە، بەڵکو ئەو تەنیا وەک ئیشکالییەتێک بۆ من دەبێتە جێگای پرسیار.. بەهەرحاڵ من هەستم بەوە کردووە ژن لە دنیای مندا گرنگترە لە پیاو و ژمارەشیان زیاترە، بەڵام وەک وتم بە ئایدیال نەکراون. لە واقیعدا هەندێ جیاوازم. هەستدەکەم ئافرەت ئەو بەشەیە کە ڕۆژگارێ لێم جیاکراوەتەوە و دەمەوێت بۆ خۆمی بگەڕێنمەوە. یان بە مانایەکی دیکە خۆمی پێشکەش بکەم. هەر کامیان بێت هەر ئەوەیە، کە ئەو بەشێکی «مێینە»ی لە جەستە و ڕۆحی «نێرینە»ی مندا خولقاندووە. ئەگەر بێیتە ژوورەکەم، ئەوەندەت کاسێت بەرچاو دەکەوێت، بە ڕادەیەک وا دەزانی من تۆمارگام هەیە و کاسێت دەفرۆشم. جا کاتێ سەرنجیان لێ دەدەیت، دەبینی ئەو گۆرانیبێژانە بێجگە لە یەک دوویەکیان، کە ئەوانیش بە ڕۆحێکی ئافرەتانەوە گۆرانی دەڵێن، ئەگینا سەرجەمیان ژنن. باوەڕ ناکەم بتوانم یەک دێڕ بنووسم، ئەگەر گوێم لە دەنگی گۆرانیی ئافرەتێک نەبێت، جا گرنگ نییە بە چ زمانێک ئەو گۆرانییە دەچڕێت. ڕەنگە ئەو دەنگە بێت بەردەوام ئەو ڕۆحە «مێینە»یەم دەورووژێنێت و وام لێدەکات زیاتر لە پیاو باس لەو بکەم. من دەڵێم گەورەیی ژن لەناو لەرەی دەنگیدایە، بەڵام تەنیا بە گۆرانی ئەو گەورەییەی دەردەکەوێت. هەر دەڵێی من بۆ ئەوە گوێ لە گۆرانییەکانی دەگرم، تا بەردەوام گەورەیی ئەو بیری خۆم بهێنمەوە. خۆزگە هەموو ئافرەتی دنیا بە جارێ گۆرانییان دەوت..!! چەند خۆشحاڵم لەوەی کە ئەو ئەزموونە تاڵەی لە ژیانی تایبەتیی خۆم لەگەڵ ژندا هەمە و ئەو تراژیدیایەی لەو ڕێگایەدا پێی گەیشتووم، نەبۆتە هۆی ئەوەی چێژی ئێجگار گەورەی دەنگی ئەو لە گوێچکەمدا تۆزقاڵێ کەم بێتەوە..!!

*** لەو کۆڕەتدا باسێکت لە بارەی ئەزموونی چیرۆکنووسینی خۆتەوە پێشکەش کرد و چیرۆکی «جیهان لە فنجانی قاوەدا»ت خوێندەوە، ڕای جۆراوجۆر لە لایەن نووسەرانەوە هەبوون و تۆ وەڵامی کەست نەدایەوە..؟**

- ئەگەر لە بیرت بێت، من لەو باسەی خوێندمەوە، وتم: «تەنیا ئەو کاتە هێز لە بەرهەمی خۆمدا دەبینم، کە لەگەڵمدا دەژین و تەواوم نەکردوون، ئیدی دوای ئەوە ئەو بایەخەی جارانیان نامێنێت، بۆیە ناشتوانم لە بارەیانەوە بدوێم». من ئەو چیرۆکەم سەرەتای ساڵی (١٩٩٣) نووسیوە. واتە هەشت ساڵ و نیو پێش ڕۆژی کۆڕەکە. بە شایەتیی زۆر لە ئامادەبووانیش چیرۆکێکی سەرکەوتوو بوو، بەڵام من دوای ئەوە کۆمەڵێک چیرۆک و ڕۆمانێک و چوار بەش لە کتێبی «مندالّی.....»م بەرهەم هێناوە و تێڕوانینی زۆر جیاوازم بۆ نووسین هەیە. کەواتە دەمێکە ئەو شێوازەم بەجێهێشتووە. ئەوەی بیەوێت بەراوردی نێوان ئەم چیرۆکە و چیرۆکی «کارگەی بووکەشووشە» بکات، کە وابزانم لەم زووانە بڵاو دەبێتەوە ، دەزانێ دوو ستایلی تەواو جیاوازن. زۆر لەوانەی گوێم لێ بوون، تەنیا بۆ سڕینەوەی چیرۆکەکەم بوون و گفتوگۆیان هەڵنەدەگرت. یان شتێکیان دەوت، کە من هەر لێیانەوە نەدوابووم. «ئەدۆنیس» وتەنی: «تۆ باست لە دیمەنی خۆرئاوابوون کردووە و ئەوان لەسەر دیمەنی خۆرکەوتن سەرزەنشتت دەکەن». سەیرم لەوە هات من بە باسێکی دووردرێژ بیروبۆچوونی خۆمم لەمەڕ چیرۆک و ڕۆمانەوە خستە ڕوو، کەچی ئەوان هەر بە لاشیدا نەچوون. هی واش هەبوو هەقی بە خۆی دەدا باس لە ژیانی تایبەتیم بکات، کە ئەمەیان نە پێوەندیی بە چیرۆکەکە و نە بە باسەکەوە هەبوو. بەهەر حاڵ لەو کۆڕانەدا نووسەری وشیار لە ئاستی نووسینی خۆی تێدەگات. تۆ کاتێک پێشتر نووسینی ئەو نووسەرانەت بینیوە و دەزانی لە چ ئاستێکدان، هەروەها ئاگاداری ئەوەیشی کە ئەوان چ پێوانەیەکیان بۆ قەبووڵکردن و سڕینەوە هەیە، ئیتر بە ئاسانی ئاستی بەرهەمەکەی خۆشتت بۆ دەردەکەوێت. کەسانێک هەن لە هەموو کۆڕەکاندا ئەو قسانە دەڵێن و دەڵێنەوە، کەچی وتارێکیان لەبارەی ڕەخنە و چیرۆک و شیعر نابینی ، چونکە ئەوان دەزانن لەم ڕێگایەوە ئەودیوی خۆیان بۆ خوێنەر دەردەخەن و هەموو ئەو وەهمانە بەلاوە دەنێن، کە ساڵەهایە گەورەییی خۆیانیان لە پەنادا شاردۆتەوە. ئەوانە لەو کۆڕانەدا دەرفەت دەهێنن و دەیانەوێت جەخت لەسەر «من ماوم» و «من بەردەوامم» و «من کۆتاییم نەهاتووە»کانی خۆیان بکەنەوە. ئەمە حاڵەتێکی سایکۆلۆژییە

و دەرئەنجامی پرۆسەی وێرانبوون و داڕووخانە. حاڵەتی ئیغترابێکە، کە ئەوان ئەمڕۆ لە دنیای نووسیندا تێیکەوتوون. هەر بۆیە ئەوان زیاتر لەگەڵ «ڕووخاندن» ، نەک «بنیاتنان»دا ئیش دەکەن، کە زۆر جار ئەو داڕووخانە لەسەر حیسابی ڕابردووی خۆشیانە. ئەوان بەو قسانەیان هەموو ئەو ڕایانەی خۆیان هەڵدەوەشێننەوە، کە ڕۆژگارێ لە بەرامبەر کەسانێکی دی پێیانەوە بەرگرییان لە شێوازێکی نوێی نووسین کردووە. هەموو ئەمانە نیشانەی دەرکەوتنی نەوەیەکی نوێیە، کە بە ئەقڵێکی دیکە و بە ستایلی جیاواز لە کایە ڕۆشنبیری و ئەدەبییەکاندا کار دەکات. سەیرە هەموو ئەو دەقانەی لە کۆڕەکاندا دەخوێنرێنەوە، دواتر لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا چاپ دەبن، کەچی ئەوان بە نووسین هیچ نارەزاییەکیان نییە. ئەوان ئەگەر دەتوانن تۆنێکی تووڕە لە دەنگی نەوەی ئێمەدا بخولقێنن و بە شەڕێکەوە خەریکمان بکەن، کە کەم و زۆر پێوەندیی بە داهێنانەوە نییە، بەڵام لە ئاستی ئەو نەوەیەی دوامانەوە، کە بە هێزێکی گەورەترەوە بە ڕێگاوەیە، هیچیان لە دەست نایەت. ئینجا تۆ بڕوانە زمانی ڕۆژنامەگەری و بزانە بەو ساکارییەی خۆیەوە تا چ ئاستێک دەتوانێت چاوبەست بێت و خوێنەر فریو بدات. ئەو ڕۆژنامەنووس و ڕیپۆرتاژنووسانە هەمیشە هەندێ ڕستەی ئامادە و لەبەرکراویان لە بارەی ئەو کۆڕانەوە هەیە وەکو «فلان و فیسار بە گفتوگۆکانیان کۆڕەکەیان دەوڵەمەندتر کرد» ، ئەوە لە کاتێکدا دەبێت ئەوان ئەمە وەکو کێشەیەکی جددی سەیر بکەن و ئەو دیاردەیە بخەنە ژێر پرسیارەوە، چونکە بە ڕاستی ئەمە زیاتر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییە، نەک ئەدەبی و فیکری... بەهەر حاڵ ناکرێ تۆ کەسێک دەمکوت بکەی، یان ڕێگای قسەکردنی پێ نەدەی، گوایە ڕای باشی نییە. من کە دوو کاتژمێر زیاتر قسەم کرد و ئەوان گوێیان لێ گرتم، بۆچی دە دەقە بێدەنگ نەبم و گوێیان لێ نەگرم..؟! کێ دەڵێ ئەوانەی من وتم، شایانی ئەوە بوون، گوێیان لێ بگیرێت..!! من هەرگیز وەک ئەو نووسەرانە نیم، کە هەر کەسێ دێڕێکیان لە بارەیەوە بنووسێت، درەنگ یان زوو بە گیانێکی خێڵەکییانەوە وەڵامی دەدەنەوە و ناهێڵن هەقیان بەسەر کەسەوە بچێت. ئێستاش تەنیا وەک کێشەیەک، کە ئەمڕۆ لە فەزای ڕۆشنبیریی ئێمەدا بوونی هەیە، باسی لێوە دەکەم. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەستم کرد جیاوازییەک هەیە لەنێوان ئەوانەی دە ساڵێک لەمەوبەر لە کۆڕەکاندا دەمبینین و ئەوانەی ئەمجارەیان ڕووبەڕوویان بوومەوە. خەڵکانێک هەبوون دەیانزانی بە شێوازێکی شارستانییانەی جوان گوێ بگرن و ڕا دەربڕن و ڕەخنەش بگرن. ئەمەیان بۆ من جێگای خۆشحاڵی بوو. من پێم وایە بەهای هەر تێکستێک لەوەدایە، کە چەند لە ئاستی تێگەیشتنی ئەوانی دیکەدا کراوەیە و تا چ ئەندازەیەک دەتوانێت ڕێگایان بدات لە بارەیەوە ڕا دەرببڕن. من یەکێک لەو پەیامانەی، کە دەمەوێ لە ڕێگای نووسینەوە بیگەیەنم، ئەوەیە باوەڕم بە جیاوازیی دەنگەکان هەیە. دڵنیام درەنگ یان زوو نەوەیەکی دیکە دەردەکەوێت، کە ئەوەندەی بە دوای ئەوەدا دەگەڕێت ئاخۆ چەند قەبووڵکردنی جیاوازییەکان لە نووسینی ئێمەدا هەبووە، ئەوەندە نایەوێت بزانێت کێ شیعرێکی جوان، چیرۆکێکی فەنتازی، ڕۆمانێکی گەورە، لێکۆڵینەوەیەکی چاکی نووسیوە. گەورەیی «گۆتە» بە تەنیا لەوەدا نەبوو، کە بە توانایەکی باڵای فیکری و ئەدەبییەوە دەینووسی، بەڵکو هی ئەوەش بوو ڕووی کردە ڕۆژهەڵات و دانی بە ئەدەب و فیکرەکەیدا نا، کە ئەوسا ڕۆژئاوا بە چاوێکی نزمتر لەوەی ئێستا لێیان دەڕوانی. ئەو وتی: «ئەدەبی نەتەوەیی هیچ مانایەکی نییە و ئێمە ئەمڕۆ بەرەو سەردەمی ئەدەبی جیهانی هەنگاو هەڵدێنین. دەبێ هەموومان هەوڵی هاتنی ئەم سەردەمە بدەین» . ویستی ئەو تێڕوانینە بەتەواوی بگۆڕێت، کە ئەدەبی جیهانی تەنیا ئەدەبی ڕۆژئاوای دەگرتەوە. لە ڕوانگەی «گۆتە»دا قەبووڵکردنی ئەوانی دیکە، توانایەکی بێ سنووری پێویستە، کە لە ئەقڵی گەورە و کارادا دەردەکەوێت. ئێمە بە درێژاییی مێژووی نووسینی خۆمان هەندێک تەکنیکمان بۆ سڕینەوەی دەنگە دژەکان داتاشیوە و بەردەوام پەنایان بۆ دەبەین، کە ئەمانەش لە بڕێک ناوی وەک «ڕەخنەی زانستی و ئەکادیمی» و «نووسینی جددی» و «ئەدەبی بەپێز» و کۆمەڵێکی دیکەی هاوشێوە و هی پێچەوانەی وەک «بەرهەمی لاواز» و «نووسینی ساکار» و «ئەدەبی وشک» و شتی دیکەدا بەرجەستە بوون. یان وەک لە کۆڕەکەشدا وتم لە ڕێگەی ناولێنانەوە دەست بەسەر تێکستەکاندا دەگرین و هەموو بەهاکانیان دەکوژین، کە لە ڕاستیدا هەموو ئەمانە لە سانسۆری دەزگاکانەوە دەرچوون و بە نووسەرانمان گەیشتوون. من هیچ جیاوازییەک لە نێوان قەبووڵکردنی ڕەها و سڕینەوەی ڕەهادا نابینم، چونکە لە هەردوو حاڵەتەکەدا سیستەمێکی بیرکردنەوە، کە لەسەر بنەمای لێکدانەوە و ڕەخنە دامەزرابێت، بوونی نییە و پۆلێنکردنێکی ئاسان لە گۆڕێدایە، کە عەقڵێکی دۆگما کاری پێدەکات و پابەندی هەندێ حاڵەتی سایکۆلۆژییە. ئێمە هەرگیز ناتوانین سیستەمێکی ڕەخنەیی لەناو ئەدەب و فیکری خۆماندا دابمەزرێنین، ئەگەر پێشتر گوتاری سڕینەوەمان بۆ قەبووڵکردن نەگۆڕی بێت. واتە قەبووڵکردن ئینجا ڕەخنە، نەک سڕینەوە ئینجا ڕەخنە. چونکە ڕەخنە هەرگیز لەسەر شوێنەواری سڕینەوەدا دانامەزرێت. من پێم وایە چیرۆکنووس دەبێت لە هەر کەسێکی دیکە زیاتر تۆلەرانس بێت و بەرهەمی خەڵکانی جیاواز جیاواز قەبووڵ بکات. با پێشی وابێت ئەمانە «لاواز» و «ساکار» و «وشک»ن. ئەدی ئەگەر وانەبێت، چۆن دەتوانێت ئەو کارەکتەرانە بخولقێنێت و خۆشیشی بوێن، کە تەواو پێچەوانەی خۆین..؟! بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە لەبارەی

دیاردەکان بێدەنگ بێت و دیدگای ڕەخنەیی نەبێت. تۆ بڕوانە مامۆستایان «ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل» و «ڕەووف بێگەرد» بە چ گیانێکی گەورەوە بایەخ بەو دەنگە نوێیانە دەدەن..!! شاعیرێکی وەک «ڕەفیق سابیر» بۆ یەکەمین جار ناوی منی بینی و لە نامەدا سەرسامیی خۆی لە ئاستی چیرۆکەکانم دەربڕی. بەبێ ئەوەی بزانێت من کێم، ئامادە بوو کتێبم بۆ چاپ بکات. «ئارامی کاکەی فەللاح» و «بەختیار عەلی» و «جەمال غەریب» و «عەبدولموتەلیب عەبدوللا» ناوی منیان لە هیچ شوێنێکدا نەبیستبوو و لەسەر «ئەسپیدیلۆن»یشیان نووسی. کاک «سابیر ڕەشید» دەیان ناوی ونی ئەمسەر و ئەوسەری ولات و هەندەرانی بە خوێنەری ئێمە ناساندووە. بە پێچەوانەی «سابیر ڕەشید» برادەرێک لێکۆلینەوەی لەسەر چیرۆکی نەوەدەکانی کوردی کردووە. کاتێ تەواوی دەکەی، بە سەرەنجامێک دەگەی، ئەویش ئەوەیە هەرچی چیرۆکنووسی چاک هەن، خەلکی شارەکەی ئەون و خراپەکانیش هی شارەکانی دی. هەقیشم بەسەر ئەوەدا نییە، کە ئەو برادەرە چۆن لە هونەری چیرۆک تێگەیشتووە. ئەمە هەمان قسەی ئەو شاعیرەیە، کە خەلکی شارێکی دیکەیە و پێی وایە تەنیا بازێڕی وی ئەمڕۆ شاعیری گەورەی تێدایە. چیرۆکنووسێکی دیکەی کورد هێرشی کردبووە سەر چیرۆکنووسان و وتبووی، گوایە مێژوویان پیس کردووە. من هیچ لەوە تێناگەم چیرۆکنووس چۆن دەتوانێت مێژوو پیس بکات. تۆ بلێی تاوان بێت کەسێک تێکستێکی لاواز بنووسێت. ئەدی خۆی چۆن دلنیایە، کە ئەوانەی ئەو دەیاننووسێت، شاکارن و مێژوو پاک دەکەنەوە. ئەمە هەمان قسەی ئەوانەن، کە سالەهایە لە دەزگاکان بە بیانووی جۆراوجۆر سانسۆر دەخەنە سەر دەنگی نووسەران. ئەمانە هەموویان بە لایەک، بەلام چیرۆکنووسێکی دیکەمان لە چاوپێکەوتنێکیدا وتبووی: «ئێستاش ڕقم لە هەموو پیاوێکی ڕەش پێستە، چونکە بەبەرچاومەوە عەریفێکی ڕەشپێست وەردەگەڕایە جەستەی باوکم و پیاوانی گوند». ئەوەی لێرەدا بۆم دەرکەوت ئەوەبوو، کە ئەو چیرۆکنووسە بەبێ ئەوەی ئاگای لێبێت بەشێکی گەورەی لە خەیالی خۆیدا سڕیوەتەوە و ملیۆنان کەسی لە دنیاکەیدا بەدەرناوە. ڕاسیستەکانی ئەورووپا تا ئێستا جورئەتیان نەکردووە ڕستەیەکی لەم شێوەیە دەربڕن و هەرگیز بە زمانی ئاوا سادە و ڕووکەش نادوێن. دەزانم من ئێستا بە ناچاری بازم دایە سەر مەسەلەیەکی دی، ئەویش ئەوەیە بۆ ئەوەی دنیایەکی گەورەتر بخولقێنین، دەبێت زمانێکی چڕتر و دەولەمەندترمان هەبێت، کە بتوانێت بە گیانێکی فەلسەفییانە و بە عەقلێکی مەزن کار بکات، ئەنجام ئەو توانایانە بەدەستبهێنێت، کە گۆڕانکاری و تازەکردنەوەی بەردەوامیان لەسەر وەستاوە، بەلام هێشتا پێوەندیی بەو مەسەلەیەی پێشووەوە ماوە. دەمەوێ بلێم زمانی ئێمە تا ئێستا هەژارە و نەیتوانیوە خۆی لە مەسەلە گەورەکان بدات و خوێندنەوەی جیاواز هەلناگرێت. هەمان زمانی ئاخافتنە، کە لە پێوەندییە کۆمەلایەتییەکاندا ئیشی پێدەکەین و بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانەمان لە بازاڕەکاندا بەکاری دەهێنین. هەر بۆیە ئەوەندە لەبارە بۆ شەڕەجنێو و پەلاماردان و لە توانایدا نییە جیاوازییەکان قەبوول بکات. «هابرماز» دەرەنگ دەرەنگ زانی «ڕۆتکاز» و «بیکەر» نازین و دەرەنگتریش بۆی دەرکەوت «هایدگەر»یش نازییە، یان نیمچەنازییە. تا ئێستاش ڕەخنەگرەکان بۆیان ساغ نەبۆتەوە، ئاخۆ «کافکا» جوولەکەیەکی ڕەگەزپەرستی دژ بە عەرەب و موسلمان بووە، یان بەپێچەوانەوە. بەتەواوی لایان ڕوون نییە «سارتەر» و «کامۆ» لەگەل یان دژ بە نەتەوە ژێردەستەکان بوون. لەم بارەیەوە ڕای زۆر جیاوازیان هەیە. «ئەزرا پاوەند» بە ئاشکرا لەگەل فاشیستەکاندا کاری دەکرد و درایە دادگاش، کەچی زۆر لە ڕەخنەگرەکان دەپرسن ئاخۆ بیری فاشیستی لە دنیای ئەودا هەبووە، یان نەء، چونکە ئەوانە بە ئەقلێکی گەورەوە ئیشیان بە زمان کردووە. دواجار توانیویانە فەزایەکی فراوانی دیالۆگ لە ئاستی جیا جیادا بهێننە کایەوە، بەلام تۆ دەتوانی دەرهەق بەو ڕستەیەی ئەو چیرۆکنووسە دەریبڕیوە، چی بلێیت، لە کاتێکدا خۆی ڕوون و ئاشکرا هەموو شتێکت پێ دەلێت و هەلگری هیچ نهێنییەک نییە. من لەو کۆڕەمدا هەستم کرد ڕووبەڕووی زمانێکی ئاوا بوومەتەوە، کە دیالۆگ هەلناگرێت و دەبووایە بە هەمان ئاست بێمە دەنگ. دیارە هەرگیز ئەمەیان ناکەم. بۆ نموونە گوێم لە زاراوەی «ڕۆمانی فەلاحی» بوو، کە من نە شتێکی ئاوام وتبوو و نەدەشکرا لەبارەیەوە هیچ بلێم. ئەوەی دەکرا، کردم. ئەویش ئەوەبوو وتم: «...... خۆشحالم کە لە ڕێگەی نووسینەوە فێری ئەوە بووم جیاوازییەکان قەبوول بکەم». ماوەیەک لەمەوبەر کاک «سەمەد ئەحمەد»ی چیرۆکنووس ڕەخنەیەکی لەبارەی ڕۆمانی «ئای لەڤیلیا لەڤیلیا..!!»دا بلاوکردبووەوە. زۆر لە بۆچوونەکانی دژ بە من بوون و دەمتوانی وەلامی یەک بە یەکیانی بدەمەوە، دیارە بەو مانایەی منیش تێگەیشتنی خۆم بلێم، نەک ئەوانەی ئەو بسڕمەوە، بەلام هەستم کرد ئەو نووسەرە هیچ مەبەستی نەبووە من بشکێنێت، بەلکو ڕاستگۆیانە تێگەیشتنی خۆی لەسەر ئەو بەرهەمە نووسیبوو. من بێجگە لە کارتێکی پیرۆزبایی، نامەیەکیشم بۆ نارد و پێم وت، کە ئەو جورئەت و ڕاستگۆییەیم خۆشویستووە. هەروەها بۆم نووسی، لەو جیاوازییانەدا دنیایەک شت فێر بووم، کە ئەمەش جوانیی نووسینەکەی ئەو دەردەخات. ئەویش بە فاکس نامەیەکی بۆ ناردووم و هەستێکی زۆر لەوەی من جوانتری دەربڕیوە.

**ئا: شوان سەرابی**

# گوناهی ڕۆماننووس چییه كه خوێنەر له فێڵەكانی گێڕانەوه تێناگات!
## چاوپێكەوتن لەگەڵ كاروان عومەر كاكەسووری ڕۆمانووسدا
## سازدانی: توانا ئەمین

**جارێكی تر قسەكردن لەسەر ڕۆمان له پرسیاری تەقلیدی و وێرانی بۆ نووسین ڕزگارمان دەكات و دەمانخاته پێش پرسیاری چۆن نووسین . گێڕانەوەش پتر له كارەكتەر، زەمەن، ڕووداو، تەكنیك و هەر بونیادێكی تر دەهێنێت ببێته بابەتی گفتوگۆ . خوێنەری ساده و ڕۆمانی سادەگۆ ڕۆمانووسی دۆگما، ئەوەی به ئیشكردن بەتەنها ستیلێك خوێنەری بێ پرسیار و ساكار دروست دەكات، ئیشكالەتەكانی پەیوەندیی ڕۆمانووس و خوێنەر، ئەمانه بابەتی گفتوگۆیەكی ئێمەن لەگەڵ كاروان عومەر كاكەسووری ڕۆمانووسدا .**

*** ئەگەر ئەدەب درۆیەك بێت و ڕاستییەكان بنووسێتەوە، ئایا ڕۆمان وەكو ژانرێكی ئەو ئەدەبه چۆن درۆیەكی وەكو ژیانی بۆ دەنووسرێتەوە . .؟**

ـ ڕۆمان، كه بەرهەمی شارستانیەتی ڕۆژئاوایه، هونەری دژەكان و دەنگه جیاوازەكانه، هەر بۆیه گێڕانەوه «Narration » گرنگترین ڕەگەزی ئەو ژانره ئەدەبەیه. ڕۆمان كه لەچاو ژانرەكانی دیكەی ئەدەبدا تەمەنێكی كەمتری هەیه، بەڵام لەو ماوه كورتەیدا توانیویەتی كۆمەڵێك قوتابخانه و فۆرمی جیاواز جیاواز بێنێته كایەوه. تەنانەت توانیویەتی جۆرێك جیاوازی لەناو خودی قوتابخانەكانیشدا بخوڵقێنێت.. تۆ هەر بۆ نموونه سەیری ئەو شەپۆله بكه، كه له پەنجاكان تا حەفتاكان بەناوی «ڕۆمانی نوێ» له كاردا بوو. ئەوانه ئەگەرچی ناوێك كۆی دەكردنەوه و ئامانجیان تێكشكاندنی شێوازی بەلزاكییانه بوو، بەڵام هەریەكەیان لەوی تر جیاواز بوو. «ئالان ڕۆب گرێ» بایەخی به وردەكاریی شتەكان دەدا، جۆرێك لەیەكچوون و تەماهیی لەنێوان مرۆڤ و شتدا دەخوڵقاند. لای «مێشال بۆتۆر» «هەستی هۆمانیستیانه» ئامانج بوو و لای «ناتالی ساروت»یش «ڕەهەندی سایكۆلۆژی». ئەو شێوه ڕۆمانەی ئەمەریكای لاتینییش، كه به ڕیالیزمی سیحری

ناسـراوە، لـەپاڵ هەندێ ڕووخـسـاری لەیەکـچـوودا، دنیـایەک جـیـاوازییش لەنـێـوان ئەم نووسـەر و ئەو نووسـەریانـدا هەیە. لێرەدا من ئاسـوودەم بەوەی، کە تۆ دەڵێی «ئەو ژانرەی ئەدەب چۆن درۆیەکی وەکو ژیانی بۆ دەنووسـرێتـەوە» و ناڵێی چۆن ژیان دەنـووسـێـتـەوە، چونکە ئەدەب بەگشـتی و ڕۆمـان بەتایبـەتی هەرگیـز ناتوانێت ژیان بنووسێتەوە. ڕاسـتـە ژیانی واقیعی سـەرچاوەی ئیلهامی نووسـینە و نووسـەر بە کەرەسـەکانی ئەو ژیانە دنیـای تایبـەتـیی خـۆی دەخـولْقـێنێت، بـەڵام خـولْقـانـدن، نەک گـواسـتـنەوە. بـە بڕوای من کـاری نووسـەر کـەم و زۆر لـە کـاری فـڕۆکـەوان و دایـڤـەر «غـواص Diver» دەچێت، یـەکـەمـیـان دەچێتـە ئاسـمـان و دووەمیـان بۆ ژێر ئاو ڕۆدەچێت، بەڵام هەردووکیـان لەسـەر زەوی فێری هونـەری خـۆیان دەبن. ئـەوەنده هەیـە نووسـەری ئەدەبی لەوەدا لە فـڕۆکـەوان و دایڤـەر جیـاوازە، بەوەی لای ئەو دووانە فێربوون تا ئەو کاتەیە، کە دەیانگەیەنێتـە ئاسـتی ئەوەی بەچاکی کـارەکانیـان ئەنجام بدەن و لـەمـەوە پشت بە نەخـشـە و پلان دەبەسـتن، بەڵام لای نووسـەر فێربوون کۆتاییی نایەت.. ئەو فێربوونە نابێتـە پلان و نەخشـە. کەواتە ناتوانێت زەویی واقیـعیش بەجێبهێڵێت. بەڵێ، ئەدەب لەسـەر زەویی واقیعدا مامەڵە لەگەڵ چەمکی وەهم «Fancy»دا دەکات، بەوەی کە بۆ گەیشـتن بە وەهم پێویستمان بە زیاتر لە شێوەیەک گـەڕان و کـۆمـەڵێک هـەوڵ هـەیە بۆ دەرخـسـتنـی لایەنە ناڕۆشنەکان و دواجـار خـولْقـاندنـی وەهێـمـێکی تر لەو وەهمـەدا، ئەوە لە کـاتێکدا خـۆمـان غـەرقی ژیانین. هـەر بـۆیە زۆربـەی ڕۆمـانـی ئێـمــە لەوەدا سـەرکـەوتوو نەبوون، کـە ویسـتـوویانە ژیان بـنووسنەوە. لێـرەدا ڕۆمـانـنووسـی ئێمـە بە مـیـتۆدی مێـژوونووس کـار دەکـات و کـەرەسـەکـەیشـی هـەقـایـەتی کـوردەوارییـە، کـە ئەو هـەقـایەتـەیش بمانـەوێ و نەمـانـەوێ سـتـرەکـچـەرێکی لاواز و تاکڕەهـەندیی هـەیە. خۆ ئەدەب بەگشتی و ڕۆمان بـەتایبەتی، ئەگەر ژیانیش بنووسێتەوە، ئەو ژیانە دەنووسـێتەوە، کە هێشتـا نەهاتووە، نەک ئەوەی هـەبووە یان ئێستـا هەیە. واتە گرنگترین پرسـیار دوای خـوێندنەوەی هـەر تێکسـتێکی ئەدەبی ئەوەیە، کە چ یۆتۆپیـایەکی خـولْقـانـدووە. چ نەهامـەتیـیـەکـە ئێـمـە ئەنفـال و کـوڕەو و شـەڕەکـان وەکـو خـۆیان بنووسـینەوە..!! دەکـرێت ئێـمـە ئەنفالی تـر و کۆڕەوی تر و شـەڕی تر بـنووسین، بەڵام لە دیدگای جیاوازەوە و بەشـێـوەیەکی هونەری. هەمـوومـان چیرۆکی ئەو ئەنفـالکراوانەمـان بیستووە، کە بەڕێککەوتی سەیر ڕزگاریان بووە و گەیشتوونەتەوە زێدی خۆیان. کاتێکیش هـاتوونەتەوە، هیـچ شوێنێک بەخـۆیانیەوە نەگرتوون. بەڵێ، ئەمە چیرۆکێکی واقیعییە و تەواو. چۆن دەکرێت ئەمە جارێکی تر بنووسـیتـەوە و ناوی لێ بنێیت ڕۆمـان..!! کێ هەیە نەزانێت بـاسـی کەسـێکی بێـمـاڵ بکات، کـە لە کەلاوە و سـەر شـەقـام و تەرمـیناڵەکـاندا

دەخـەوێت، بەڵام ئەوە زەحمـەتە تۆ باس لـە کێشـەی مـرۆڤێک بکـەیت لە باشـترین ڤێللادا دەژی و هـەسـتی پێ ناکـات. «تۆنـی مـۆریسـۆن» ئەگـەر ژیانی زنجـیـیـەکانـی وەکو خـۆی بنووسـیـایەتەوە، ئـەوا ڕۆمـانەکـانی ئەویش وەکـو دەیان ڕۆمـانی تر تێکەڵ بە مـێـژوو و فۆلکلۆر دەبوون، بەڵام ئەو هاتووە ژیانێکی دیکەی جـیاوازی خـوڵقاندووە، کـە نازانی لە کۆێدا لە ژیانی ڕاستەقینەی ئەوان دەچێت و لە کوێدا جیاوازە. کاری ئەدەب دەرخستنی نهێنییەکانە، نەک گێڕانەوەی ڕووداوە ئاشکراکان. من لە شوێنێکدا وتوومە واقیع لای من چیرۆکنووسێکە و هـەموو ساتێ چیرۆکەکانی خۆی دەنووسێ، بۆیە من وەکو چۆن نامەوێ لاسـاییی هیچ چیـرۆکنووسـێکی دی بکەمــەوە، هـەر بەم شـێـوەیەش نـامـەوێ لاسـاییی واقـیـعـیش بکەمــەوە. دیارە واقـیـع یاخـود وەکـو لە پرسـیـارەکـەی ئێـوەدا هـاتووە ژیان چەمکێکی زۆر گشـتییـە و دەکرێت وردی بکەینـەوە. واتە کایەکانی دیاری بکەین. ڕۆمـان بەتایبـەتی لە ڕۆژئاوا سوودی لە کـایەکانی وەکو مێژوو، ئەفسـانە، کەلەپوور، سـایکۆلۆژیا وەرگـرتووە، کـە هـەر یەکێ لەو چەمکانەیش وەکـو چـەمکی ڕۆمـان پڕن لـە پرۆبلەمـاتیکی تێگەیشتن و خـوێندنـەوە و تەوزیفکـردن. بەکـارهـێنانی مـێـژوو و ئـەفسـانـە و کـەلـەپوور پێویسـتیـان بە خوێندنەوەیەکی وردی فـەلسـەفییـانە هـەیە. «فۆکنەر» بیـرۆکـەی ڕۆمـانی «دارخـورمـای دڕندە»ی لـە تەورات وەرگـرتووە.. «کـامـۆ» لـە دیدگـایەکی فـەلسـەفـیـیـەوە «ئەفسانەی سیزیف»مان پێ دەناسێنێت. «ئۆمبێرتۆ ئیکۆ» لە هـەردوو ڕۆمانـی «ناوی گوڵ» و «دورگەی ڕۆژی پێشـوو»دا ڕەگەزی مێژووی بەکـارهێناوە.. «ئەمین مـەعلوف» و «ئۆرهـان پامـۆک»یش لە ڕێگـای مـێژووەوە داهێنانی چاکیـان کـردووە. شـتێکی بەڵگەنەویسـتـە، کـە هـەمـوو ڕۆمـانێک پەیوەندیی بە مـێـژوو، یاخـود بە واقـیـعـەوە هـەیە، بەڵام گـرنگ ئەوەیە ڕۆمـانـنووس واقـیـعـێکی تایبــەت و مـێـژوویێکی تایبــەت بەخـۆی دروست بکات، چونکە بەکـارهێنانی مـێژووی واقیعی، یاخـود با بڵێین مـێژووی ڕەسـمـی وا دەکات کارەکتـەر لە سنوورێکی تەسکدا هـەڵبسـوڕێت و بەئاسـانی نهێنییـەکانی دەربکەوێت. واقـیع و مـێژوو دەبنە دەسـتـەڵاتێک و کـۆنتـرۆلی دەکـەن. مـێـژووی ڕەسـمـیـیش هەمـیـشـە مـێـژووی دەسـتــەڵادارانە، بۆیە ڕۆمــان بوارێکی فــرەوانە بۆ خــوڵقـاندنی واقـیـعـێکی جـیـاواز و مێژوویەکی جیاواز. کەواتە کاری ڕۆماننووس نـووسینەوەی ڕووداوی مێژوویی، یاخود بە مانایەکی تر نووسـینەوەی ژیان نییـە، بەڵکو پێشـبـینیکردن و خوڵقاندنە. ڕوونتـر بڵێم نووســەری ئەدەبی هەتا ئـەگـەر بە واقـیـع و مـێـژووی ڕابردووشـدا بچـێـتـەوە، ئـەوا لە دیدگـایەکی جـیـاوازەوە دەیانگێـڕێتـەوە، وەکو ئەوەی «گـۆنتـەر گـراس» لە ڕۆمـانەکانیـدا دەرهـەق بە مـێژووی ئـەڵمانیـای سـەردەمی نازی کردوویەتی. «گۆنتـەر گراس» مێژوویەکی

لەبیرکراوی لە ڕێگای چیرۆکەکانیەوە دەرخستووە، کە هەندێکیان لەسەر زمانی ئاژەڵان و بەشێوەی ساتیرئامێز نووسراون. مامەڵەکردنی ڕۆمان لەگەڵ مێژوودا وای کردووە ئەو چەمکە ببێتە بەشێکی گرنگ لە کارەکانی «سیگمۆند فرۆید» و «جۆرج لۆکاش» و «لۆسیان گۆڵدمان» و «میخایل باختین» و «ڕینییە جیرار». ئەمە دەربارەی مێژوو و کەلەپوور و ئەفسانە. دیارە ڕۆمان سایکۆلۆژیاشی بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانی دیوی ناوەوەی کارەکتەری هاوچەرخ بەکارهێناوە. ڕەخنەگران پێیان وایە نووسەرانی وەکو «دۆستۆفسکی» و «جیمس جۆیس» لەپێش زانایانی سایکۆلۆژیا دەرکیان بە هەندێ دیاردەی سایکۆلۆژی کردووە.. کەواتە ڕۆمان وەکو «مێلان کۆندێرا» دەڵێت هونەری ئێستا و ڕابردووە و لە توانایدا هەیە هەموو شتێک قەبووڵ بکات... بۆیە من پێم وایە لە دەستی دێت ژیانێکی جیاوازیش بخوڵقێنێت.

*** باسی گێڕانەوەت کرد، کە ڕەگەزێکی گرنگی ڕۆمانە . ئایا تۆ پێت وایە ئەو گرنگییە تەنها لە شێوازدایە، یان دەبێتە پێکهاتەیەک لە جەستەی تێکستدا . .؟ ئایا شێوازی گێڕانەوە دەتوانێت بابەتی گێڕانەوە قووڵ بکاتەوە، یاخود بە لایەکەی تریشدا بەرەو سادەیی و کاڵوکرچیی ئاڕاستەی بکات . .؟**

ـ تیۆری گێڕانەوە، واتە ناراتۆلۆژیا یەکێکە لەو چەمکانەی، کە بۆتە جێگەی سەرنجی زۆر لە نووسەرانی دنیا و گرنگییەکی بەرچاوی پێ دراوە. ڕەخنەگرانی ئەدەب دەڵێن ڕەگوڕیشەی بۆ لای «ئەرستۆ» دەگەڕێتەوە. بەڵام لە کۆتاییی پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا زیاتر برەوی پەیدا کرد. «کلۆد لیڤی شتراوس» لە کتێبی «ئەنترۆپۆلۆژیای بونیادگەری»دا بایەخی بە تیۆری گێڕانەوە دا و دوای ئەویش «رۆلان پارت» و «جیرار جینێت» و «والاس مارتن» چەمکی ناراتۆلۆژیان بەشێوەیەکی بەرچاو بەکارهێناوە. چیرۆک و ڕۆمانیش توانیان گۆڕانێکی گەورە بەسەر ئاستەکانی گێڕانەوەدا بێنن. لای «مارسێل پرۆست» و «فرجینا ولف» و «جیمس جۆیس» و «ولیەم فۆکنەر»دا شێوازی گێڕانەوە زۆر گرنگترە لە بابەتی گێڕانەوە. هەروەها نووسەرانی «ڕۆمانی نوێ»یش شۆڕشێکی گەورەیان لە دژی سادەیی و ڕەوانی هەڵگیرساند و تەکانێکی بێوێنەیان بە شێوازەکانی گێڕانەوە دا. «کلۆد سیمۆن» کۆمەڵێ بابەت و ڕووداوی جیاواز، کە نە لە زەمەن و نە لە شوێندا ناگەنەوە یەک، تێکەڵی کردوون، بەڕادەیەک ئاسان نییە خوێنەر بتوانێت پێکەوەیان بلکێنێت. دیارە چیرۆکنووسانی کوردیش لە حەفتاکان، بەتایبەتی حسەین عارف و و یەک دوو ناوی تر لە ڕێگەی زمانی عەرەبییەوە هەندێ شارەزاییان لەو

بوارەدا پەیدا کرد و توانیان گۆڕانێک بەسەر شێوازی گێڕانەوەدا بێنن. دەبووایە ڕۆمانیشمان لەگەڵ خۆیدا فۆرمێکی جیاوازی بهێنایەتە کایەوە و پەرەی بەو شێوازە بدابووایە، کە لە حەفتاکان لەسەر دەستی ئەو چەند چیرۆکنووسە، بەتایبەتی لە کوردستانی باشووردا هاتە کایەوە، بەڵام بەداخەوە ڕۆمانی کوردی ئاستەکانی تەکنیکی گێڕانەوەی بەرەو سالانی پێش حەفتا دابەزاند. زۆربەی ڕۆمانەکانی ئێمە، ناڵێم هەمووییان، بە تەکنیکی گێڕانەوەی ئاسایی نووسراون. من پێم وایە گێڕانەوە بێجگە لەوەی دەتوانێت نهێنییەکانی ڕابردووی کارەکتەر دەربخات و سەربەستییەکی زیاتری پێ ببەخشێت، تا زیاتر تەعبیر لە خودی خۆی بکات، ئەوا لایەنێکی ئیستاتیکیشی هەیە، کە خۆی لە کۆمەڵێ فێڵی هونەرییدا دەبینێتەوە. گێڕانەوە جیاوازەکان لە ناو تێکستێکدا دەتوانن دەنگە جیاواز و دژەکان دەربخەن، کە ئەمە خۆی تایبەتمەندییەکی ژیانی شارە، بەوەی پێچەوانەی لادێ، بە فرەدەنگی و فرەڕەنگی دەناسرێتەوە و خودی ڕۆمانیش زادەی ئەو سەردەمەیە. من باوەڕم نییە گێڕانەوە تەنها پەیوەندیی بە فۆرمی تێکستەوە هەبێت، بەڵکو پێش هەموو شتێک ئایدیاکانی نووسەر دەردەخات و ئاستەکانی بینینی ئەومان بۆ ئاشکرا دەکات لەو پەیوەندییەدا، کە لەنێوان کارەکتەر و ڕووداو، کارەکتەر و زەمەن، کارەکتەر و شوێن، کارەکتەر و زماندا دەیخوڵقێنێت. شێوازی گێڕانەوە لە چیرۆک و ڕۆماندا وەکو ئاواز وایە لە گۆرانییدا. زۆر جار لە شیعرێکدا هیچ جوانکاری و توانایەکی هونەری نابینین، کەچی میلۆدیستێکی شارەزا میلۆدییەکی چاکی بۆ دادەنێت و سەرسامان دەکات. من ئێستا هەوڵ دەدەم بە نموونەی سادە ئەم مەسەلەیەی شێوازی گێڕانەوە و بابەتی گێڕانەوەیە دەربخەم. ژنێک لە دەستەخوشکەکەی پرسی: ئەرێ ئەو پیاوە چییە لە بەردەمی ئەو بیرە وەستاوە و هەر دەڵێ دە.. دە.. دە..؟! ئەم بەسەرسوڕمانەوە وتی: نازانم..!! ئەوە کەمێک لەمەوپێش دەیوت نۆ.. نۆ.. نۆ. مێردەکەم چوو لێی بپرسێت، تا بزانێ ئەمەی لە چییە، کەچی پاڵێکی پێوە نا و خستیە ناو بیرەکەوە. ئینجا لەمەوە دەستی کرد بە دە.. دە.. دە..... تۆ بڕوانە «کاک توانا ئەمین».
ئەگەر ئێمە لە سەرەتاوە ئەو چیرۆکە بگێڕینەوە، واتە بەشێوەیەکی کرۆنۆلۆژی، ئەوا ئەو ڕووداوە هیچ گرنگییەک نابەخشێت و دیالۆگەکان سەرسامان ناکەن، چونکە ڕەگەزی تامەزرۆیی و ناکاوی و جوانکاری و زۆر شتی دیکەی لە دەست دەدات و حاڵەتە سایکۆلۆژییەکانیش ئاوا بە قووڵی دەرناکەون. هەر لێرەدا سەرنجی تێکەڵبوونی کات و شوێنیش بدە. بیرۆکەی ئەو چیرۆکە ئەوەیە، کە پیاوێک هەر خەڵک دەخاتە ناو بیرەوە و دەیانژمێرێت. ئەمە چ گرنگییەکی تێدایە، ئەگەر هێزی گێڕانەوە نەبێت..!! خۆ ئەگەر ئەو

ژنە بەو شـێـوەیە بـاسی مـێردەکـەی خـۆی نەکـردایە، ئێـمـە هـەرگـیـز حـاڵـەتی نۆیەکـەی تریشـمان نەدەهـاتە بەرچاو. واتە ئەو دیالۆگە، بەو شێوە گێڕانەوە سەیرە، کەسەکانی لە ژمارەوە گۆڕی بۆ ڕۆح و هـاوکات زەمـەنێکی پچڕپچڕیشـی بۆ ئاشکرا کردین، کە زەمەنی زیندەبەچاڵکردنی دە مـرۆڤـە.. پـارادۆکسـالی ئەو گـێڕانـەوەیە، لە دوو بڕگـەی نەزانراو و زانراو پێکهـاتـووە. سـەرەتا وتی «نازانم»، ئەمـەی بە تۆنێکی زۆر جدی و بەرپرسـیـارانەوە دەربڕی، وای تێگەیاندین ئێمە لە زمـانی ئەوەوە هیچ زانیارییەکمان دەسـتناکەوێت، کەچی شـەش ڕسـتـەکەی تری، کە گـرنگیی مـەسـەلەکە دەردەخـەن، زۆر بەبێ بایەخ گێڕایەوە....
ئەمەیش نموونەیەکی تر: دکتۆری سایکۆلۆژیا بە نەخـۆشەکەی وت: کاکە مـادام تۆ دەڵێی لە گـەرمـەی ئیـشـکردندا تووشـی دڵەڕاوکێ و مـاتەمـینی دەبیت، دە هـەوڵ بدە لەو کـاتەدا گۆرانی بڵێیت. پیـاوەکە وتی: ناتـوانم، ناتوانم..!! ئەمـە زۆر زەحـمـەتە..!! دکتـۆر وتی: بۆ زەحـمـەتە..؟! شـتـێک هـەیە لەوە ئـاسـانتـر..؟! پیـاوەکـە وتی: قـوربـان من مـردووشـۆر و گۆڕهـەڵکەنم.... ئەگەر پیاوەکە هـەر لە سـەرەتاوە بیـوتایە مردووشـۆر و گۆڕهـەڵکەنە، ئەوا تێڕوانین و ئامۆژگـارییەکانی دکتـۆریش دەگۆڕان و چیرۆکێکی هونەریی لێ دەرنەدەچوو.
ئایا ئێسـتـا ناتوانین بڵێین شـێوازی گێڕانەوە ئەگەر لە بابەتی گێڕانەوە گرنگتـر نەبێت، ئەوا بەقـەدەر ئـەو گرنگە..؟! بەڵام گوناهـی ڕۆمـاننووس چییـە، کـە خـوێنەر لە فێـڵـەکانی گـێـڕانەوە تێنـاگـات و هەندێ نـووسـەریش تێکسـتـەکـەی بە ورێنە تاوانبـار دەکـەن..؟! ئەگەرچی ورێنە لە گێڕانەوەدا گرنگییەکی زۆری هەیە، بەتایبەتی لەو ڕۆمانانەی بە ڕێگای شـەپۆلی هۆش نووسراون.

*** تێکست لەوێ لە موڵکایەتیی نووسەر دەردەچێت، وەختێک یەکەم خوێنەر دەیبینێت . . کامە تێکست لە دوای نووسینی نووسەرەکەی خۆی ناکوژێت . .؟**

ـ لێـرەدا نابێت خـۆکـوشـتن و مـردن تێکـەڵ بە یەکـدی بکەین و ناچاریشین مـاهـیـەت و باکـراوەندی ئەو خـوێنەرە لـەگـەڵ جـۆری تێـڕوانینی دەربخـەین. واتە مـەبـەسـتـمـان لە چ خـوێنـەرێکە و لە چ ناوەندێکی کـەلتووری و ڕۆشـەنبیـریدا پێگەیشـتـووە..؟! ئەو خـوێنەرە چەند تێکستی قورسـی خوێندۆتەوە..؟! چەند لە هونەری نووسـین شارەزایە..؟! بۆچی و بە چ مـەبەسـتێک دەخـوێنێتـەوە..؟! مـردن پرۆسـەیـەکی سـرووشـتـییـە و وەکـو مـەسـەلەیەکی دوالیـزمی و ئەنتـۆنیـمی پێـچـەوانەی ژیانە، بەڵام خـۆکـوشـتن پـرۆسـەیەکە کـەم و زۆر لەناو سـیـسـتـەمـێکی ئـیـرادەگـەرییـدا بەڕێوە دەچێت. خـۆکـوشـتن لە دیدی «ئـەلبـێرت کـامـۆ»وە شـێـوازێکی یـاخـیـبـوونـە و ئەنجـامی دەرککردنـی تەواوی واقـیـعـێکی دیاریکـراوە. بەڵێ،

خۆکوشتن ئەو کاتەیە، کە کێشەی نێوان خود و بابەت بە بنبەست دەگات. تێکستێک خۆی دەکوژێت، کاتێک زەمینەیەکی باشی دەستناکەوێت بۆ ژیان. لێرەدا دەبێت ئەمە لە مەسەلەی زانستی بایەلۆژیی ڕووت جیا بکەینەوە، بەوەی دەیان جۆر مرۆڤ و ئاژەڵ و باڵندە و ماسی بە مانا داروینییەکەی بەپێی یاسای مانەوە بۆ چاکترین و لە ئەنجامی نەبوونی دەوروبەری گونجاو، یان تێکچوونی ئەو دەوروبەرە لەناوچوون، واتە لەژێر جەبری واقیعدا مردن، نەک وەکو ئیرادەیەک مەرگیان هەڵبژارد. جیاوازییەکە لە مەرگە وەکو کۆ و وەکو تاک. دیارە بابەتی کێشەکەیش جیاوازە. ئەگەر باوەڕمان هێنا، کە تێکست ڕۆحی دووەمی نووسەرە، ئەوا دەبێت باوەڕ بەوەیش بێنین، کە بوونەوەرێکە و پێویستی بە ژینگەیەکی گونجاو هەیە. بەدەگمەن تێکستە جدییەکان، ئەوانەی هەڵگری کۆمەڵێک پرۆبلەماتیکی فیکری و هونەریین، ژینگەی گونجاویان دەستدەکەوێت. ئەو تێکستانە خۆیان دەکوژن، کە دژایەتیی لەگەڵ تێڕوانینی باوی واقیعدا دەهێننە کایەوە. ئەوانەی بەئاسانی خۆیان بەدەستەوە نادەن و دۆزینەوەی کۆدەکانیان پێویستی بە گەڕانە بەدوای مەعریفەی زیاتردا. بەڵام بیرت نەچێت لە ڕوانگەی «بوودا»وە ڕۆح سەرمەدییە. ئەمڕۆ لە شتێک تەواو دەبێت و سبەینێ لە شتێکی ترەوە دەست پێدەکاتەوە. ئەو مەسەلەی نێرڤانایە بۆ ئەدەبیش هەر ڕاستە. کەم نیین ئەو تێکستانەی ڕۆژگارێک وەکو مردوو حیسابیان بۆ کراوە و دواتر تا ئەبەد بەزیندوویی ماونەتەوە. کێن ئەوانەی ژیان و مردن بە تێکستێک دەبەخشن..؟! بە مانایەکی دی کێن ئەوانەی وا لە تێکستێک دەکەن ئاسوودە بژی و وا لە یەکێکی تر دەکەن خۆی بکوژێت..؟! ئێستا جارێکی تر مەسەلەی خوێنەر دێتە کایەوە. لێرەدا مەبەستمان لە خوێنەر ئەو کەسانەن، کە دەکەونە دەرەوەی نووسەری ئەو تێکستەوە. دەشێ ئەو خوێنەرە هاوکات نووسەریش بێت. هەردەم لەگەڵ چەمکی خوێنەریش، چەمکێکی تر هەیە، ئەویش چەمکی ڕەخنەیە. ئایا ئێمە خوێنەرێکی ڕەخنەگرمان هەیە، کە لە توانایدا بێت وەکو کەسێکی ئاکتیڤ تێکستەکان بخوێنێتەوە و چاوەڕێ نەبێت لە دەستی دووەمەوە حوکمەکان وەربگرێت..؟

*** یەکێک لە ڕۆماننووسە ناودارەکان دەڵێت دەبوو کارەکتەرێکی ناو ڕۆمانەکەم بکوژم، زۆرم هەوڵدا نەکوژرێ و چار نەبوو، هەر دەبوو بکوژرابایە.. دواجار کوشتم، بەڵام چەند ڕۆژێک بۆی گریام. تۆ باوەڕت وایە ئەم ڕاستگۆییە لەوەوە هاتووە، کە ڕۆماننووس کۆنترۆڵی خۆی لە دەست دەدات، یان ئەوە کارەکتەرەکانن، کە وەکو سرووشتی خۆیان ناچنە ژێر ڕکێفی نووسەرەوە..؟**

ـ نازانم ئەو ڕۆمـاننووسـە کـێیـە، بەڵام من خـۆشم لە گەرمـەی نووسـینی ڕۆمـانی «ئای لەڤیلیا لەڤیلیا..!!»دا کاتێ دەمویست یەکێ لە کارەکتەرەکانم بکوژم، حاڵەتێکی ئاوام بۆ پێش هـات. لەو چاوپێکەوتنەمـدا، کـە گـۆڤـاری «ڕامـان» سێ سـاڵ لەمـەوبەر لەگـەڵیـدا کـردووم، ئاماژەم پێی داوە. لەوێدا وتوومـە لای من مـردن پێش ئەوەی هـەر شـتـێک بێت، کارێکی هـونەرییە. ئێستایش وەکو ئەوسا دەڵێم مـەرگ بەو هـەموو قورساییـەی خۆیەوە و بەو فـەزا دراماتیکیـیـەی دەیهـێنێـتـە کـایەوە، هیچ کـاتێک کـۆتایی نیـیـە، بەڵکو دەسـتـپـێکردنەوەیەکی دیکەیە بە شـێـوازێکی جیـاوازتر. ئەمـەش ئەو جیـاوازییـەیە، کـە دەمـەوێ لەنێـوان ناوی «مـردن» و لەو کـردارەی لە چاوگی «کـوشـتن»دا وەردەگـیـرێت، بیدۆزمـەوە. مەبەستمە بڵێم ئەو کردارە لەژێر دەستەڵاتی گراماتیکدا دەرچووە و لە ڕووی لۆژیکیشـەوە ئەرکی ڕاسـتـەقـینەی خـۆی لە دەست داوە. ڕوونتـر ئـەو ڕۆحـانەی لەناو تێکستدا دەکوژرێن، ناوی مردوویان بەسەردا ناسەپێت، بەڵکو لەناو فەزایەکی بێسنووردا بۆ شتی تر دەگۆڕێن.. «ماکس فیبەر»یش لە محازەرەی «زانست بەو مانایەی بانگەواز و پیشـەیە»دا دەڵێت: «مردن بۆ مرۆڤی مۆدێرن، مرۆڤی کەلتوور، هیچ مانایەک نابەخشێت، چونکە ژیانی ئەو غەرقی پێشکەوتن و سەرمەدییەتە.... ناکرێت ژیانێکی ئاواهی کۆتایی هەبێت..... کـەسـێک نیـیـە لەوانە بگاتە لووتکە، چونکە ئەو لووتکەیە تەنهـا لە فـەزای بێسنووردا بوونی هـەیە.... ئیبراهیم خـەلیل، یاخود جوتیارەکانی ڕابردوو دوای ئەوەی لە ژیان تێـر بوون، ئینجـا مـردن، چونکە ئەوان لە چوارچێـوەی ژیانی ئۆرگـانیکیـدا دەیانگوزەراند.. ئەم ژیانەش لە کۆتاییی تەمەنیاندا هـەموو مانایەکی پێ دەبەخشین و هیچ لوغزێکیان لە بەردەمدا نەدەمایەوە، تا هەڵیبێنن». بەهەر حاڵ ئەم پرسیارەت تەواوکەری پرسـیـاری پێـشـووتە. من پێم وایە ئەوەی مـافی خـولْقـاندنی ڕۆحـێکی هـەبێت، مـافی ئەوەیشی هەیە بیکوژێت، بەچاوپۆشین لەوەی چی ناچاری دەکات و چ ئازارێک دەچێژێت. بەڵێ، ئەگەر خەڵقکردن، هونەرێک بێت، ئەوا کوشتنیش هونەرێکی ترە. ئەو کوشتنەیش، کە لەلایەن نووسـەرەوە دێتە کایەوە، پرۆسـەیەکی جیاوازە لەو پرۆسـەیەی، کە لە دەرەوەدا، واتە لەلای خوێنەرەوە جێبەجێ دەکرێت، وەکو لە وەڵامی پرسیاری پێشووتدا ئاماژەم پێی دا. تۆ کارەکتەرێک دەکوژی، تا جیاوازییەک بێنیتە گۆڕێ. تا کۆمەڵێک تێڕوانینی ناکۆک ناکۆک لەمەڕ مەرگ و ژیانەوە پیشان بدەیت. تا کێشەی نێوان خود و بابەت بورژێنیت. تا گـرنگیی بوونی ئەو کـارەکـتـەرە لای خـوێنـەران ئاشکرا بکەیت. من سـەرنجت بۆ بەرهەمـەکانی خـۆم ڕادەکێشم، بەوەی کارەکتـەرەکانم دوای ئەوەی دەمرن، ئینجا زیاتر لەناو تێکستەکەدا ئاکتیڤ دەبن، چونکە لە گێڕانەوەدا کرۆنۆلۆژیا هیچ بایەخێکی نییە،

بگرە زاڵبوون بەسەر دەستەڵاتی ئەو کرۆنۆلۆژیایە، هەر خۆی سڕینەوەی سنوورەکانە لەنێوان ژیان و مەرگی کارەکتەرەکاندا، بەڵام من کە بۆیان دەگریم، لەبەر ئەوەیە لە پشت ئەو پرۆسیسە هونەرییەوە، کە دەبێت بەناچاری ئەنجام بدرێت، دنیایەکی ترم لێ دیارە، کە بەلای خوێنەرەوە جۆرێکە لە غەیب. لە سەرجەمی ئەمانەدا دەمەوێ پێت بڵێم پرۆسەی کوشتن لای من ئارەزوویێک نییە، بەڵکو ملکەچییە بۆ دەستەڵاتێکی هونەری. واتە مەرگ لەناوەوەی کارەکتەردا ڕوو دەدات، نەک لە دەرەوەی. سەرەتای ژیانمی لێ دەربچێت، ئەگینا هەرگیز بیرم نایە هیچ کارەکتەرێکم لەپێناوی خۆشەویستکردنی مەسەلەیەکی ئایدۆلۆژی گیانی لە دەست دابێت.

*** هەست ناکەیت زۆر جار چیرۆکبێژ لە ڕۆمان و چیرۆکیشدا خودی نووسەر خۆی بێت، بەوەی قودرەتێکی ئیلاهی هەیە بەسەر ڕووداوەکان و وردەکارییەکانی ناو چیرۆکەکەدا، یان بە جۆرێکی تر کارەکتەری سەرەکی و چیرۆکبێژ و نووسەر هەر یەکێک بن بەتایبەتی لای ئەوانەی یەکەم ڕۆمانیان نووسیوە..؟**

ـ بەڵێ، ڕێک وایە، بۆیە «جیمس جۆیس» دەڵێت: «ڕۆماننووس تەنها یەک ڕۆمان دەنووسێت». واتە ئەوانەی تر تەواوکەری ئەوەی یەکەمن. من پێم وایە ئەوەی جیاوازیی نووسینی نووسەرێک لەگەڵ نووسینێکی تریدا دێنێتە کایەوە، ئەو گۆڕانەن، کە بەسەر کات و شوێن و حاڵەتە سایکۆلۆژییەکانیدا دێن. دیارە ئەوانە بەشێوەیەکی ڕێژەیی کار لە نووسەر دەکەن. مەبەستم ئەوەیە مەرج نییە بە یەک ئاڕاستە و بە یەک ڕادە کار لە هەموو نووسەرێک بکەن. نووسینیش وەکو «سیگمۆند فرۆید» بۆی دەچێت ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوەی نووسەرەکەیە، نەک ئەزموونی ڕاستەقینەی ژیانی. واتە نووسەر بەشێک لە خەیاڵەکانی خۆی بە ئێمە دەڵێت. بێجگە لەوەی لە ڕێگەی سومبولەکانەوە کۆمەڵێک تەمومژی بەدەوردا دەخولقێنێت، ئەوا تا بۆشی بکرێت لە خۆی دووری دەخاتەوە. بۆ نموونە ئەو نووسەرەی کچی یان کوڕی شارە و باس لە جوتیارەکان دەکات، مەرج نییە حەزی لە لادێ بێت، بەڵکو مەبەستیەتی خوێنەر چاوبەست بکات و بە نهێنییەکانی نەزانێت. هەر بۆیە «لۆسیان گۆڵدمان» باوەڕی بەوە نییە تێکستی ئەدەبی تەنها لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە بخوێندرێتەوە، چونکە یەکێک لەو هۆیانەی ڕێگرە لەوەی ئەو پرۆسەیە بەچاکی بەڕێوە بچێت، ئەوەیە کە ئێمە ناتوانین زانیارییەکی زۆر لەبارەی ژیانی ڕاستەقینەی نووسەرەوە بەدەستبهێنین. کارەکتەری سەرەکی ئەگەرچی سەرەتا لای نووسەر خۆشەویستە، بەوەی دەبێتە بەربەستێک لەنێوان «ئیگۆ»ی ئەم و هێرشی

دەوروبەر، واتە هەمـوو ئارەزووەکـانی نووسـەر دەخـاتە ئەسـتـۆی خـۆیەوە و دواجـار ئەوە لەجـیـاتی نووسـەر ڕیسـوا دەبێت، بـەڵام هێندەی پێ ناچێت وەکو دوژمن دێتـە بەرچاوی، چونکە جێگای ئەو داگیر دەکات و بیرۆکەکانی دەشێوێنێت. کۆنترۆڵی دەکات و ناهێڵێت بە ئازادی و ڕاشکاوانە هەست و ئارەزووکـانی دەربڕێت. ئێسـتـا نووسـەر ئەوەندە هەڵپـەی ئەوەی نییە تێکسـتـێکی تر بنووسێت، بـەقەدەر ئەوەی مـەبەسـتیـەتـی شوێنی ڕاسـتەقینەی خۆی وەربـگـرێتەوە. گـەرەکیـەتی ئازادییە زەوتکراوەکـانی بەدەستـبـهێنێتـەوە، بەڵام تووشی هـەمـــان تـرس و دڵەڕاوکـێ دەبێـــتـــەوە و نـاچارە کـــارەکـــتـــەرێکی تـر و دوان و دەی تر بخولقێنێت. بە مانایەکی دی کۆمەڵێک تێکسـتی تر بنووسێت. با مەسـەلەکە لە ئاسـتـێکی تر و بە ئاڕاسـتـەیەکی تردا بـخـوێنینەوە. پەیوەندیی نێوان کـارەکـتـەر و نووسـەر بە دوو شێوەیە. یەکەمیان ئەوەی، کە نووسـەر دەیەوێت لە ڕێگەی ئەو کارەکتەرەوە تەعبیر لە شتە حەرامەکان بکات. ئەو میکانیزمە لە سایکۆلۆژیادا بە «Projection » ناسراوە. شێوازێکی پاســاوهێـنانـەوەیە بە مـــەبەســـتی بـەرگـــریکردن لـە خـــود. نووسـّـەر هـەمـــوو ڕەفـتـــارە ناپەســەندەکـانی خـۆی، ئـەوانەی کـۆمـەڵگا بە تابوویان دەزانـێت، دەخـاتە ئەسـتـۆی ئەو کارەکـتـەرەوە. ئەمـە لەو حـاڵەتەی، کـە نووسـەر کـارەکتـەری نێگەتیڤ دەخـولقێنێت، ئەو کارەکتەرەی گوێ بە ترادشیۆنەکان نادات. ئەمەیان لە ئەدەبی ئێمەدا هەر زۆر زۆر کەمە. بەڵام بە لاکەی تردا، واتە لە حاڵەتی دەرخستنی کارەکتەری پۆزەتیڤدا، ئەوەی پەیڕەوی دابونەریتـە باوەکـانی کـۆمـەڵگا دەکـات، ئەمـەیان لە سـایکۆلۆژیادا خـۆی لەمـیکانیـزمی کـــاردانەوەی پێـــچـــەوانە «Reaction Formation» و بەرزگــەرایی «Sublimation»دا دەبینێتـەوە. ئەو دوو میکانیزمـە، ئەگەرچی هەندێک لە یەکتر جیاوازن، بەڵام لە زۆر شـتدا وەکو یەکن. یەکـەمـیـان ئەوەیە مرۆڤ، دیارە لێـرەدا مـەبەسـتـمـان کـارەکـتـەری ئەدەبییـە، بەشـێـوەیەکی جـیـاواز سـیـفـەتەکانی خـۆی پیـشـان دەدات. بۆ نموونە پیسکەیەک وەکو بەخـشـنـدەیەک، یان ترسـنـۆکـێک وەکـو ئازا خـۆیمان پێ دەنـاسـێنێت. ئەمـە لـە ئەنجـامی دڵەڕاوکێوە دێتە کایەوە. دووەمـیان کاتێ مرۆڤ، دیسان مەبەستمان کارەکتەری ئەدەبییە، ناتوانێت ئارەزووەکـانی لـە واقیـعدا جێبـەجێ بکات، بەتـایبـەتی ئارەزووی سێکسی، ئەوا ناچار دەیانـگـۆڕێتـەوە بۆ چـەند ئارەزووێکی تری وەکـو وەرزش و خـوێندنەوە، کـە لە ڕووی کۆمـەڵایەتییـەوە پەسەندن.. ئەو شـێوە کـارەکتەرە، واتە ئەوانەی بـەپێی ئەو دوو میکانیـزمە بەڕێـوە دەچن، لە ئەدەبی ئێـمـــەدا زۆر زۆرن. بەتایبـەتـی لەو تێکسـتـــانەی بەمـــەبەســـتی ئایدۆلۆژی و ئاینی نووسـراون. ئەوانـەیش، کە ڕەچاوی کۆنترۆڵی کۆمـەڵایەتی دەکـەن.. بۆ نموونە کـارەکتـەرە سـەرەکییـەکـانی «سـەلاح عـومـەر» هـەمـیـشـە چاکـەخوازن. زوڵم لە کـەس

ناکەن و بەردەوام لە لایەن ئەوانی ترەوە دەچەوسێنەوە. هەموو خەتایەک لەسەر خۆیان لادەبەن و دەیانخەنە ئەستۆی ئەم و ئەوەوە. تا بۆیان بکرێت خۆیان لەگەڵ دابونەریتەکاندا دەگونجێنن. نوێژ دەکەن، دوعا دەخوێنن. یارمەتیی لێقەوماوانی دیکەی وەک خۆیان دەدەن. ئەمەش وای کردووە زمانێکی شەفاف، ئەو زمانەی هەر کەسێکی تری ئاسایی کەلتوری کوردی پێی دەدوێ، بەکاربهێنن. سەیر نییە ئەگەر لەسەر زمانیان گوێمان لە دەیان پەند و ئیدیۆم و ئامۆژگاری بێت. ئەگەرچی «سەلاح عومەر» لەم ساڵانەی دواییدا، بەتایبەتی دوای دەرچوونی یەک دوو ڕۆمانی جیاوازی کوردی، گۆڕانکاریی لەو شێوە زمانەیدا کردووە، بەڵام هێشتا تەواو دەستەبەرداری نەبووە. «شێرزاد حەسەن» هەر لە سەرەتاوە کارەکتەری نێگەتیڤی هێناوەتە ناو چیرۆکەکانی، بەڵام ئەویش لە ڕۆمانەکانیدا بەتایبەتی لە «تەمی سەر خەرەند»دا بە هەندێ جیاوازی لەگەڵ «سەلاح عومەر»دا زۆر پاساو بۆ بێگوناهی و پاکیی کارەکتەرە سەرەکییەکانی دەهێنێتەوە. لای «بەختیار عەلی» مەسەلەکە بەو سادەییە نییە، بەتایبەتی لە «مەرگی تاقانەی دووەم»دا. جۆرێک دژایەتی هەیە لەنێوان نووسەر و هەر یەکێک لە کارەکتەرەکانیدا. ئەمەیش وای کردووە کۆمەڵێ دەنگی جیاواز خۆیان دەربخەن و زیاتر لە ئەتمۆسفێرێکیش بەدی بکەین، کە بە ڕای من ئەمە گرنگترین شتی ناو ئەو ڕۆمانەیە. ڕۆمانی «دنیا لە کتێبێکدا»ی «جەبار جەمال غەریب»یش لەم ڕووەوە هەوڵێکی باشە. «ئەندێشەی مرۆڤێک»ی «حسێن عارف»، کە لە نیوەی دووەمی هەشتاکاندا نووسراوە پێچەوانەی ڕۆمانی «شار»، نموونەیەکی دیارە لە خوڵقاندنی کارەکتەری دژ. ئەو ڕۆمانە ئەگەرچی زۆر کەم بۆتە جێگای مشتومڕ، بەڵام هێزی تەکنیک و شێوازی گێڕانەوەی بێوێنەن.

*** ڕۆمان لە ئەدەبی کوردییدا هێشتا نوێیە و لە دەرەوەیش شەپۆلێک هەیە باس لە مەرگی ڕۆمان دەکات.. لات وایە ئەم ژانرە لای ئێمەیش تووشی ئەم مەرگە ناوەختە ببێت..؟ ئەگەر وابوو ئەوا ڕۆمانی کوردی تا ئێستا چی خستۆتە سەر جیهانبینیی ئێمە..؟**

ـ لە میانەی وەڵامی پرسیارەکانی پێشوودا کەم و زۆر لە دیدگای تایبەتیی خۆمەوە باسم لە ڕۆمانی کوردی کرد. ئەوەی ماوەتەوە لێرەدا هەر لە دیدگای تایبەتیی خۆمەوە بیڵێم ئەوەیە، کە ڕۆمانی کوردی جۆرێک ئاسانکاریی هێناوەتە گۆڕێ و خوێنەری لەسەر گوێگرتن ڕاهێناوە. دیارە کە وا دەڵێم، لە بیرمە یەک دوو ڕۆماننووسی بەهرەمەندیشمان هەن. ڕۆماننووسی کورد بەپێچەوانەی «بۆرخیس»ەوە، کە ڕێگومکە «Maze»ی دەخوڵقاند و چێژی لە ریسکەکاندا دەبینی، ئەو خۆی لە ڕێگومکەکان لادەدات و حەزی لە

مەترسییەکان نییە. ترسێکی گەورەی لە تێکشکان و ڕیسوابوونە، بۆیە هەمیشە بەدوای ئەوەوەیە سەرکەوتوو بێت. ئەو میکانیزمی بەرزگەراییە ڕۆماننووسی ئێمەی کردۆتە پیاوچاکێک و کارەکتەرەکانی وەکو کەسانێکی دانەبڕاوی کەلتوری کوردی دەردەخات. هەرگیز ڕێگایان پێ نادات وەکو «دۆنکیخۆت»ی «سێرڤانتس» بە تێکشکاوی و بە ڕیسوایی بۆ ناو ئاوەدانی بگەڕێنەوە. ئەو ئاشی بایەی «دۆنکیخۆت» بەگژیدا چوو، کە ئەمڕۆ گۆڕاوە بۆ دەستەڵاتی خێزان و قوتابخانە و مزگەوت و دامودەزگاکانی دەوڵەت، هیچ کێشەیەک لەگەڵ ئەو کارەکتەرە ناهێننە کایەوە، بگرە جۆرێک تەماهیی لەگەڵدا کردوون. ڕۆمانی کوردی لە سەرجەمدا گوتارێکی پۆتێنسی «Potency» فحولی»ی خولقاندووە، بەوەی تا ئێستایش ڕەگەزی پیاو بەهەمان شێوەی پیاوی ناو واقیعی کەلتووری کوردی، هەڵسوڕێنەری تێکڕای ڕووداوەکانە و هەموو ئەنجامەکانیش بەپێی خواستەکانی ئەو تەواو دەبن. ئەمانەییش بەشێکیان لەوەوە هاتوون، کە ڕۆماننووسی کورد ڕۆشنبیرییەکی فرەلایەنی نییە. تا ئێستا زۆر زۆر بەدەگمەن ڕێککەوتووە بیرۆکەکانی ڕۆمانێکی کوردی لە تێڕوانینی فەیلەسووفێکەوە نزیک بن، یاخود پاڵیان پێوە نابن لە فەلسەفەوە، یان لەناو تیۆرەکانی سایکۆلۆژیا و سۆسیۆلۆژیا و کایەکانی تردا بۆ کردنەوەی کۆدەکانیان بگەڕێن، بەڵکو هەمیشە دەمانبەنەوە ناو واقیعی باوی ژیانی ئاشکرای خۆمان. ئەوەندەی شتەکانی خۆمانمان بەبیر دەهێننەوە، ئەوەندە ناچارمان ناکەن بەدوای نهێنی و لوغزی کەسانێکی جیاوازدا بگەڕێین. ئەمانەیش هەندێ ڕستەی ئامادەی وەکو «خۆمم تێدا بینیەوە» و «دەتوانین هەموو موعانەتەکانی نەتەوەکەمانی تێدا ببینین» و چەندانی تری لەو بابەتەیان خستۆتە ناو لێکۆڵینەوەکانەوە. ڕۆماننووسی ئێمە دەتوانێت سەرجەمی ڕۆمانی خۆی بۆ خوێنێتەر بخوێنێتەوە و هیچ کێشەیەکی تێگەیشتنی لا دروست نەکات. «سەلیم بەرەکات» و «شێرزاد حەسەن» دوو ڕۆماننووسی کوردن. ئەمیان بە عەرەبی دەنووسێت و ئەویان بە کوردی. ئاسان نییە لای «سەلیم بەرەکات» لە دێڕێکەوە بگەیتە دێڕێکی تر. وردەکارییەکان ناهێڵن بەئاسانی تێبپەڕیت. ئەو زمانە ڕاتدەگرێت.. لەناو ڕێگومکەکاندا ون دەبیت و نازانی بە چ ئاڕاستەیەکدا دەڕۆیت.. هەرگیز ڕێک ناکەوێت خوێنەر بتوانێت بیرۆکەکانی ڕۆمانی «سەلیم بەرەکات» کورت بکاتە و بۆ کەسێکی تری بگێڕێتەوە، چونکە «بەرەکات» بەهەمان شێوەی «بەختیار عەلی» تێگەیشتن بە جۆرێک لە داگیرکردن دەزانێت. داگیرکردنیش واتە کوشتنی هەموو بەها هونەرییەکانی ناو تێکست.. بەڵام دڵنیام «شێرزاد حەسەن» لە کۆڕێکدا «تەمی سەر خەرەند»ی خۆی بخوێنێتەوە، زۆربەی گوێگران بێ هیچ تەنگوچەڵەمەیەک لێی تێدەگەن.

بەڵێ، ئەو چیرۆکنووسەمان لە کورێکدا چیرۆکێکی درێژی خۆی خوێندۆتەوە، پێش ئەوەی بڵاوی بکاتەوە، برادەرێک لێکۆڵینەوەیەکی دوورودرێژی لەبارەیەوە نووسیوە. ئایا ئەمە کارەسات نییە..؟! من بۆیە «شێرزاد حەسەن» بە نموونە دەهێنمەوە، چونکە چیرۆکنووسێکی باشی ئەمڕۆمانە و تا ئێستا تەنیا بەلایە پۆزەتیڤەکەیدا خوێندراوەتەوە. من لێرەدا تەنها مەبەستم ئەوەیە، کە من زۆر بەئاسانی لە چیرۆک و ڕۆمانەکانی «شێرزاد حەسەن» تێدەگەم، چ وەکو کارەکتەر چ وەکو ڕووداو چ وەکو زەمەن و چ وەکو تەکنیکی خوڵقاندنی پەیوەندیی نێوانیشیان. تا ئێستایش هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی لە بارەی ئەدەبی ئەو چیرۆکنووسە بەهەرەمەندەشمان نووسراون، بەلای شێوازی نووسینیدا نەچوون. لەیەکچوونی تێکستەکان یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی کوردی.. دیارە لێرەدا مەبەستم لەیەکچوونی دیدگایە، نەک ڕووداو و کارەکتەر و شتەکانی تر. ڕۆمان، کە وەکو پێشتر وتمان بەرهەمی شارستانیەتی ڕۆژئاوایە، ڕۆماننووسی کورد هەوڵی داوە بە شێوازی گێڕانەوەی هەقایەتی کوردەواری مامەڵەی لەگەڵدا بکات، ئینجا چونکە هەقایەتی کوردی ستـرەکچەرێکی لاوازی هەیە، ئەوا ناتوانێت هیچ وزەیەکی پێ ببەخشێت و تایبەتمەندێتیی بۆ بخوڵقێنێت، بگرە هەموو ڕەمزییەتەکانی دەکوژێت. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو شێوازە هەقایەتییە ئەوەیە، کە کارەکتەر دەبێت سادە و ڕووداو تەواو بێت. ئەمەیش خوێنەرێکی پاسیڤی خوڵقاندووە. «مارکیز» سەرەتا لەژێر کاریگەرێتیی «فۆکنەر»دا دەینووسی، بەڵام چونکە گێڕانەوە لە فۆلکلۆری ئەمەریکای لاتیندا خاوەنی جۆرێک لە دەستەڵاتی هونەری بوو، ئەوا ئەدەبی ڕۆمان لای «مارکیز» و زۆربەی ڕۆماننووسانی ئەوێ فۆرمێکی باشتری دەستکەوت. نووسەری ئێمە نەیتوانیوە خۆی لە دەستەڵاتی ئەو هەقایەتە ڕزگار بکات، بەڵکو ئەو تەکنیکانەیش، کە بەرهەمی دەرکەوتنی تەنکەنەلۆژیای ڕۆژئاوان، ئەم دەیانهێنێتە سەر ئاستی ئەو شێوازی هەقایەتییە و بەئەقڵی مانیفاکتۆریانە بەکاریاندەهێنێت. بۆ نموونە ئەو شێوازەی، کە پێی دەوترێت «التداعی الحر» «Free Association» و لە سەرەتای سەدەی پێشووەوە لەسەر دەستی ڕۆماننووسانی وەکو «جیمس جۆیس» و «فرجینا ولف» و هەندێکی تردا هاتە کایەوە، ئەوە سی ساڵ زیاترە گەیشتۆتە ئێمەیش، بەڵام بەشێوە هەرە سادەکەی، بەو شێوەیەی، کە لەگەڵ بنەمای هەقایەتی خۆماڵی دژایەتی ناهێنێتە گۆڕێ.. ڕستەکانی چیرۆک و ڕۆمانی ئێمە لە ڕووی گراماتیک و لۆژیکەوە تەواون. لێرەدا مەبەستم ئەوەیە نووسەران پەیڕەوی گراماتیکیان کردووە، نەک چاک بەکاریانهێناوە.. بیرۆکەکان هەمان ئەندازەی ئەو وشانەیان هەن، کە ڕستەیەک پێکدەهێنن. لە ڕستەشدا کردار گرنگترین

شتە، بۆیە تێکستی چیرۆک و ڕۆمان تەنها یەک ئاڕاستەی ئاسۆییان هەیە، کە بەردەوام خوێنەر بەسەر ڕێگایەکی فلاتدا دەبەن و ناهێڵن بەملا و بەولادا بچێت. واتە نووسەر لە هەوڵی بەردەوام دایە، کە ڕێنومایی خوێنەر بکات و بیرۆکەکانی خۆی بەسەردا بسەپێنێت، هەر بۆیە لە کۆتاییدا یەک جۆر خوێنەرمان هەیە و ئەو خوێنەرەیش ئەوەندەی نووسەر بێ کەم و زیاد بە دنیای ئەو تێکستە ئاشنایە. زەمەنیش هەر ئەو زەمەنەیە، کە ئەو ڕستەیە لە درێژەی تێکستەکەدا دەریدەخات. گێڕەوەر «Narrator»ێک هەیە ئاگای لە تەواوی ژیانی کارەکتەرە سەرەکییەکەیە و بەزمانێکی شەفاف و پڕ لە ئاگایی کەم کەم هەموویمان بۆ دەگێڕێتەوە. لەسەرەتاوە تا کۆتایی کۆنترۆڵمان دەکات و تەنها وەکو گوێگر بەکارماندەهێنێت. «زاهیر ڕۆژبەیانی» ناو لەو شێوازە دەنێت «مۆنتاژی میکانیکی» و وەکو تەکنیکێکی سادەش دەیناسێنێت. زۆربەی ئەدەبی «شێرزاد حەسەن» بەم شێوازە نووسراوە. مەبەستم ئەوەیە، کە لە هەموو چیرۆک و ڕۆمانەکانیدا گێڕەوەر ئەرکی بنیاتنانی پرد دەبینێت، بۆئەوەی خوێنەر بەئاسانی لە ڕووداوێکەوە بگەیەنێتە ڕووداوێکی تر، کە زۆربەی کاتیش ئەو ڕووداوانە بەشێوەیەکی کرۆنۆلۆژی دەردەخرێن. ئەوەندە هەیە گێڕەوەر لە پێش ئێمەوە ئەو زانیارییانەی پێ گەیشتووە و ئەویش بە ئێمەیان ڕادەگەیەنێت. ڕاستە ئەو ڕووداوانە سەرنجڕاکێشن، پڕن لە بوێری، بەڵام ئێمە ئێستا باسمان لە لایەنی هەونەرییە. ئەو ڕایانەم ئەوەم لەبیر نابەنەوە، کە «شێرزاد حەسەن» لە هەندێ ڕووی ترەوە گۆڕانکاریی گەورەی لە چیرۆکی کوریدا کردووە. نابێ هەموو خەتاکان بخەینە ئەستۆی ڕۆماننووسانەوە، بەڵکو زۆربەی ئەو نووسەرانەیش بێگوناه نین، کە لەبارەی ڕۆمانی کوردییەوە دەنووسن. تۆ بڕوانە ئەوە زیاتر لە دە ساڵە ڕۆمانی کوردی بووەتە بابەتی لێکوڵینەوە، کەچی تا ئێستایش چەمکەکانی وەکو کارەکتەر و ڕووداو و زمان و کات و شوێن و گێڕانەوە و زۆر شتی تر بەهەمان سادەیی جاران ماونەتەوە. ئایا سبەینێ کاتێ «توانا ئەمین» دەیەوێت باسێک لە بارەی ڕۆمانەوە بنووسێت، دەتوانێت ئیش بەو نووسینانە بکات، کە بەردەوام لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانماندا بڵاو دەبنەوە و ڕۆمانەکان هەڵدەسەنگێنن..؟! ئایا ئەو نووسینانە توانیویانە کار لە دیدگای ڕۆماننووسی ئێمە بکەن..؟! ئایا توانیویانە خوێنەرێکی جدیی ڕۆمان پێبگەیەنن..؟! ئەگەر وەڵامی ئەو پرسیارانە نەخێرن، کەواتە نابێت ئەو نووسینانە ببنە پێوەرێک بۆ چاکیی ئەم ڕۆمان و خراپیی ئەو ڕۆمان. زۆربەی ئەو نووسەرانە، ناڵێم هەموویان، هەندێ ڕۆمانی زۆر سادەیان لێمان کردۆتە شاکار و لە چاکترین حاڵەتدا جارێکی دی ڕووداوەکانیان بۆ گێڕاوینەتەوە. ئەو نووسینانە بۆ ڕۆماننووسی ئاساننووس

بەلەزەتترین خۆراکن بۆ بەرھەمھێناوەی ڕۆمانی ساکار و بەردەوامبوونی لەسەر یەک ستایلی دیاریکراو. کاتێ ئەو ڕایانە دەردەبڕم، دەشزانم لەم ڕووەوە کەمێک ھەوڵی جوانمان ھەیە. دەتوانم تەنھا بۆ نموونە، نەک بۆ مەبەستێکی تر، ھەوڵەکانی «ئازاد سوبحی» و «سەمەد ئەحمەد» و «عەبدولموتەڵیب عەبدوللا» و «نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد» و «نیھاد جامی» و بەبیر خۆم بھێنمەوە. بەوپەڕی دڵنیاییەوە دەڵێم ھەر خوێنەرێکی ئاسایی، ئەگەر ئەو وەھمە نەبێت، کە پێی وایە وشەی نووسەر لە دنیایەکی ترەوە ھاتووە، ئەوا دەتوانێت وەکو زۆربەی ئەو ڕۆمانانەی ئێمە بنووسێت. خۆ دەرکەوتووە ئەو پێشمەرگە و کادیرانەی ژیاننامەی خۆیانیان نووسیوەتەوە، بە دەیان قات لەو ڕۆماننووسانە بەھرەمەندترن. چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی ئێمە لە گفتوگۆکاندا ھەرگیز بەلای شێوازی نووسیندا ناچن. ئەوان دەڵێن لە فلان سەردەم و لە فلان شوێندا چیرۆک و ڕۆمان بۆ یەکەمین جار لە دایک بوون. لەملا ڕۆمانی ئینگلیزیمان ھەیە و لەولاش ڕۆمانی فەرەنسی. کوردیش بۆتە خاوەنی چیرۆک و ڕۆمانی خۆی. لەگەڵ دەیان قسەی تری لەم بابەتە. ئەمەش زۆر ئاسانە. ھەر کەسێ ئەو گۆڤار و کتێبانەی ھەبێت، کە لە پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا دەرچوون، دەتوانێت ئەم گوتانەیان لەبەر بنووسێتەوە. بۆئەوەی خوێنەر بزانێت ئێمە چۆن لەو ھونەرە تێگەیشتووین، دەبێت بۆی بدوێین. بەھەرحاڵ ئەمە تێگەیشتنی منە بۆ شێوازی نووسینی ڕۆمان. ماوەتەوە بڵێم ڕۆمانی کوردی نەیتوانیوە ھیچ پرۆبلەماتیکێک بەرھەم بھێنێت و ڕێگای بۆ خوێندنەوەی جیا جیا خۆش نەکردووە. کەواتە دوورە لە ھەموو مەترسییەکی نەخۆشی و لەناوچوون. پێم وایە ھێشتا ماویەتی ئێمە باس لە قەیرانی ڕۆمانی خۆمان بکەین، چونکە ھەموو کێشەکان لە ژیانەوە دەست پێدەکەن. ئەو یەک دوو ڕۆمانەی، کە ناچنە ناو ئەو سادەکارییەشەوە، ناتوانن ئەو بۆشاییە گەورەیەمان بۆ پڕبکەنەوە. ئێمە کاتێ ڕۆمان دەنووسین خۆمان لەبەردەم سێڕیانێکدا دەبینینەوە، ئایا ڕۆمان بنووسین وەکو ئەوەی ڕۆماننووسان لە دەرەوەی ئێمەدا دەینووسن.. مەبەستم لاساییکردنەوە نییە و ئەو ڕۆماننووسانەیش دەڵێم، کە گۆڕانیان لەو ئەدەبەدا کردووە.. یان ڕۆمانی کوردی بنووسین، کە تا ئەم ساتەیش نەمانتوانیوە لە ڕەگەزی ھەقایەت جیای بکەینەوە. یان ھەوڵی پێکھێنانی گوتارێکی تری ڕۆمان بدەین.. دیارە لێرەدا مەبەستم شێوازی نووسینە، نەک بابەتی نووسین، کە لە نووسەرێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت. من ئەو پرسیارە ئاوا بەکراوەیی جێدەھێڵم.